
ڕۆمان

# ئەمشەو عەشق کۆتایی دێت



- نووسینی: روح... حدادی پور
- وەرگێڕانی: فواد کـــەولۆسی

چاپی چوارەم

2009

Scanned with CamScanner




Scanned with CamScanner

**پێشکەشە :**

- بە تۆ........کە فێری عەشقی ڕاستەقینەت کردم.
- بەو شەوانەی کە خەونی ڕازاوەت پێوە دەبینم و دەبێتەوە بەو هیوایەی کە ژیانم لاشیرینتر دەکات.

Scanned with CamScanner

ساڵەکانی پێش ڕاپەڕینی ئیسلامی ئێران بوو، ناسر پیاوی خێزانێک بوو کەلە شەش کەس پێک هاتبوو، ئەو خێزانە لەدنیادا جگە لەبەختیاری‌و کامەرانی شتێکیان لەسەروەت و سامان و ماڵی دنیا کەم نەبوو، ماڵێکی جوان‌و ڕازاوە، پڕلە کاڵاو شت و مەکی گرانبەها، کۆشکێکی فراوان و جوان، لەبناری دارستانە دڵڕفێنەکەی گەیلاندابوو، بەڵام ئەمانە بەتەنها بۆخودی ناسر خۆی بوو، خێزانەکەی لەهەموو ساتێکدا لە چەرمەسەری و کولەمەرگیدا دەژیان، ناسر پیاوێکی ڕەوشت نزم و خراپەکاربوو، هەمیشە سامانەکەی بۆمەی نۆشین و ڕابواردنی خۆی سەرف دەکرد، لەگەڵ ئەو هەموو خۆشی و ڕابواردنەیدا هاوسەرەکەیی و چوار منداڵەکەی ناچار بوون وەك هەژارو کەم دەستەکان بژین.

ژیانی ئەوان تورەییە بێهۆکانی ناسر چەتری ڕەشی لەسەر هەڵدابوو، ئارەزویان دەکرد ناسر مانگی جارێکیش بۆماڵ نەگەڕێتەوە، هەمو ڕۆژێك سەرو سەدای ئەو ماڵەکەی پڕدەکردوو ئارامی لەخێزانەکەی دەشێواند، ژیانی ئەوان بەم شێوەیە بەڕێ دەچوو، کاتێك بەیانی لەخەوهەڵدەستا دەبوو شانازخانم جێگای قومارو خواردنەوە بۆناسرو هاوەڵە بەدڕەوشتەکانی ئامادەبکات،

هەرکاتێك ناسر لەسەر مێزی قومار براوە دەبوو شادی بەتەنها بۆخۆیی و هاوەڵەکانی بوو، هەرکاتێکیش دەیدۆڕاند ڕق و قینی خۆی بەرەو ڕوی شانازو منداڵەکانی دەکردەوە.

لەڕێگەی کاری نادروستەوە سامانێکی زۆری بەدەست هێنابوو، لەگەڵ ئەوەشدا بەهەزار منەت و شاباش خەرجی بە خیزانەکەی دەدا، ئەو تەنهاو تەنها لەبەر کامەرانی و خۆشی خۆی پارەی بەدەست دەهێنا، هەرکاتێك بەرەو ماڵ دەگەڕایەوە مەست و خەواڵو لەسەر تەختە خەوەکەی درێژ دەبوو، هەرکات شانازخانم لەبارەی کارەکانیەوە ئاگاداری دەکردەوە، وەڵامی بەدارکاری دەدایەوەو جوێن و قسەی ناشیرینی ئاراستەدەکرد.

شاناز هەموو دڵێکی بەو چوار منداڵەی خۆش بوو، بێژەن و فەردین و میناو شیرین، هەرچی کچەکان بوون بوێری قسەکردنیان نەبوو، فەردینیش تەمەنی منداڵ بوو و زیاتر بەدوای یاری و کارە کانی خۆیەوە بوو کت و مت بەدوای کارەکانی ناسردا هەنگاوی دەنا، بەڵام بێژەن کەلە هەمویان گەورەتر بوو پیشی دەخواردەوەو بەهیچ شێوەیەك نەیدەتوانی لەئاست کارە نادروستەکانی ناسردا بێدەنگ بێت.

ئەو زۆر بەڕێز و سەرنج ڕاکێش بوو، ڕەوشتی ناسری بەلاوە پەسەند نەبوو، لەگەڵ تێپەڕبونی ڕۆژگاردا ئەمیش گەورەتر دەبوو، ورد ورد لەگەڵ کارە کانی ناسردا دژایەتی پەیدا کرد، ناسر کەوای بەخەیاڵدا نەدەهات کەسێك بێت و بتوانێت قسە لەقسەیدا بکات، ئێستا لەگەڵ نارەزاییە کانی بێژەندا ڕوبەڕوو ببویەوە.



Scanned with CamScanner

شەوێك كۆمەڵێك لەدۆستەكانی كەلە خۆی خراپتر بوون بۆماڵ میوانداری كردبوون و لەسەر مێزی قومار و تلیاك كێشان بوون، بێژەن لەپێش چاوی هەموییاندا ڕوی كردەناسر و پێی گوت: باوكە مەگەرنابینی ئەم ماڵە مرۆڤی لێیەو چركەیەك ئارامیمان نییە؟

هاوسەرەكەت گەنجە! كچی تازە پێگەشتوت هەیە! شەرمەزار نابیت ئەم بەدڕەوشتانە بۆماڵەوە دێنیت تاكو ئاسایش لە ماڵ و منداڵت تێك بدەن؟ یان ئەمانە بكەرە دەرەوە یان ئەوەیە خۆشت لەگەڵیان دا بڕۆ! ئەم ماڵە پیاوی دەوێ، ئەگەر ناتوانیت پیاوانە ڕەفتاری تێدا بكەیت واباشترە هەر جێی بهێڵیت!

ناسر كەلەم قسانەی بێژەن حەپەسابوو، لەبەرامبەر دۆستەكانیدا بچوك ببویەوە بەپرتاو لەسەر مێزەكە هەستاو بەتوندی بەسەریدا نەڕاندی و بەمست و شەق بەربووە گیانی، هەرچەند شاناز خانم تكای لێدەكرد ئەو بەپێچەوانەوە لێدانەكانی توندتر دەكردو بەهەموو هێزی لاشەی لاوازی بێژەنی دەكوتا. دواجار بەتكای دۆستەكانی بێژەنیان لەژێر شەق و مستەكانی ناسردا دەرهێنا.

پاش تەواو بوونی قومارو تلیاك كێشان، میوانەكان ڕۆیشتن.

ناسر بەوەندە وازی نەهێناو ئەوی لەژێر زەمینەكەدا زیندانی كرد، شانازخانم داوای لێدەكرد واز لەبێژەن بهێنێ و بیبەخشێت، بەلاّم ناسر هیچ گوێی بۆ هاوسەری چەند ساڵەی نەدەگرت، دەرگای ژێر زەمینەكەی كلیل دا و كلیلەكانیشی نایە گیرفانی خۆیەوە.

بەیانی وەك ڕۆژانی تر لەماڵ دەرچوو، بێژەن تاكو درەنگانێك ناسر بەرەو ماڵ بویەوە لەژێر زەمینەكەدا كزۆڵەی كردبوو.



Scanned with CamScanner

شاناز لەپەنجەرەکەوە نان و ئاوی پێدەدا، دواجار بەتکای هاوسێکانی لەژێر زەمینەکە هێنایانە دەرەوە، و دڵی بێژەن بەرانبەر بە ناسر لێوان لێو ببوو لە رق وکینە. ئەو باوکە بێبەزەییە نامیهرەبانە، باوکێك هەرگیز هەستی نەدەکرد هاوسەر و منداڵی هەیەو دەبێت لە بیری ئەواندابێت.

بێژەن ئیتر ئەومنداڵەی پێشو نەبوو، لەبەرانبەر هەرکردارێکی نادروستی ناسردا دەوەستایەوە و لەگەڵیدا دەکەوتە کێشەو مشت و مڕەوە. ژیانی ئەوان بەم جۆرە دەگوزەرا، ئەوەبو مینا کچەگەورەی ماڵ داواکاری هات.

خەسرەو کوڕی یەکێك لەهاوەڵە کۆنەکانی ناسر بوو، لەڕوکەشدا بەکوڕێکی ڕێك و پێك و ڕەوشت جوان خۆی نمایش دەکرد، کاتێك بێژەن پرسیاری لەبارەوە کرد، ئاگاداری ئەوە بوو کە خەسرەو کەسێکی سەر کەشی هیچ لەبارەدا نەبووە. مینا هەرگیز ئامادەی ئەو زەماندە نەبوو، بەلاّم ناسر بەبێ ئەوەی پرسیارێك لە مینا بکات، وەلاّمی ڕەزایەتی پێدان، مینا بەهیچ شێوەیەك باوەڕی نەدەهات کەناسری باوکی بەم کارە ڕازی بێت، ئەوکاتەشی ناسر گفتی پێدان، مینا بەرانبەر بەخواستی باوکی نەیدەتوانی بەرگری بکات.

دڵشکاوو نائومێد لەکونجی ماڵەوە گۆشە نشین ببوو، دەپاڕایەوە کەبێژەن چەند زووترە بەرەو ماڵ بگەڕێتەوە، لەوانەیە ئەو بتوانێت بەر بەم کارەی باوکی بگرێت و پەشیمانی بکاتەوە.

تاکو شێوان چاوەڕوانی گەڕانەوەی بێژەن بوو، کاتێك بێژەن گەڕایەوە، مینا بەخێرایی ڕوداوی ڕەزایەتی باوکی بۆ بێژەن ڕونکردەوە. داوای لێکرد کە بەر بەم زەماوەندە بگرێت و نەهێڵێت خوشکەکەی بەزۆر بەشوو بدەن. بێژەن بە بیستنی ئەم قسەیە کۆنترۆڵی خۆی لەدەست دابوو، لە تووڕەییدا نەیدەزانی چ کارێك

بکات، هەرچۆن بوو چاوەڕێی کرد تاکو باوکی دەگەڕێتەوە. شاناز خانم واقی وڕمابوو، ئەویش بەم زەماوەندە ناڕازی بوو.

کاتی نانخواردنی ئێوارە ناسر بەرەو ماڵ گەڕایەوە، بێژەن بێ ئەوەی وشەیەکی لەگەڵ بڵێ پەلاماری دا. ناسر کەلەم کارەی بێژەن حەپەسابوو، هەرچۆن بو هاتەوە سەرخۆی و هەڵمەتی دایە بێژەن و بەیەك لێدان گرموڵەی کرد. بێژەن بەهەموو توانای خۆی بەرگری دەکرد، بەلاّم جەستەی لاوازی بێژەن چۆنچۆنی بەرگەی لێدانە توندەکانی ناسری دەگرت؟!

بەهەر حاڵێك بوو هێزی دایەبەر خۆیی و هەستایەوە، ڕوخساری بەتەواوی خەڵتانی خوێن ببور، چۆڕاوگەی خوێن لەدەم و لوتیەوە جۆگەلەی بەستبوو.

ئەو شەوەش تێپەڕی، بەلاّم ناسر بەهیچ شێوەیەك لەکەری شەیتان نەهاتەخوارەوەو بۆ زەماوەندی مینا لەگەڵ خەسرەو پێداگری دەکرد، لەگەڵ ئەو هەموو نارەزایەتیەی کەمیناو شانازخانم دەریان دەبڕی. سەرەنجام مینایان لەخەسرەو مارەکردوو، خەسرەو مینای بۆ "تەبریز" شوێنی نیشتە جێبونی خۆی گواستەوە.

ماوەیەکی کەم بەسەر ئەو زەماوەندەدا تێپەڕی و خەسرەو لە باوکی جیابویەوەو لە گەڕەکێك کەکەسانێکی بێڕەوشتی لێبوون ماڵێکی کڕی. خەسرەو خۆی لەخۆیدا مرۆڤێکی دەرون نەخۆش بوو، لەماوەیەکی کەمدا لەگەڵیاندا بو بەهاوڕێ. هەموشتێکی لەگەڵدا باس دەکردن، خەسرەو پاش گواستنەوەی مینا بۆماوەیەك دەستی لەکارە نارەواکانی هەڵگرتبوو، دووبارە گەڕایەوە سەر کردارەکانی پێشووی.



Scanned with CamScanner

مینا هەرچەند گفتوگۆی لەگەڵدا دەکردوو  پێی دەگوت: دەست لەوکارانە هەڵگرە، بەڵام خەسرەو بایەخی بەقسەکانی نەدەداو  وەڵامی بە دارکاری دەدایەوە. مینا کەبەزۆر دابویان بەخەسرەو  ئیتر توانای ئەم هەموو بەدبەختی و کارەساتە جگەر بڕانەی نەبوو، ڕۆژ لەدوای ڕۆژ مانەوەی لەگەڵ خەسرەو ئازاری دەدا و ماندووی دەکرد.

شەوێك کەخەسرەو  لەمەی نۆشیدا زیادەڕەوی کردبوو، بەلارەلار بەرەو ماڵ بویەوە، بەبێ هۆ بەربووە گیانی مینا، تاکو توانی دارکاری کرد. مینا ئیتر بەیەکجاری توانای پەرت ببوو، بەسەرو ڕخساری شکاو و کەیل لەڕق و تورەیدا ماڵی بەجێ هێشت، بەڵام شوێنێکی شك نەدەبرد پەنای بۆ ببات، لەپاش چەند پرسیارێك لەشەقامەکانی شاردا  بەرەو نقلیات ملی نا، لەوێدا دوو دڵی ڕویتێکرد، کەئایا  بۆماڵی باوکی بچێت، ماڵێك کە جگە لە ڕەنج و زەحمەت شتێکی تێدا نەدی بوو؟  بگەڕێتەوە یان  نە..؟ بەهەرحاڵ ژیان لەگەڵ خەسرەو یان لەماڵی باوکی بەلای ئەوەوە هیچ جیاوازیەکی نەبوو، لەخۆڕا بلیتی تارانی بڕی و سواری ئوتومبیل بوو بەرەو تاران کەوتەڕێ. کاتێك گەشتە ماڵی باوکی، ناسر لەماڵەوە بوو، دایك و خوشکەکەی بەپیریەوە هاتن و لەئامێزیان گرت. ڕوخساری مینا ئەوەی نیشاندەدا کەلەگەڵ خەسرەودا ناخۆشی بووە. بە بینینی دایکی، ویستی دەردەدڵ بکات و گریان  بواری نەدا، هەرچۆن بوو ڕوی لەدایکی کردوو گوتی: دایکە باوەڕبکە ئیتر بێزار بووم، وەبۆ یەك چرکەش ناتوانم لەگەڵ خەسرەودا بژیم، ناسر کەلەوێدا ئامادەبوو لەهەموشتێك تێگەیشت، نەك تەنها ڕوی خۆشی پیشان نەدا، بەڵکو وەڵامی سلاوەکەشی نەدایەوە و بەتوندی بەبێ هیچ هەستێکی باوکانە پێی گوت: بەخێرایی عارەبانەکەت ڕاکێشەو بگەڕێرەوە

لای هاوسەرەکەت. هەرچی مینار بێژەنیشە سوربوون لەسەر ئەوەی کەدەبێت تەلاقی خۆی لێ وەربگرێت و کۆتایی بەوهاوسەرێتیەی بهێنێ، بەلاَم ناسر ڕازی نەبوو.

چەند ڕۆژێك بەسەر ئەم ڕوداوەدا تێپەڕی، خەسرەو لەگەلّ باوکیدا هاتن بۆ تاران و داوایان لەناسر کرد کە مینایان لەگەلّدا بنێرێتەوە. خەسرەو وای بیر دەکردەوە کە ناسر دلّی بەمندالّەکانی دەسوتێ و هەر ئەویشە تاکو ئێستا نەیهێشتووە مینا بگەڕێتەوە لای. بەهەر شێوەیەك بوو بۆڕازی کردنی ناسر، خەسرەو بەلّێنیدا لەمەودوا بەهیچ بەهانەیەکەوە ئازاری مینا نەداو دلّی نەڕەنجێنێ. لەپاشاندا دوانیوەڕۆی هەمان ڕۆژ مینا لەگەلّ خەسرەوو باوکیدا بەرەو (رشت) گەڕانەوە.

چەند مانگێك بەسەر ڕۆشتنەوەی مینادا تێپەڕی بوو شاناز خانم و بێژەن و مندالّەکانی تر هیچ هەوالّێکیان لەمینا نەبوو.

شاناز خانم بەتەواوی بۆی نیگەران ببوو، داوای لەبێژەن کرد کەبێ ئاگاداری باوکی بەرەو (رشت) بەڕێکەوێ و هەوالّێکی مینا بزانێت، ئەو دەیگوت: دلّم گوشراوە و باش نالّێ! نەبادا کارەساتێك بەسەر کچە بێچارەکەمدا هاتبێ.

بەیانی بێژەن خۆی ئامادەکردبوو بەرەو (ڕشت) بەڕێ بکەوێت، لەوکاتەدا پۆستەچی نامەیەکی هێنا کەبۆبێژەن نێررابوو دایەدەستی. نوسەری نامەکە مینابوو، بێژەن زۆر خۆشحالّبوو بەخێرایی نامەکەی کردەوەو لێی ڕاما، یەکپارچە ڕوخساری گۆڕاو شادیەکەی ڕەویەوە. شیرین کەسەرنجی تێبڕیبوو هەستی بەتێکچونی بێژەن کرد، ئەویش پەشۆکا و تکای لێکرد نامەکە



Scanned with CamScanner

بەدەنگی بەرز بخوێنێتەوە تاكو ئەوانیش گوێبیستی ئەوكارەساتە بـبن كەهاتۆتـە پێش خوشكە بێچارەكەیان.

بێژەن بەدڵتەنگیەوە دەستی بەخوێندنەوەی كرد.

(( دایكی بەڕێز، خوشك و برایانی هەمیشە لەیادم. سڵاو، بەتایبەتی بێژەن، برای میهرەبانم كەئازارێكی زۆری بۆ خوشكە كوڵۆڵەكەی كێـشاوە، هیـوادارم هەموڵا یەكتان ساغ و سەلامەت بن و بەردەوام لەژیاندا بە دڵشادی و بەختەری بژین.

ئەم نامەیە لەكاتێكدا دەنوسم كەكاتژمێرێك زیاتر لەتەمەنی من و خەسرەو نەماوە. داواتان لێدەكەم بۆمەرگی من دڵگران نەبن و هیچ بیرێك لەرزگاركردنی من نەكەنەوە، چونكە بێگومان ئەم نامەیە چەندرۆژێك لـەپاش مردنـی مـن بەدەستی ئێوە دەگات. سوێند بـەخودا ئەگـەر بـچوك تـرین هیـوا لەدڵمـدا هەبوایە دەستم بۆ ئەم كارە نەدەبرد. دەزانم كەخۆكوژی گوناـهێكی گـەورەیـە، بەڵام تەنهارێگای رزگاری من لەم ژیانە شوم و دژوارەدا هەر ئەمەبوو.

خەسرەو شـەوو رۆژ هاوڕێـكانی دەهێنایـە ماڵـەوە و داوای لـەمن دەكـرد ماڵەكەیان بۆ برازێنمەوە، بۆمیوان داریان هەموشتێك ئامادە بكەم، سەمایان بۆبكەم و گۆرانیان بۆبڵێم.خۆتان باش دەزانن مـن تـاكو ئێـستا ئـەم كارانـەم نەكردووە و ناشمەوێت بیان كەم.

هەرچەند لەگەڵ ئەم پیاوە بێئابڕووەدا گفت و گـۆ دەكـەم، نایـەوێت گـوێم لێبگرێت و لەسەر كارەكانی بەردەوامە.

هەرگیز نابێت و ناکرێت لەکاتێکدا من هاوبەشی ژیانی ئەوم و لەهەمانکاتیشدا پێویستیم بەخۆشەویستی ئەو هەیە بەجۆرە دەنوکم لەسەری بێ و ژیانمان بەئاژاوەو شەڕو شۆڕ بەرێ بکەین. نامەوێت خەسرەو هەموژیانی خۆی بۆمن تەرخان بکات، تەنها داوای من ئەوەیە دەست لەم کارە نالەبارانە هەڵبگرێت، بەڵام ئەو لەوەڵامدا کارە کانی باوکم بەڕومدا دەداتەوەو دەڵێت : مەگەر باوکی تۆش بەم شێوەیەی من نییە ؟! ئەگەر ڕاست دەکەیت بۆچی وات نەکرد باوکیشت دەست لەو کارانەی هەڵگرێت؟!.

خەسرەو بەم جۆرە خەریکی هەوەسبازی وخراپە کاری خۆیەتی و بەکردارەکانی باوکیشم سەرکۆنەم دەکات. ئیتر جامی سەبرم لێوان لێو بووە و ناتوانم لەگەڵیدا بژیم. ئەو بەهیچ جۆرێك دەست بەرداری من نابێت و وازم لێناهێنێت، واگریمان تەڵاقیشیدام خۆمن جێگایەکم نییە پەنای بۆ بەرم، بە بۆچونی خۆم باشترین ڕێگام بینیوەتەوە.

بێژەن گیان برای خۆم، داوات لێدەکەم بەسەرهاتی ئێمە بەبیەوەریت بسپێری و لەداهاتودا ببێتە پەندێك بۆ تۆ و دایکم و باوکم، لەوانەیە باوکم بێتەوە سەرخۆو لێنەگەڕێت شیرین داهاتویەکی هاوشێوەی منی هەبێت.

داوات لێدەکەم ژیانی خۆت پەرە پێبدەیت، بەڵکو لەداهاتودا ژیانێکی سەرکەوتوو بەدەست بهێنیت.

لەکۆتاییدا لەئێوەی خۆشەویستم داوای لێبوردن دەکەم و هەرهەموتان ماچ دەکەم، وەداوام لێتان ئەوەیە لەپاش مەرگم سەرزەنشتم نەکەن.

(خوشکی ڕەنج کێشت مینا)



Scanned with CamScanner

پاش کۆتایی هاتنی نامەکە چاوەکانی شاناز لەناو فرمێسکدا مەلەیان دەکرد. هەرئەو ڕۆژە لەگەڵ باوکی خەسرەودا تەلەفونیان کرد، ئەویش بەخەم و تورەییەوە دانی بەم هەواڵەدانا.

پزیشکی دادوەری هۆکاری مەرگی مینای بە خواردنەوەی ژەهر ئاشکراکردبوو.

پاش لێکۆڵینەوە دەرکەوت مینا لەژیانیدا بەتەواوی نائومێد بووە و لەکاتی نانخواردنی نیوەڕۆدا ژەهری کردۆتە ناو پەرداخە ساردیەکانی خۆیی و خەسرەوەوە، خەسرەو کە بەتەواوی مەست ببوو بێئاگا بینی بەساردیەکەوەناوەو پاشی چەند خولەکێك هەردوکیان گیانیان سپاردووە.

بەمەرگی مینا، بێژەن وەك ئەوەی لێهاتبوو کەهەموو دنیای بەسەردا ڕوخابێت. چونکە بێژەن مینای زۆر خۆش دەویست، میناش خوشکێکی بەوەفاو میهرەبان بو بۆی. سەرەنجام قەدەر ئەوانی لێك جیاکردەوە. ڕوخساری مینا بەردەوام لەپێش چاوی بێژەندا ونئەدەبوو، چاوە جوانەکانی و قژە زەردەکەی کەدڵی هەمو کەسێکی بولای خۆی ڕادەکێشا.

بێژەن گۆشە نشین ببوو، ئیتر لەگەڵ هیچ کەسێکدا قسەی نەدەکردوو زۆر بەکەمیش نانی دەخوارد.

تەرمی مینایان لە(رشت) ەوە هینایەوە بۆتاران، تازیەیەکی تایبەتیان بۆگرت، بەڵام ناسر ئەو باوکە دڵ ڕەقەی کە لەمەراسیمی ناشتنی کچەکەیدا هاوبەشی نەکرد.

چەندمانگێك بەسەرمەرگی مینادا تێپەڕی بوو بێژەن هێشتا وەك سەرەتا خەمی بۆلەدەستدانی مینا دەخواردو فرمێسکی بۆدەڕشت و وشك و لاواز ببوو،



Scanned with CamScanner

بەهیچ شێوەیەك لـە گەنجـەکانی هاوتەمـەنی خـۆی نـەدەکرد ، بـەڵام فـەردین پێچەوانەی ئەو بوو.ئەولەسەرەتای لاویدابووکەبەداخـەوە ئەوجوانییـەی لـەکاری نادروستدا بەفیڕۆ دەدا. فەردین لاشەیەکی دامەزراوو ڕێکـی هـەبوو، چـاوەکانی سەرنج ڕاکێش بوون، لوتێکی ڕێك ولێوەکانی وەك و خونچە وابوون. مەرگی مینا نەك هەر کاری تێنە کردبوو، بەڵکو ڕۆژ بەڕۆژ زیـاتر پێیـەکانی لەشـوێن پێـی باوکیدا دادەنا، ئەو کارانەی کە بێژەن و دایکی و خوشکەکەی پێیان ناخۆش بوو ئەو بـەدووری ئەوکارانـەوەبوو. لەتەمـەنی شانزەساڵیدا لـەناو گەڕەکەکەیانـدا سەرانەی لەخەڵکی گەڕەك دەسەند، بەزۆری چەقۆ تەعەدای لەخەڵکی دەکـردوو بۆهەر جێگەیەك ئارەزوی بکردایە دەچوو. هەر کچێك دڵی بیگرتایە ڕێگای پـێ دەگرت.

هەر لەوکاتەدا بوو، بێژەن ڕەوانەی خزمـەتی سەربازی کراو ناردیانە (بەنـدەر عەباس) گەرمی‌و ناسازی ئاووهەواکەی بۆ ئەو ئازاراوی بوو، بەڵام بەهەر حـاڵ، لەوماڵە باشتر بوو کەئەوی تێدا دەژیا، هەرچۆنێك بوو خۆی لەگەڵیدا گونجاند.

شانازخانم لەگەڵ ئەو پارەکەمەیدا کەلەلایەن ناسـرەوە پێـی دەدرا، لەوەشـی دەگرتەوە و بۆبێژەنی ڕەوانە دەکرد. هەرچەندە بێژەن و دایکـی بـەو کولەمەرگیـە دەژیان، بەڵام بۆفەردین بەپێچەوانەوە بوو. ئەو زیادە ڕەوی لەمەسـرەفدا دەکـرد و ناسریش لەکردارەکانی ناڕازی نەبوو، تەواوی ئارەزوەکانی ئـەوی بـەجێ دەهێنـا، فەردین بەو تەمـەنە کەمەیەوە، لەهەمـوو گەڕەکدا ناسرابوو.

ڕۆژێك لەگەڵ چەند هاوەڵێکی لەخۆی خراپتردا بەناو شـەقامەکاندا هـات و چۆیان دەکرد ، لەوکاتەدا کچێکی بەرچـاو کـەوت، نـەیتوانی عاشـقی نـەبێت،

کچەکە لەفەردین نزیك بوبویەوە، هەستی کرد فەردین چاوی تێبڕیوە. فەردین ڕستەیەکی عاشقانەی بەگوێدادا.

ــ قوربانی ئەو بالاّ جوانەت بم، یارمەتی هەیە چەند قسەیەکت لەگەڵدا بکەم؟! تۆ دەزانیت چەندە دێوانەتم؟!

کچە بەنیگایەکی پڕ لە قینەوە، لێی نێپەڕ بوو، چەند ماڵێکی جێ هێشتەو خۆی بەماڵێکی گەورەداکرد. هێشتا چەند خولەکێك تێنە پەڕی بوو دوسێ کەس لەو ماڵەدا هاتنە دەرەوە. کچە بە پەنجەی ئیشارەی بە فەردین کرد کەلەوێدا ڕاوەستا بوو.

یەکێك لەو کەسانە کەلەهەمویان بەتەمەنتر بوو هاتە بەردەم مەردین و بەبێ ئەوەی پرسیارێکی ئاراستە بکات تاکو توانای هەبوو زلەیەکی لەبناگوێی دا !

بێگومان ئەوکارەی فەردین کردبووی شایانی هیچ پرسیارو وەلاّمێك نەبوو. فەردین کە تاکە شەقاوەی گەڕەك بوو بەو زلەیە هەستی بەکەمی خۆی دەکرد، ئەگەر وەلاّمی نەداتەوە ئەوا بۆهەتا هەتایە بەبچوکی دەمێنێتەوە، بەتوندی مستێکی لەڕوخساری پیاوە پیرەکە داو یەکسەرە چەقۆکەی لەگیرفانی دەرهێنا و بەربوە سەرو ڕوخساری!. هاوەڵەکانی ئەو پیاوە کاتێك ئەوەیان لەفەردین بینی هێرشیان بۆ هێناو دایانە بەر شەق و مست. یەکێك لەوان کاتێك هەستی کرد فەردین کۆڵنادات و زۆریش بەهێزە، شیشێکی هەڵگرت و بەهەموو توانای خۆی کێشای بەسەری فەردیندا. ئەولێدانە هێندە کاریگەربوو، فەردین یەکسەرە گیانی سپارد. هاوەڵەکانی فەردین کاتێك ئەوەیان بینی لەترسی گیانیان نەیانوێرا لێی نزیك ببنەوە.

Scanned with CamScanner

بەخێرایی هەواڵەکەیان بەبنکەی پۆلیس ڕاگەیاند، خەڵکێکی زۆر لەدەوری تەرمەکەی فەردین کۆببونەوە، کاربەدەستان بەخێرایی خۆیان گەیاندە ئەو جێگەیەو پاش پرسیارکردنێکی وورد، بکوژەکانیان دۆزیەوە کەبەنیازبون لەشار هەڵبێن، بەریان پێ گرتن.

شاناز خانمی بێچارە هێشتا جلی ڕەشی لەبەر دانەکەندبوو کە هەمدیسان بۆ فەردین ڕەشپۆش بوویەوە.

کاتێك هەواڵی مەرگی فەردینی بیست، بەناخون بەربووە ڕوخساری خۆی و لەهۆش خۆی چوو. شیرین بەزوویی گەشتە سەری و کاتێك دایکی بەو حاڵەوە بینی بانگە هەڵدا، داوای یارمەتی لەدراوسێکان دەکرد، دراوسێکانیش لەدەوردی شاناز خانم گردبونەوە، بەڕشتنی ئاوی سارد بەسەریدا هێنایانەوە هوش خۆی. شیرین کەنەیدەزانی بۆچ یەکێك لەخۆشەویستەکانی کەقوربانی لاساریەکانی ناسر بوون فرمێسك بڕێژێت. کاتێك سەیریکرد دایکی زیندووە، ڕوخساری گەشایەوە و سوپاسی خودای کرد کەهیچ نەبێت پاش مەرگی مینا دایکی بۆ ماوەتەوە.

ئیتر هەتاکو ماوەیەك ماڵەکەیان ڕەنگی ماتەمینی بەخۆوە ناگرێت، شانازخانم کەتازە هاتبوەوە هوش خۆی توانای قسە کردنی نەبوو، چاوەکانی ئەبڵەق ببون و لەخەڵکەکەی دەڕوانی. شیرین بەهاوکاری هاوسێکان، دایکیان بەرزکردەوە و بردیانە ژورەوە و کەمێك شەکراویان دەرخواردا.

لەئەنجامدا شانازخانم هاتەقسە و ڕوداوی مەرگی فەردینی بۆهاوسێکانی گێڕایەوە، پاشان نۆبەی شیرین بوو لەسەرو ڕوخساری خۆی بدات و بۆئەو بەختە ڕەشەیان نەفرەت بنێرێت.



Scanned with CamScanner

دایك و كچه تاكو نیوه شەو ناسر بۆماڵ گەڕایەوە بەبێ دەنگی فرمێسكیان هەڵدەڕشت بۆ مینا و فەردینیان دەلاواندەوە.

ناسر بێخەیاڵ لەهەموو شتێك نزیكی ماڵ بویەوە، كاتێك گەشتە نێو كۆڵانی گەڕەكەوە، لەبڵند گۆرە گوێبیستی قورئـان خوێنـدن بـوو، كۆبونـەوەی خـەڵكی لەدەوری ماڵەكەیدا بینی، سەری سوڕما، كاتێك گەشتە بەر دەرگـای ماڵەكـەی لەمەرگی فەردین ئاگادار بوو، بەلاّم بـەهیچ شـێوەیەك بەسـەر خـۆی نـەهێنا، لارەلار چووە ژورەوە، ناسر بۆفەردینیش هـیچ فرمێـسكێكی نەڕشـت، مەشـروب هەستی مرۆڤایەتی تێدا كوشتبوو، هەموو هەست و خۆشەویستیەكی لەناخیـدا سڕیبووەوە. ئامادە بوان بەسەر سوڕمانەوە لێیان دەڕوانی.

شەو درەنگی كردبوو، ئەو باوكە بێبەزەییە بێ خەیاڵ چوبوە خەوێكی قوڵەوە، بەیانی زوو زەنگی دەرگا لێدرا، بەرپرسانی پـۆلیس كاریـان بـەباوك و دایكـی فەردین بوو.

ناسرو شانازخانم لەگەڵیاندا بـەرەو بنكـەی پـۆلیس بـەڕێ كـەوتن، كاتێـك گەشتنە ئەوێ كۆمەڵێكی زۆر لەبەردەم بنكە كەدا بـوون، داوای ئـازاد كردنـی بكوژەكانی فەردینیان دەكرد. بەناسریان دەگوت: هەركەس خیانـەت لەشـەرەفی خەڵكی بكات دەبێت بكوژرێت.

شاناز كەلە هۆكاری كوشتنی فـەردین ئاگـادار نـەبوو، وابـیری نـەدەكردەوە كەكوڕەكـەی چـاوی لەشـەرەفی خـەڵكی بڕیبێـت، بەتوڕەییـەوە لەخەڵكەكـەی دەڕوانی. هەردوكیان بەرەو لای چاودێری بنكەی پۆلیس چـوون، چـەند كەسـێك بەكەلەبچەكراوی لەژورەوە بوون، ناسر هیچ هەڵوێـستێكی خراپـی بەرامبـەریان نەبوو، بەلاّم شاناز خانم، تفی لەسەروچاوی یەكێكیان كـردوو بەتونـدی هێرشی

کردە سەری، هەموو قین و ڕقێکی خۆی بەسەردا خاڵی کردەوە، بکوژەکان هاواریانکرد و داوای یارمەتیان لەچاودێرەکە کرد، ئەویش لەجێگەی خۆی هەستاو داوای لەشاناز کرد دانبەخۆیدا بگرێت و بەزم لە ژورەکەدا نەنێتەوە.

پاش پرسیار گەلێگ کەلە ناسرو شانازیانکرد، بکوژەکان تەوقیف کران، تاکو فەرمانی کۆتایی لەبارەیانەوە دەدرێت، دادگایی کردنیان بۆمانگێک دواخرا.

لەهەمان ڕۆژدا تەرمی فەردینیان بەخاك سپارد، شاناز خانم کە تازە بێژەنی هاتبووەوە یاد، بەتەلەفۆن ئەم کارەساتەی پێ ڕاگەیاند، بێژەن باوەڕی نەدەکرد فەردین لەو سەرەتای تەمەنەیدا ماڵئاوایی یەکجارییان لێ بکات. تەلەفۆنەکەی لەدەست بەربویەوە، لەتاوخەم و پەژارە توانای بەسەرخۆیدا نەمابوو، بەخێرایی چووە بەردەم بەرپرسەکەیی و داوای مۆڵەتی لێکرد، ئەویش لەبەر ئەوەی بێژەن لەوماوەیەدا مۆڵەتی وەرنەگرتبوو ڕەزامەندی نیشاندا.

لەڕێگادا لەبیری ئەوەدابوو کە مینا و فەردین هەردوکیان قوربانی کارە نادروستەکانی باوکیان بوون، ئەگەر باوکی لەکردارە بەدەکانی فەردینی بپرسیایەتەوە، یان هەرنەبێت کەمێك چاودێری بکردایەت و ئەرکی باوکایەتی بەجێ بهێنایە لەوانەبوو فەردین لەم کردارانەی دوور بکەوتایەتەوە، یان لەسەرەتادا لێیان نزیك نەدەبویەوە، چەقۆکێشی نەدەکردو خیانەتی بەشەرەفی کەسانی تر نەدەکرد، بەلاّم ئەم هەموو کردارانەی فەردین سەرچاوەی لەکارە بەدەکانی باوکیەوە گرتبوو.

بێژەن چەند مانگێك لەماڵەوە دوربوو کەمێك ڕەفتارەکانی باوکی لەبیر کردبوو دڵی بەحاڵی باوکی دەسوتا، بەلاّم ئێستا کە فەردین کوژراوە بۆجارێکی



Scanned with CamScanner

تر باوکی بەبەر پرسیارو ھۆکاری ئەم ھەموو بەدبەختیە دەزانی و زیاتر لە جاران قینی ناسری چووە دڵەوە.

نێوانی بەندەر عەباس بۆ تاران لەلای ئەو ساڵێك درێژەی کێشا.

کاتێك گەشتەماڵەوە یەکسەر ھەواڵی ناسری پرسی، شاناز خانم کەئێتر پشتی لەژێر ئەم ھەموو فشارەدا چەمابویەوە، بەخەم و خەفەتەوە چوو بەرەو پیری کوڕەکەی، بەلاّم بێژەن بەبێ ئاگایی تەنھا ھەواڵی ناسری دەپرسی. شاناز خانم دەیزانی کە بێژەن دەیەوێت دووبارە لەگەڵ باوکیدا بەشەڕبێت، دەستەو دامانی بوو داوای لێکرد ئەم کارە نەکات، بەلاّم بێژەن جامی سەبری پڕببوو گوێی بۆ ئەو قسانە نەدەگرت، خۆی گەیاندە ژورەکەی ناسرو بەبێ سلاّو دەستی بەرزکردەوەو تاھێزی تێدا بوو شەپازلەیەکی لەبناگوێی ناسر دا، پاشان وەك شێت کەوتە سەرو چاوی ناسر، ناسریش بێ وەلاّم نەوەستا و لەکۆتاییدا وەك ھەموو جارێك بێژەن شکستی ھێنار بێ ئاگا کەوتە سەر زەوی.

شانازخانم لەئامێزی گرت و بۆ یەکەمین جار لەژیانیدا پڕ بەدڵ نەفرەتی لەناسر کرد. ناسریش ھێرشی بۆبردوو بەلەقە و مست زۆر بەبێ بەزەییانە دەیکوتا، تەواوی ڕوخساری بێژەن و دایکی نوقمی خوێن ببوون. ناسریش بێ باکانە بەتوندی لێدانەکانی ئاراستە دەکردن، لێدانەکان بۆلاشەی لاوازوو ڕەنج کێشی شانازخانم ئەوھاوسەرە بەئارام و بەوەفایە کوشندە بوون. سەرەنجام ئەم کارەساتەش وەك و ھەموو کارە ساتەکانی تر کۆتایی ھات.

نیوەشەو بور شانازخانم لەئێش و ئازاردا پێچی لەخۆی دەدا و، ئازار نەی دەھێشت بنوێ، دەپاڕایەوە و دوعای دەکرد خواوەند ھاوسەرەکەی بەسزای کردەوەکانی خۆی بگەیەنێت.

هەرچی شەو تاریکتر دادەهات ناڵەو هاوارەکانی ئەو زیاتر دەبوو.

بێژەن ئیتر نەیتوانی لە ناڵەو هاواری داکی بێدەنگ بێت، بۆیە لەماڵ چووە دەرەوە و گریان ئارامی نەهێشتبوو، دڵی بەحاڵی دایکی دەسوتا، دایکی بەتەواوی پیرو پەککەوتە ببوو، دایکێك کەتەنها ئاواتی ئەوەبوو منداڵەکانی پێبگەیەنێت، بەڵام ئارەزووەکانی بێ ئاکام بوون، دایکێك کە هەموو تەمەنی گەنجیەتی خستە ژێرپێی ناسرەوە، بەوهیوایەی ڕۆژێك بێت و دەست لەوکارانەی هەڵبگرێت.

بێژەن بەسەرهاتەکەی گەیاندە لای پزیشکێك کەلە گەڕەکەکەیاندا دەژیا، بەنهێنی پزیشکەکەی هێنایە ماڵەوە، کاتێك پزیشك چووە ژورسەری شاناز، ئەو لەدواین ساتەکانی ژیانیدابوو، بارگەی خۆی دەپێچایەوەو بەرەو ماڵی تەنهایی بەڕێدەکەوت و بۆ یەکجاری ماڵئاوایی لە منداڵەکانی و لەژیانیش دەکرد.

دەستی بێژەنی گرت و لەکاتێکدا بەزەحمەت هەناسەی دەردەهات، بەئاستەم چەند وشەیەکی هاتە سەرلێو، دەیویست ئامۆژگاری کوڕەکەی بکات. چاوەکانی شیرین بۆدایکی ئەشکیان دەڕشت، لەدڵەوە داوای لەخودا دەکرد دایکی بۆ بهێڵێتەوە.

شاناز خانم زۆر بەزەحمەت هاتە قسەو گوتی:

بێژەن گیان کوڕی خۆم، من لەژیاندا ڕەنجێکی زۆرم کێشا، لەهەموو تەمەنمدا قومێك ئاوی کامەرانی بەگەرومدا نەچوەتە خوار، دایکم لەکاتی بونی مندا وەفاتی کرد، باوەژنم زۆر ئازاری دەدام، ئەو ژنێکی تەمەڵ و خەواڵو بوو تاکو نیوەڕۆ لێی دەنوست، منی ناچاردەکرد تاکو هەمووکارە قورسەکانی ناوماڵ بەتەنها ئەنجام بدەم، ئەو تەنها لەماڵدا فەرمانی دەدا، بەو حاڵەشەوە چاوی



Scanned with CamScanner

بەرایی نەدەهات منیان پێ ببینێ، زۆری لەباوکم دەکرد تاکو چەند زووترە من بەشوو بدات، باوکیشم بەقسەی کردوو بەزۆر منی دایە ناسر، من ئەوکات تەمەنم پانزە سالأن بوو، لەگەڵ ناسردا ئەو سەردەمەی ژیانمان بەخۆشی بەسەربرد ، یەکەمین منداڵمان کەهاتە دنیا بەشەوق و زەوقەوە ناومان نا "مینا" کاتێك ناوی مینای هێنا ، هەرسێکیان بەربونە گریان.

ـ مینا کچی خۆم ، بەمنداڵی زیاتر لەهەمومان ئازارت چەشت !. پاش هاتنە دنیای تۆ ڕەوشتی باوکت گۆڕا ، گۆڕانێکی کت وپڕ، هاوەڵی خراپی پەیداکردبور تەواوی کاتی خۆی لەگەڵ ئەواندا بەسەر دەبرد ، شەو درەنگانێك دەهاتەوە ماڵ.

ڕۆژێکیان خەریکی شتنی جلەکانی بووم، هەندێك تلیاکم لە گیرفانەکانیدا بینی، من پێشتر چەند شتێکم لەبارەی تلیاکەوە بیستبوو، بەلأم هەرگیز باوەڕم نەدەکرد ناسر دەست بۆ ئەم کارانە بەرێت، شەو کاتێك گەڕایەوە ماڵ، ئەم باسەم لەگەڵدا کردەوە.

چەند ساتێك دوای ئەوە بەبیانوی ئەوەی کەجلەکانم پاك نەشتووە شەپازلەیەکی پیاکێشام و بەم شێوەیە یەکەمین شەڕی ئێمە دەستی پێکرد، ژیانمان بەم جۆرە بەڕێ دەکرد ، تاکو ئەو کاتەی شیرین و فەردین هاتنەدنیاوە. باوکت زۆر ئازاری دەدام، ملکێکمان هەبوو لەگەیلان ناسر لەقوماردا دۆڕاندی، لەپاش ئەوە ئیتر هەڵسوکەوتی بەتەواوی گۆڕا ، تاقەتی لەهیچ شتێك نەمابوو، هەر ڕۆژەی جۆرە بەهانەیەکی دەگرت تاك و من و ئێوەی پێ ئازار بدات. شەوان درەنگانێك بۆماڵ دەگەڕایەوە، دەبوو تاکاتێك دێتەوە نەنوم، کاتێکیش هاوەڵە کانی بۆماڵ دەهێنایەوە من دەبوو تاکو کوڕی قوماریان هەڵدەگرت



Scanned with CamScanner

بەئاگابومایە و نان و ئاوم بۆبېردنایە و دەست لەسەر سینگ چاوەڕوانی فەرمانیانم بکردبا. تاکو ئەو کاتەی کە خۆتان بینیوتانە چ کارێك دەکات.
ئارەزووم دەکر تاکاتی دادگا زیندو بومایەو بەرگریم لەخوێنی فەردین بکردایە، لەوەش گرنگتر بوکی گوڵڕەنگی خۆم بەچاو بدیایە، هاوسەری تۆ بێژن. حەزم دەکرد بوکێنی شیرینم بدیایە، بەڵام هاوسەرێك خۆی دەستنیشانی بکات، تاکو سەرەنجامی وەك مینا نەبێت. ئەگەر ناسر بەوجۆرە ڕەفتاری نەکردایە لەوانە بوو ئێستا میناو فەردین هەردوك لەتەنیشت ئێمەدا بونایە. بۆچی ئێمە چ کارێکی خراپمان کردووە کە شایستەی ئەوە بین بەم شێوەیە ڕەنج و ئازار بکێشین ؟!. سەرکۆنە بکرێین و تیری زمانی خەڵکی هەناومان هەڵدڕێ و بیشمانەوێت گوێی پێ نەدەین؟!.

کوڕی خۆم داوات لێدەکەم کچێکی نەجیب کەڕێزی ژیانی لەلابێت بۆهاوسەری ژیانت هەڵبژێریت، هەوڵ بدە تۆش ڕێزی هاوسەرەکەت لابێت و بەهیچ بیانویەکەوە مەی ڕەنجێنە و ئازاری مەدە، هەوڵ بدە کەسێك هەڵبژێریت کە لێت تێدەگا و لێی تێدەگەی، بەختەوەر بن و، وەك ئێمە ڕەنجتان بەفیڕۆ نەڕوات. لە پەروەردەکردنی منداڵەکانت دا هەوڵی تەواو بدە، هەرگیز تۆوی کینە و نیفاق لەدڵیاندا نەڕوێنیت و ژیانیان لاخۆشەویست بکە.

کوڕی خۆم هەرگیز لەگەڵ هاوەڵی بەدخودا پەیوەندی مەبەستە و، هەموو ئەم شتانە ئەوانەن کەژیانی ئارامی مرۆڤ دەشێوێنن، داواشت لێدەکەم شیرین بەکەسێکی ئەمین بسپێریت، مەهێڵە داهاتوی شیرینیش وەك مینا وابێت. تۆئیتر بۆخۆت پیاوی، هەمیشە خۆت وەها ڕێك بخە تاکو لەژیاندا سەرکەوتوو بیت.



Scanned with CamScanner

کاتێك پزیشکەکە زانی ناتوانێك کارێك بکات، بەبێدەنگی لەتەنیشتیەوە وەستابوو گوێی بۆقسەکانی شل کردبوو.

چاوەکانی شانازخانم ئیتر هیچ شتێکیان نەدەبینی، ئیتر هیچ جوڵەیەکی نەمابوو هەرچی بێژەن و شیرین بانگیان لیّ دەکرد، وەلاّمێکیان لێوە نەدەبیست، شانازخانم ئیتر دوامالئاوایی لەژیان کردبوو. هەردوك تاساوو پەرێشان واقیان وڕمابوو و سەیری یەکترینیان دەکرد.

هێشتا چەند ڕۆژێك بەسەر مەرگی فەردیندا تێپەڕ نەببوو، وا دایکیشیان لەدەست چوو، دایکێك کەبەتەواوی مانا دایك بوو، عەشقی ژیانی منداڵەکانی بوو، ڕەنج و ئازاری لەڕادە بەدەری دەکێشا تاکو منداڵەکانی هەست بەئارامی بکەن، هەرچی لەست هات کردی، هەروەك ووتویانە :

***چاکەکان دەمرن و بەمەرگی خۆیان جیهان لەخەم و پەژارەدا بەجێ دێڵن.***

ئەمە دنیایە تاکوسەر خۆی ناداتە دەستی هیچ کەسێك.

بۆبێژەن و شیرین شەوو ڕۆژ مانایەکیان نەبوو، هەرکاتێك لەیەکتر ڕادەمان گریان لایلێدەبڕینەوە، ئەوان بەچ شێوەیەك دەیانتوانی لەماوەی چەند ڕۆژێکدا شایەتی مەرگی خوشك وبراو دیکیان بن، ئەگەر دڵی بەردینیشیا هەبوایە دەبوبەئاو.

بەهەرحاڵ بێژەن و شیرین ئەو خوشك و برایە بەتەنها لەتەمەنی شانزە و بیستساڵیدا دایکە دڵسۆزو میهرەبانەکەیان لەدەست چوبوو.

ناسر بۆ چرکەیەکیش لەژور سەری ئەو هاوسەرەی کەبیست و پێنج ساڵ ڕاستگۆیانە لەتەنیشتیەوە دەژیا دانەنیشت، ئەو پیاوێکی بەتەواوی مانا تلیاکی و مەست بوو، کەهیچ سۆزێك لەدڵیدا نەمابوو.

پزیشك هۆکاری مردنەکەی شانازی بەهۆی لێدانێکی بەهێزەوە کەبەر قەفەسەی سنگی کەوتبوو و فشاری خستبوە سەر دڵی ڕاگەیاند.

بێژەن ئیتر کەسێکی بەناوی باوکەوە نەدەناسی، دڵی لێوان لێو ببوو لەکینەو نەفرەت، ئەوپێداگر بوو لەسەر ئەوەی کە تۆڵەی ئەو کارەساتە کەتەنها ناسر هۆکاری بوو لێی بسەنێتەوە. ناسر هەتا بۆبەخاك سپاردنی تەرمی خێزانەکەی بەشداری نەکرد، جگە لەبڕێکی کەم خەرجی نەبێت ئەویش بێژەن بەزۆر لێی سەند، هیچ هەنگاوێکی نەنا. لەوکاتەدا کە تەرمی شانازخانمیان بەخاك سپارد جگە لە بێژەن و شیرین و چەند کەسێك لەدۆستەکانی بێژەن نەبێت کەسێکی تر ئامادە نەبوو. شاناز خانم تەنهاو بێکەس، بەداخەوە کاتێك بەخاکیان سپارد خزمێکیشی لەگەڵ نەبوو. لەناو دۆستەکانی بێژەندا تەنها فەرزادبوو کەلەهەموو کاتەکاندا لەگەڵیدا بوو وەنەیدەهێشت بەتەنها بێت، ئەو هەستی بەئیحساسەکانی بێژەن دەکردو دڵی دەدایەوە.

بێژەن ڕێزو سوپاسی ئاراستەی ئەو کەسانەکرد کەلە مەراسیمی بەخاك سپاردنەکەدا ئامادەبوون. هەموویان جگە لەبێژەن و شیرین و فەرزاد گۆڕستانەکەیان بەجێ هێشت.

ئەوانیش پاش کاتژمێرێك بەیەکجاری خواحافیزیان لەدایکیان کردوو لەگەڵ فەرزاددا بەرەو ماڵ گەڕانەوە.

شەو کاتێك گەشتنە ماڵەوە ماڵەکە بێدەنگ و تاریك بوو، بۆنی دایکیان لەماڵەکەدا ڕۆشتبوو، ماڵەکەش ماتەمینی دایگرتبوو ئەویش خەمباری لەدەست دانی شاناز بوو. ماڵ بەبێ دایك بەلای ئەوانەوە گۆڕستانێك بو بوخۆی،



Scanned with CamScanner

نەیاندەزانی دەبێت چی بکەن، خەمباروو ماندوو لەسەر تەختە خەوەکە درێژ بون و بەخەیاڵی داهاتویانەوە خەو بردنیەوە.

بێژەن پەشێو و خەمبار بیری لەداهاتوی خۆی و خوشکەکەی دەکردەوە، داهاتویەکی نادیار و ترسناك، ئەو نەیدەزانی لەگەڵ شیریندا دەبێت چی بکات، حەزی نەدەکرد شیرین بداتە دەست باوکی تاکوئازار لەدەستی بکێشێت و سەرەنجامی زایە بێت، ئاخر دایکە خۆشەویستەکەی بەدەستی ئەوی سپاردبوو، ئەو دەبوو ئارەزوی دێرینەی دایکی بهێنێتە دی، حەزی دەکرد خۆی ڕەنج بکێشێت، بەڵام شیرین تۆسقاڵێك نارەحەتی لەژیاندا نەبینێت، ئەو تەنها بەبونی خوشکەکەی زیندو مابویەوە و بیری لەداهاتووی دەکردەوە، تەنها کارێکیش لەدەستی دەهات ئەوەبوو کەنەهێڵێت ناسر دەست لەژیانی شیرین وەربدات، شیرینیش نەیدەویست چرکەیەك لای باوکی بمێنێتەوە. شەو بەو هەموو تاریکیەوە کۆتایی هات و ئەندێشەکانی بێژەن هێشتا بێ وەڵام مابونەوە.

ڕۆژەکان تێپەڕین و مۆڵەتەکەی بێژەنیش کۆتایی هات، ڕۆژێك کەبێژەن دەیویست بۆ بەندەر عەباس بگەڕێتەوە، شیرین و فەرزاد ڕەوانەیان کرد. شیرین فرمێسکی بۆ دەڕشت، بێژەنیش بەهەمان شێوە، بێژەن پێی خۆش نەبو خوشکەکەی جێ بهێڵێ و بیداتە دەست دێوەزمەیەك بەناوی باوکەوە.

بەهەرحاڵ بێژەن و شیرین لەیەکتر جیابونەوە، شیرین دەبوو تاکو بێژەن خزمەتی سەربازی تەوزاو دەکات لەژێر فشاری باوکی لەوماڵەدا بمێنێتەوە و فەرمانەکانی ئەو جێبەجێ بکات.

بێژەن ماڵئاوایی لێکردوو بەرەو نقلیات بەڕێ کەوت، فەرزاد وەکو هاوەڵێك کەئاگای لە کێشەکانی بێژەن بوو چەردەیەك پارەی پێدا، بێژەن سەرەتا ڕەتی

کردەوە، بەلاَم فەرزاد زۆری لێکردوو ئەویش وەك و قەرز پارەکەی لێ وەرگرت، ئەوان بەخۆشەویستیەوە یەکتریان لەئامێز گرت وپاش ماچوموچێکی زۆر وەك دووبرای ڕاستەقینە لەیەك جیابونەوە.

بێژەن سواری ئوتومبیل بوو بێ حەوسەڵەو بێ تاقەت گەڕایەوە بۆبەندەر عەباس و خزمەتی سەربازی خۆی پەرەپێدا، پاش تێپەڕبونی چەندرۆژێك خۆی گەیاندەوە بنکەی سەربازیەکەی، ئەولەماوەی سەربازیەکەیدا ئازارێکی زۆری کێشا، چەندجارێك موٚڵەتی وەرگرت و بەئومێدی داهاتوەوە بەرەو بەندەرعەباس دەگەڕایەوە، تاکو هەرچۆن بووە خزمەتەکەی تەواو بکات.

فەرزاد لەوماوەیەدا ڕۆژی چەندینجار بە تەلەفۆنی پەیوەندی پێوە دەکرد، تاکو بێژەن کەمتر هەست بەئازارو تەنهایی بکات.

بەهەرحاڵ ژیانی ئەو دووبراو خوشکە بەو شێوەیە بەرێوە دەچوو.

سەرەتای ساڵی ١٣٥٦ی هەتاوی بوو، لەوکاتەدا خەڵکی کەم کەم لەبەرانبەر دەستەلاَتی شادا دەوەستانەوە.

بێژەن خزمەتی سەربازی تەواو کرد، وەك ئەوە وابوو کەلەزیندان ئازادکرابێت، زیاتر لەخۆی شیرین و فەرزاد خۆشحاڵبوبوون. کاتێك گەشتە سەرکۆلاَنەکە دەتگوت چەندین ساڵە ئەوڕێی جێهێشتووە.

بێژەن ئیتر پیاوێکی تەواو بوو، بیست وسێ ساڵ تەمەنی بوو.

کاتێك گەشتەماڵەوە لێدانی دڵی لەهەموو کاتێك توندتربوو، دەرگای حەوشەکە کراوەبوو شیرینی لەوێدابینی بەجل شتنەوە سەر قاڵبوو، بەخۆشحاڵیەوە بانگی لێکرد، شیرین یەکسەر دەنگی براکەی ناسیەوە و ڕوخساری ڕەنجکێشی بەبینینی براکەی وەك گوڵ گەشایەوە. شیرین خۆی فرێدایە



Scanned with CamScanner

ئامێزی براکەیەوە و لەپاش یەك ساڵ لێکدابڕان یەکترییان بینیەوە. ئەوهەستی بەشەرم دەکرد. سەری شۆڕکردبوەوەولەگەڵ براکەیداگفتوگۆی دەکرد.بێژەن لەودیو پەنجەرەکەوە ئافرەتێکی قەیرەی بینی کەسەیری ئەم دەکات. لـــەشیرینی پرسی:

ــ ئەم ئافرەتەکێیە؟

شیرین سەری شۆڕکردەوەو بەبێزاریەوە گوتی:

ــ ئەوەخێزانی باوکمە.

لەپاشان هەردووکیان چونە ژورەوەو، لەژورێکی تایبەتدا پێکــەوە دانیــشتن و لەبارەی ئەو ماوەیەوە کە لێك دوور بوون کەوتنە گفتوگۆ.

ــ باوکم یەك مانگ دوای ڕۆشتنی تۆ، لەیلاخانمی مارەکرد، ئــەو تــەڵاقی خۆی لەمێردەکەی وەرگرتووە و دووکوڕی هەیە کەلەگەڵ دایکیاندا دەژیـن. ئـەو کاتێــك هاتــە نێــو ئــەم ماڵــەوە ســەرەتا ڕەفتــاری لەگــەڵ منــدا بــاش بــور، بەمیهرەبانیەوە لەگەڵمدا هەڵــسوکەوتی دەکــرد، بــەڵام کاتێــك بــاوکمی بینــی کەهیچ کارێکی بەسەر منەوە نییە، ئیدی ئەویش دەستی بە ئازاردانم کردوو من ئیتر بومە ژێر چەپۆکەی خۆی و کوڕەکانی. خواردنم بۆ ئامادە دەکردن و دەمشتن و جلەکانیشیانم دەشت، پێویستی نێو ماڵیشم دەکڕی. چارە نوسی من بەتــەواری وەك دایکم وایە، شەوو ڕۆژ وەك ئامێر کاردەکەمو لەهــەمان کاتــدا ئــەو نانــەی بەمن دەدرێت جیاوازە لەگەڵ خۆراکی ئەوان. لەوکاتەوەی تــۆ ڕۆشــتووی لــەیلا داوام لێدەکات لەگەڵ براکەیدا کە کوڕێکی هەرزەو نەفامە زەماوەند بکەم، بەڵام من بەهەر شێوەیەك بووە تاکو ئێستا بەرگریم کردووە و نەمهێــشتووە ئــەوان بــە مەرامی خۆیان بگەن.

Scanned with CamScanner

بێژەن لەنێوان قسەکانی خوشکەکەیدا دەگریا و فرمێسکی هەڵدەڕشت و بۆبەختی شومی خۆی و شیرینی خوشکی نەفرەتی دەنارد. ئارەزووی دەکرد کە ژیانی تایبەتیان هەبێت و لەگەڵ خوشکەکەیدا پێکەوە بژین، شیرین هەموو ئەو ناڕەحەتی و چەرمەسەرییەی لەو ماوەیەدا بەسەری هاتبوو بۆ بێژەنی گێڕایەوە.

لەوکاتەدا دەنگی لەیلاخانمی بیست هاواری لێدەکرد:

ــ خێرابە جلەکانی باوکت ئوتوبکە.

بێژەن ڕوی کردە شیرین و گوتی: هەرچۆن بووە خانویەك بەکرێ دەگرم و تۆ لێرە دوور دەخەمەوە.

لەم قسانەدا بوون کە زەنگی دەرگا لێدرا، شیرین بەخێرایی دەرگاکەی کردەوە. تەماشایکرد فەرزادە، ئەو سەری داخست، شیرین داوای لێکرد بێتە ژورەوە، فەرزاد هاتە ژورەوە و شیرین ڕێنمایی کرد، فەرزادو بێژەن لەپاش ماوەیەکی زۆر یەکترینیان لەئامێز گرتەوە و، لەبارەی ڕابوردو داهاتوە وە دووان. ئەو دوانە وەك دوو برای ڕاستەقینە خۆشەویستی تەواویان بۆیەکتر دەردەبڕی.

لەهەمان کاتدا لەیلاخانم بانگی لەشیرین کردوو گوتی:

ــ بڵێ بزانم چۆن ڕێگەت بەو کوڕەدا بێتە نێو ئەمماڵەوە؟

شیرین گوتی: ئەویش وەك بێژەن برامە، چۆن ڕێگە بەخۆت دەدەیت لەم بارەیەوە لێو هەڵبێنی؟!.

لەیلاخانم بەتوندی قیژاندی بەسەریداو پاشان پێی گوت: شەو کەباوکت هاتەوە ئەم پرسیارەمت بۆ ڕون دەکەمەوە.

شیرین لەم بارەیەوە هیچ شتێکی بۆبێژەن باس نەکرد، بەڵام ڕوخساری پەڕیوی شیرین، حاڵەتێکی نائاسایی لای بێژەن دروست کردبوو.



Scanned with CamScanner

فەرزاد ماڵئاوایی لەبێژەن کردوو ئەوانی بەتەنها بەجێهێشت.

کاتی ئاخواردنی ئێوارەبوو ناسر بەرەو ماڵ گەڕایەوە، لەبینینی بێژەن شەرمەزار بوو، بەچپەوە ورتەیەکی لەگەڵ هاوسەرەکەیدا کرد و لەپاشاندا بەخێرهاتنەوەی بێژەنی کرد. بێژەن بەسارد یەکەوە وەڵامی دایەوە، ناسر ڕوی گرژ کردوو پاشان لەژوورەکە چووە دەرەوە.

بەیانی زوو بێژەن جلەکانی لەبەر کردوو خۆی بۆڕۆشتن ئامادەکرد.

شیرین بە نیگەرانیەوە لێی پرسی: بەم بەیانی زووە بۆکوێ دەچی؟.

ــ ئەمەوێت بڕۆم بەدوای کاردا، بەڵکو بتوانم لەم جەهەندەمەی کەتێیداین ڕزگامان بێت.

بێژەن ئەو ڕۆژە سەری بەو جێگایەنەدا کرد کە دەیزانی، بەڵام لە ئەنجامدا بە نائومێدی گەڕایەوە ماڵ. ڕۆژێك دواتر بەسەر هاتەکەی بۆ فەرزاد باس کرد. فەرزاد پاش کەمێك بیر کردنەوە، ناونیشانی کۆمپانیایەکی پێدا، بێژەن بە خۆشحاڵییەوە بەزوویی پەیوەندی بە کۆمپانیاکەوە کرد، ئەو کۆمپانیایە کاری فرۆشتنی ئەشیای یەدەکی ئوتومبێل بوو، بێژەن چووە بەردەمی بەڕێوەبەری کۆمپانیاکەو داواکارییەکەی پێ ڕاگەیاند، بەڕێوەبەری کۆمپانیاکە ئەوی نە دەناسی و گووتی: بەڵام برای بەڕێز من ئێوە ناناسم و ناتوانم بەم ئاسانییە کارتان پێ بدەم،

بێژەن گووتی: بەڵام کاك فەرزاد ئەم ناونیشانەی بەمن داوە و گوتی: کە بێمە لای بەڕێزتان.

بەڕێوەبەر کە تازە ئەوی ناسی بوو، گووتی: لە سەدا شەستی زیاتری ئەم کۆمپانیایە بەشی باوکی فەرزادە، من هەر ئەم شەو لەگەڵیاندا قسەدەکەم و

ئێوە لەبەیانیەوە دەتوانن کاری خۆتان لێرەدا دەست پێ بکەن. ئەگەر لەکارەکانتدا سەرکەوتوو بویت ئەوا دەتوانیت بە بەردەوامی لێرەدا کار بکەیت.

بێژەن لە بەیانیەوە لەو کۆمپانیایەدا لەبەشی ژمێریاری دەستی بەکار کرد.

ئەو بەخۆشحاڵی و دڵخۆشیەکی زۆرەوە لەکاتی گەڕانەوەیدا هەندێك شیرینی کڕی و بەرەو ماڵ ملی ڕێگەی گرت.

شیرین بەتەواوی بەسەرکەوتنی بێژەن خۆشحاڵ ببوو، هەندێك لەشیرینیەکەی نایەبەردەمی باوکی و فەرموی لێکرد، بەڵام ناسر شیرینیەکەی فڕێداو، بەو کردارەی بەوانی نیشاندا کە بەبونی ئەوان لەو ماڵەدا ڕازی نیە. دیسان لەنێوانیاندا شەڕ دەستی پێکردەوە، بەڵام کێشەی ئەمجارەیان لەسەر چاو دێری کردنی شیرین بوو.

ناسر دەیگوت: ناهێڵم شیرین بەهیچ بیانویەکەوە لێرە بەریتە دەرەوە.

بێژەنیش دەیگوت: دڵنیابە بەبێ شیرین لەم ماڵەدا ناڕۆم.

هەرچۆن بور ئەوشەوەش تێ پەڕی و بەیانی سێیەمین دانیشتنی دادگای بکوژانی فەردین بوو. دوو ڕۆژیش پاش ئەوە دانیشتنی چوارەمی دادگابور کەئەویش دووایین دادگایی بور.

بێژەن بەیانی زووو لەخەو هەستاو بەرەو کۆمپانیاکە کەوتە ڕێ، کاتێك گەیشتە ئەوێ، ئەحمەد ئاغای بەڕێوەبەری کۆمپانیاکە سنوری کارەکانی بێژەنی دیاری کردوو بۆی ڕوون کردەوە.

بێژەن هەرلەو ڕۆژەوە دەستی بەکار کرد، سەرەتا کەل و پەلی ناو ژورەکەی ڕێکخست و پاشان لەدۆسیەکانی کۆڵیەوە، لەپاش پشوی کۆمپانیا کە،



Scanned with CamScanner

پسولەکانی پێچایەوە و بەرەو ماڵی فەرزاد کەوتە ڕێ، لەبەر ئەو چاکەیەی کەلەگەڵی کردبوو ئەو کارەی بۆ دۆزیبووەوە زۆر سوپاسی کرد، بۆ ماوەیەک پێکەوە مانەوە و بەقسەی خۆش و پێکەنینەوە ئەو چەند ساتەیان بەسەر برد، پاشان بێژەن خواحافیزی لێکردوو، لەیەک جیابونەوە، ئەوان بەشێوەیەک وابەستەی یەکدی بوو بوون کە ئارەزوویان دەکرد بۆ هەمیشە پێکەوەبن.

بێژەن لەبیری ئەوەدا بوو کەماڵێک پەیدا بکات تاکو خۆی و خوشکەکەی بتوانن بەئارامی ژیانی تێدا بکەن، لەئەنجامدا پاش گەڕان و پرسیارێکی زۆر ماڵێکی پەیداکرد کەخاوەنماڵ دایک و کچێکی تەنها بوون. دوو ژوریان لەوماڵەدا بەکرێ گرت، خاوەنماڵ پیرە ژنێکی میهرەبان بوو کەبە ڕێزو خۆشەویستیەوە پێشوازی لەبێژەنکرد.

لەپاش نوسینی گرێبەستەکە بێژەن بەخۆشحاڵیەوە گەڕایەوە ماڵ، شیرینی بینی کەلە گۆشەیەکدا هەڵکورماوە و دەگری، پاش ئەوەی پرسیاری لەشیرینکرد لەوە ئاگادار بوو، کەباوکی و باوەژنی دارکاریانکردووە.

بێژەن کەبەتەواوی بێزار ببوو گوتی: گوێبگرە شیرین گیان وەرە با لێرە هەڵبێین، تەنها بەهەڵهاتن لەدەستی باوکم و لەیلا دەتوانین بەئاسودەیی بژین، پاشان گوتی: ماڵێکم بەکرێگرتووە، ئەگەر ئارەزوو بکەیت هەرئەمشەو کەل و پەلەکانمان دەپێچینەوە و لەم ماڵە نەفرەتیە هەڵدێین و خۆمان بەتەنها ژیان دەگوزەرێنین.

ئەو ژیانە بۆهەردووکمان باشترە، لەئەنجامدا شیرین ڕازی بوو، شەو کەل و پەلەکانیان کۆکردەوە و بە ئوتومبیلێک هەموو شتەکانی خۆیانیان گواستەوە بۆماڵە تازەکەیان.

خاوەن مـاڵ کـەژنێکی ڕوخـۆش بـوو بـەڕێزو خۆشەویـستیەوە پێـشوازی لێیانکردوو بۆئێوارەش میوانداری کردن.

بەم شێوەیە یەکەمین شەوی تەنهاییان دەستی پێکرد.

بۆبەیانیش کۆتا ڕۆژی دادگایی بکوژەکانی فەردین بوو، دادگا دەستی پێکرد، ناسرو لەیلا خانمی هاوسـەری و بکـوژانو چـەند بەرپرسـێك لـەێ ئامـادەبوون، بەگوێرەی ئـەو لێکۆڵینەوانـەی کەئەنجامـدرابورن ئـەوەی ئاشـکرا دەکـرد کـە بکوژەکان تاوانبارن و دەبور چاوەڕوانی فەرمانی دادوەر بکەن، کاتژمێرێك پـاش ئەوە فەرمانی کۆتایی دراو، یەکێك لـە بکوژەکـان هـەموو تاوانەکـەی کەوتـە ئەستۆو ئەوانی دی ئازاد کران و ئەویش فەرمانی لەسێدارەدانی درا.

شەو چەند کەسێك لە کەس و کاری تاوانبار چوونە ماڵی ناسـر و بەپێـدانی بڕێك پارە ڕازیانکرد.

ناسر لەپێش چاوی هاوسێکانیدا پارە کەی وەرگرت و "تەنەزولنامـە"کـەی ئیمزاکرد، دادگاش تەنەزولەکەی ناسری قبوڵکردوو تاوانبارەکەی ئازادکرد، بەڵام هاوسێکانی پاش ئەو کارەی ناسر، باوکێك کەلـە بـری خـوێنی کوڕەکەیـدا بـە کەمێك پارە ڕازی بوو ئەویشی لەقومارو تلیاك کێشاندا بـەفیڕۆدەدا پەیوەنـدیان لەگەڵدا بچڕی و ئیتر هیچ ڕێزێکی لە گەڕەکدا نەما.

بەیانی هەمان ڕۆژ بێژەن بڕێك پارەی لە فرزاد قەرز کرد. پـاش تـەواو بـونی کارەکەی، لەگەڵ شیریندا چونە بازارو پێویستیەکانی ماڵیان کڕی، شـیرین لـەو ماڵەدا هەستی بەئاسودەیی و بەختەوەری دەکردوو لەیلا خانمیش لەگەڵیـدا وەك کچی خۆی دەجولایەوە و سۆزو خۆشەویستی بۆدەر دەبڕی.

Scanned with CamScanner

نزیکەی مانگێك دەبوو بێژەن لەو کۆمپانیایەدا کاری دەکرد، هەموو تاکێکی ئەو کۆمپانیایە ڕێزو حورمەتی تەواویان بۆبێژەن هەبوو، ئەو لەماوەی ئەو مانگەدا لە ژمێریاری کۆمپانیاکەدا گەشتبوە پلەیەکی بالاّ، هەمویان لەبواری کارەکەیدا بەدروست و کردار جوانیان دەزانی، ئەویش بە دروستی کارەکانی ڕادەپەڕاندوو لەگەڵ کارمەندەکانیشدا بەهیچ جیاوازیەك ڕازی نەدەبوو.

پاش نیوە ڕۆیەك کەلە کۆمپانیاکە هاتبوە دەرەوە فیلمێکی لەسەر تابلۆی سینەماکە بینی، بەلایەوە باش بوو بۆئەوەی کەمێك بحەوێتەوە بچێتە سەیری ئەوفیلمە، فیلمێکی سەرنج ڕاکێش بوو، بەلاّم لەگەڵ ئەو هەموو ئارە زووەی کە بۆ ئەو فیلمە هەیبوو، لەناکاودا وەك کەسێك بە گوێیدا بدات کەبچێتە دەرەوە، لەخۆڕا هەستایەوە و وەدەر کەوت. یەکسەرە دەنگی هاوارێکی بیست، بەرەو دەنگەکە چوو، چەند لاوێکی بینی کە دەوری کچێکیان داوە و ئازاری دەدەن، هەستی پیاوەتی جولاّو هەڵمەتی بۆبردن، شەڕێکی سەخت لەنێوانیاندا ڕویدا، ئەوان بەهەمویانەوە لەبێژەنیان دەدا، بەلاّم ئەو لێدانانە هیچیان لەمەرداتی و هەڵمەتی بێژەن کەم نەدەکردەوە و لەئەنجامدا خەڵك کەوتنە نێوانیانەوە و لەیەکتریان جیاکردنەوە، بەو هەموو ئازارانەوە کەپێی گەشتبوو چاوی بەدووی کیژەکەدا گێڕا، لەیەکەم نیگادا عاشقی چاوی ڕەش و برژانگی درێژ و لوتی ڕێك و زوڵفی ئاڵتونی کچە کەبوو، لەبەژن و بالاّو جل پۆشینیدا دیار بوو کە کچی یەکێك لەدەوڵە مەمەندەکانە.

تاهاتەوە سەر خۆی کە لەگەڵیدا چەند وشەیەك بڵێ، کچە سوپاسی کردوو بەخێرایی تێپەڕی، بێژەن تاساوو سەرگەردان تەنها بەدوویدا دەیڕوانی تاکو لەپێش چاوی بزربوو، بێحاڵ و بێ ئاگا گەڕایەوە ماڵ، شیرین کەلەڕەنگ و ڕوی



Scanned with CamScanner

شێواوی نیگەران ببوو، هاتە تەنیشتیەوە و کەوتە پرسیار لێکردنی، بەڵام بێژەن بۆیەکەمینجار ڕاستی ڕوداوەکەی لەشیرین شاردەوە و ماندویەتی لەئیش و کاردا کردە بیانوو.

لەکاتی نانخواردنی ئێوارەدا هیچ ئارەزووی نانخواردنی نەبوو، شیرین سەیری دەکرد، بەڵام نەیویست بەپرسیاری لاوەکی بێزاری بکات.

بەهەرحاڵ بێژەن بەبێ ئەوەی جلەکانی بگۆڕێت چوە جێگەی خەوەکەی.

بەردەوام لەبیری کچەکەدا بوو، خەو نەدەچوە چاوەکانی، چەندی دەکرد نەیدەتوانی بەژن و باڵای ئەو کیژە لەبیر خۆی بەرێتەوە، سەرلەبەیانی خەو باڵی بەسەردا کێشا.

لەخەونیدا دایکی بینی بە خۆشحاڵیەوە پێی دەگوت: کوڕی خۆم ئەوە ئەو کچەیە کەمن ئارەزوم دەکرد ببێتە بوکم، ئەوە کچێکی میهرەبان و بەوەفاو ڕاستگۆیە، هەرچیت کردووە ناونیشانی پەیدا بکە و بەزوویی بچۆرە خوازبێنی.

یەکسەرە لەخەو بێدار بویەوە.

کات دەرەنگ بوو هێندەی نەمابو بۆدەوامی کۆمپانیاکە، گێژو بێ ئارام بەرەوکارەکەی چوو. کاتێك گەیشتە شوێنی کارەکەی بیسیت خولەکێك درەنگ کەوتبوو.

بۆیەکەمینجاربوو بێژەن دوابکەوێت، ڕوخساری زۆر خەمبار دەبینرا، قژی شانە نەکردبوو، جلەکانیشی نارێك بوون، بەهەرحاڵێك بوو خۆی گەیاندە ئۆفیسەکەی، بەڵام تواناى کارکردنی نەبوو، مشتەریەکان یەك یەك لەگەڵ نارەزاییان لەژمێریار، چونەدەرەوە.



Scanned with CamScanner

بێژەن کاتێك هەستی کرد کە ناتوانێت لەکۆمپانیاکەدا بمێنێتەوە دەرگای ژورەکەی کلیلدار چووە دەرەوە، بەرەومالەوە کەوتە ڕێ. کاتێ گەشتە مالەوە شیرین لەمالّ نەبوو. تەلەفیزوێنەکەی ئیش پێکرد، بەلاّم تواناو حەوسەلەی نەبوو بەلایەوە دابنیشێت. دووبارە بەرەو شەقام ملی نا، لەخۆڕا هەنگاوی دەنا، خۆیشی نەیدەزانی بەرەو وکوێ دەچێت! لەناکاو وای بەخەیالّداهات بەرەو ئەوسینەمایە بچێتەوە کەدوێنێ لێی بوو، لەدلّی خۆیدا دەیگوت لەوانەیە دوبارە بیبینمەوە.

چەند خولەکێك ڕاوەستا و لەسوچێکدا پشتی بەدیوارەکەوەنا، چاوەڕوان بوو کە بەلّکو هەمدیسان ئەوکچە بێتەوە.

ئێوارەداهات، بەلاّم کچە نەبوو، نائومێدو دلّ شکاو بەرەومالّ گەڕایەوە.

هەرچەند شیرین داوای لێدەکرد ئەگەر کێشەیەکت هەیە پێمبلّێ لەوانەیە بتوانم هاوکاریت بکەم، بێسودبوو ئەولێوی هەلّنەهێنایەوە لەبێ تاقەتیدا پاکەتە جگەرەیەکی کڕیبوو. جگەرەیەکی دەرهێناو دایگیرساندو مژی لێدا، بەلاّم بەدوکەلّی جگەرەکە یەکسەرە دەستیکرد بە هێلّنج دان.

شیرین کەبەتەواوی بوّی نیگەران بووبوو چووە ژورەوەوکاتێك دوکەلّەکەی بینی لەبێزاریدا هاواری کردو چووە دەرەوە، لەوەی کەبێژەن جگەرەی دەکێشا شلّەژا، دەترساکە بەردەوام بێت و لەئەنجامدا بەرەو ڕێگای نادروستی بەرێت.

لەپاش ئەوەی کەکەمێك هاتەوە سەرخۆ گەڕایەوە بۆ ژورەوە ئەوداوای لە بێژەن کرد کەبێ دودلّی و شاردنەوە گرفتەکانی بۆباسبکات و واز لەو کردارەی بهێنێت.

بێژەن کەتازەهاتبوەوە سەرخۆی داوای لێبوردنی لێ کرد کەبووەتە هۆی بێزاری ئەوو لەئاستیدا خۆی بەشەرمەزار دەزانی.

شیرین کەئیتر لەکارە شاراوەکانی بیژەن بێزاربیوو بەھەڕەشەوە پێی گوت: گوێ بگرە بیژەن، ئەگەر پێم نەڵێیت چی ڕویداوە، ھەرئێستا ئێرە جێدەھێڵم و دەگەڕێمەوە بۆلای باوکم. پاشان ئەوی بەگۆڕی دایکی سوێند داو گوتی: گوێبگرە براگیان، ئەگەر پێمی بڵێیت، چ کێشەیەکت بۆ پێش ھاتووە، لەوانەیە بتوانم یارمەتیت بدەم.

بیژەن بۆئەوەی دووبارە نەبێتە ھۆی بێزاری شیرین، ڕوداوی عاشق بوونەکەی بۆگێڕایەوەو پاشان بەڵێنی پێدا کەھەرگیز دەم لەجگەرەوە نەدات.

شیرین گوتی: ئەوە شتێکی وانیە زووتر قسەت بکردایە خۆم دەچومە داخوازی. بیژەن گوتی: بەلآم کێشەکە لێرەدایە کەمن ھیچ ناونیشانێکی ئەو نازانم، جگە لەوەش نازانم ناوی چیە!!.

شیرین کەسەرسام ببوو، بەلآم بەسەر خۆی نەھێناو گوتی: ئەوە شتێك نیە، خۆم دەگەڕێم وسەرەنجام بۆت دەبینمەوە. پاشان کەمێك سەری نایەسەری تاکو کەمێك خۆشحاڵی بکات، بەلآم بیژەن ھەر دڵگوشراوو خەمباربوو، دەستی نەدەچوە ھیچ کارێك، ئەوشەوە بەوحاڵەوە نوست.

بەیانی ماندوو سەرگەردان چوە سەرکارەکەی، بەلآم بەڕێوەبەری کۆمپانیاکە داوای لێکرد کەبەوردی ئاگاداری کارەکانی بێتو ئەوھەلومەرجەی ژمێریاری کۆمپانیاکە بەدروستی لەبەر چاو بگرێت.

بیژەن دەستی بەکار کردو دوبارە بەجدی بەکارەکان ڕا گەشتو سەرقاڵی فایلەکان بوو، لەپاش کۆتایی ھاتنی کار، بەرەوماڵ گەڕایەوە.

لەپاش نیوەڕۆدا شیرین بۆئەوەی کەمێك لەئازارەکانی دوری بخاتەوە گوتی: بیژەن گیان دێیت بڕۆین کەمێك بگەڕێین؟ ئاخرمن دڵم دەگوشرێ کەبەتەنھا

لەماڵەوە دابنیشم. بێژەن ڕەزایەتی نیشاندا. جلەکانی گۆڕی ولەگەڵ شیرین و مەرجاندا کچە بچوکی خاوەنماڵەکەیان بۆگەڕان بەرەو پارکێك ڕۆشتن.

لەچاو ئەوڕۆژانەدا کە تێپەڕیبوو ئەوە یەکەمینجاربوو کەشیرین براکەی بەو شێوەیە خۆشحاڵ ببینێ.

شیرین بەکامەرانیەوە لە بێژەنی دەروانی و بەخۆشحاڵی بێژەن دڵ خۆشوکامەران بوو.

هەرلەوکاتەدا بوکە بێژەن لەشوێنی خۆی وشك بوو. هیچ جوڵەیەکی نەما. شیرین تێی ڕاماو لەو ڕەفتارەی بێژەن بێزاربوو، بەرەو ئەوجێگایە نیگای کرد کەبێژەن چاوی تێبڕیبوو. خێزانێکی چوارکەسی لەوێدا بینی، شیرین ڕوی کردە بێژەن و گوتی : بێژەن گیان چی بوو، چی ڕویدا؟ بۆچی لەناکاو وەهات بەسەرهات؟ ئاخر تەنها وشەیەك بڵێ بزانم چی بووە؟.

بێژەن کەبە تەواوی حەپەسابوو تەنها بەسەری ئیشارەتی کردوو هەمان کیژی بەشیرین نیشاندا، شیرین بەخۆشحاڵیەوە بەرەو لایان هەنگاوی نا، سڵاوی لێکردن.

دایکی کچە بەئاستەم وەڵامی سڵاوەکەی دایەوە و ڕووی لێ وەرگێڕا، بەڵام کچەکە بەڕوویەکی خۆشەوە پێشوازی لێکرد. شیرین بەچاو تێی گەیاند کەدەیەوێت قسەی لەگەڵدابکات. ئەویش مۆڵەتی لەدایکی خواست و لەگەڵ شیرین لەژێر درەختێکدا دەستیانکرد بەگفتوگۆ، کچەکە زۆرنازدارو لەسەرخۆ بوو، لەشیرینی پرسی کەئەو چۆنچۆنی دەناسێ و چ کارێکی پێی هەیە.

شیرین کەلە خۆشیاندا زمانی لەگۆ کەوتبوو کەمێك هێزی دایە بەرخۆی و پاشان گوتی: ئەگەر ڕێگام پێدەدەیت دەمەوێت لەگەڵ براکەمدا بێمە داخوازیتو



Scanned with CamScanner

پاشان بە پەنجەی ئیشارەتی بە بێژەنکرد کەلە گۆشەیەکدا دانیشتبور، کاتێك کچە بێژەنی ناسییەوە، بزە هاتە سەر لێوەکانی.

بێژەن وەك عاشقێك نیگای تێبڕیبوو، نیگاکانیان روبەڕو بونەوە و یەکترینیان لە ئامێز دەگرت. ئەو هەر لەیەکەم نیگادا عاشقی لاوچاکی و مەردایەتی بێژەن ببوو، ئەو بێژەنی وەك لاوێکی بەغیرەت و سەرنج ڕاکێش دیتبوو، پیاوێك کەلە خێزانێکی ماڵ پەرستدا کەمتر بەرچاو دەکەوێت.

— ببورەخانم ناوی بەڕێزتانم نەزانی.

شیرین بەم ڕستەیە ئەوی لەدەریای خەیاڵدا هێنایە دەرەوە و، پاشان بە بزەیەکەوە کەنیشانەی ڕازی بونی بوو گوتی:

ناوم "مریەم "ە پاشان بەپەلەپەل ناونیشان و ژمارەی تەلەفۆنی ماڵەوەیانی لەپارچە کاغەزێکدا بۆنوسی و دایەدەستی‌و پێی گوت: دایکم و باوکم چاوەڕوانی منن، بەبراکەت بڵێ کەهەر ئەمشەو کاتژمێر هەشت و نیو تەلەفۆنم بۆبکات، باشە....، خوات لەگەڵ...، چونکی دایکم کەوتۆتە گومانەوە.

شیرین بەپێکەنین و خۆشحاڵیەوە بەرەو لای بێژەن گەڕایەوە و یەکسەر پارچەکاغەزەکەی دایە دەستی.

دایکی مریەم ژنێکی زۆر بەدەرك بوو، لەبارەی شیرینەوە پرسیاری لەمریەم کرد و ئەویش پێی گوت: شیرین یەکێکە لە هاوڕێکانی سەردەمی قوتابخانەی سەرەتایم و ئێستا لەپاش ئەو هەموو ساڵە یەکترینمان دیوەتەوە، دایکەگیان تۆتازانی ئەو چەندە کچێکی چاك بوو، بەردەوام لەوانەکانمدا هاوکاری دەکردم.

بەلاّم "موهین خانم" کەقسەکانی مریەم دڵنیایان نەدەکرد، بەلاّم هیچێکی تری نەگوت و سەرنجی دابووە نیگاکانی.



Scanned with CamScanner

شیرین و بێژەن بەرەو ماڵەوە کەوتنە ڕێ، بێژەن بەپەرۆشەوە چاوەڕوانی کاتژمێری دیاری کراو بوو کە لەگەڵ خۆشەویستە تاقانەکەیدا بۆیەکەمینجار بەتەلەفۆنی بدوێ.

لەنێوانی ڕێگادا دۆندرمەیەکی بۆکچە بچوکەکەی هاوڕێیان کڕی، تاك و ئەویش لەگەڵ خۆشیەکەی ئەماندا بەشدار بێت.

هەرچەندێك لەکاتی دیاریکراو نزیکتر دەبویەوە لێدانەکانی دڵی توندتردەبوو. سەرەنجام کاتژمێر هەشت و نیوی پیشاندا، بێژەن تەلەفۆنەکەی هەڵگرت، دەستەکانی وەك گەڵای دەم با دەلەرزین، هەرچۆنێك بوو، ژمارەی ماڵی مریەمی لێدا، بەخێرایی تەلەفۆن هەڵگیراو دەنگی مریەمی لێوە بیست، ئەویش وەك بێژەن چاوەڕوان بوو، لەپشتی تەلەفۆنەکەوە دانیشتبوو، بێژەن سڵاوی لێکرد، مریەم بە خێرایی گوتی: دایکم زۆر بەوردی چاودێریم دەکات، بەیانی لەهەمان پارکدا کەدوێنێ یەکترمان تێدا بینی، پاشان بێ ئەوەی وشەیەکی تربڵێ تەلە فۆنەکەی داخست.

بێژەن لەماوەی ئەو چەند ڕۆژەدا تەنها بەشێك لەکارەکانی کۆمپانیاکەی ڕاپەڕاندبوو، ئێستاش بەم گرفتەوە گیرۆدە بوە و نەیدەزانی بەچ شێوەیەك بۆبەیانی داوای مۆڵەت بکات، بەڵام کاتێك دڵی مرۆڤ بەشتێکەوە پەیوەست بوو ئیتر ئامادەیە هەموو شتێك تەنانەت ئەگەر گیانیشی بوە بیکاتە قوربانی لەپێناو گەیشتن بەمەرامەکەی. هەر بەو مەبەستەوە بەشیرینی گوت: کەبەیانی بچێت بۆکۆمپانیاکەو بە ئەحمەد ئاغا بڵێت کەبێژەن کێشەیەکی بۆپێش هاتوەو کەمێك ناساغە بۆیە نەیتوانی بێتە سەرکارەکەی.

ئەحمەدئاغا لەپێشدا کەمێك ڕوی گرژکرد، بەڵام سەرەنجام لەبەر خاتری شیرین بەسەر خۆی نەهێناو گوتی: گرفتێك نییە، بەڵام پێی بڵێ بەیانی زوو بێ دواکەوتن لێرە ئامادە بێت.

بێژەن کەیفخۆش و شادومان کەمێك هاتەوە سەرخۆ و لەسەری کاتژمێری دیاریکراودا بۆدیدەنی مریەم بەڕێ کەوت، بەڵام ماوەیەك چاوەڕوانی کرد تاکو مریەم گەیشت.

کاتێك چاوی پێی کەوت بەخێرهاتنی لێکردو داوای لێکرد پێکەوە بچنە جێگایەکی ترو لەسەر چیمەنەکان دانیشن، تاکو کەمێك پێکەوە گفتوگۆبکەن. هەرچەندە کە دەمێك نەبوو یەکترینیان ناسی بوو، بەڵام ئەو دوانە وەك دوو دڵداری دێرینە هەڵس و کەوتیان دەکرد.

مریەم لەبارەی خێزان و ئیش و کارەوە پرسیاری لەبێژەن کرد، ئەویش پوختەی ژیانی نالەباری خۆیانی بۆ ڕونکردەوە، لەوکاتەوەی کەلە بەرامبەر باوکیدا ڕاوەستایەوە، تاکوئەوکاتەی لەگەڵ شیرینداماڵیان بەجێهێشت، بۆئەوەی بەئاسوودەیی و دوور لەهەموو فشارێکی جەستەیی و دەروونی ژیانێکی نوێ بۆخۆیان دەستنیشان بکەن، هەموو ئەم باسانەی بەوردی بۆگێڕایەوە. لەبارەی کارەکەشیەوە بەڕاستی و دروستی بەوشێوەیەی کەهەبوو بۆی ڕوونکردەوە.

ژیانی بێژەن لێوانلێو بوو لەسەختی و تاڵوسوێری، مریەم دڵی بەحاڵی سوتاو بەو ڕاستگۆییانەی کەلەقسەکانی بێژەندا هەستی پێدەکرد، گەلێك زیاترلەجاران خۆشەویستی لەدڵیدا ڕیشەی داکوتا.

ئەمیش لەبارەی خۆی و لەتوندییە بێ هۆکانی دایکییەوە گوتی: لەدایکی حولحولی وبەدگومان و لەباوکی گێل وسادە کەبەتەواوی لەژێرفەرمانی



Scanned with CamScanner

هاوسەرەکەیدایەو ناتوانێت بە موو لێی لابدات.وەگوتی: باوکم بەتەواوی ژیانی لەدەستی دایکم دایەو هەرچی سەروەت و سامانی هەیە لەسەردایکم تاپۆی کردووە، وەگوتیشی کەدایکم گەلێك گومانا ویییەو هەمیشە بەئوتۆمبێلی تایبەتی من دەباتە زانکۆ، هەرگیز متمانە بەمن وباوکم ناکات. هەرکاتێك کەلەگەڵ هاورێکانمدا بەرەومالی ئەوان دەڕۆم، دایکیشم لەگەڵم دێت تاکو بەوردی و دڵنیاییەوە ئاگاداری من بێت، ئەمڕۆش کەدەبینی بەتەنهام لەبەرئەوەیە هەواڵی بەچاودێری زانکۆ داوە کە مۆڵەتی من نەدات بەتەنها لەزانکۆ بێمەدەرەوە، پاشان مریەم داوای لەبێژەن کردکە لەسەرخوێندن بەردەوام بێت، تاکو لەداهاتودا بتوانێت ژیانی باشتربکات.

بێژەن و مریەم بەتەواوی لە دڵو گیانەوە یەکتریان خۆشدەویست، لەکاتێکدا کە وستیان لەیەکتری جیاببنەوە یەکترینیان لەئامێزگرت و بەخەم وکەسەرەوە لێك جودابونەوە. عەشق لەبونیاندا چەسپی بوو، عەشقێك کەئەو دوانەی پێکەوە کۆکردبووەوە.

مریەم زۆربێ ئارام وخەمباربوو لەچونەدەرەوەی بەبێ کارێك، لەناکاودا بیری دەکردەوە چ بەهانەیەك بۆدایکی بهێنێتەوە کە لە لێدان و قسەناخۆشەکانی پارێزراوبێت.

کاتێك گەشتەماڵەوە لەگەڵ ڕوخساری پڕلەقینی دایکیدا ڕوبەڕوبویەوە.

مهین خانم ئاگاداری کرد کەئەگەربێت و جارێکی تر بێ مۆڵەت لەزانکۆ بچێتەدەرەوە خراپی بەسەردێنێت.

مریەم بۆئەوەی ئەو کوورە پڕ لە ڕق وقینەی دایکی دابمرکێنێتەوە، دەنگی نەکردو بەتەنها لەخەیاڵی مەعشوقەکەیدابوو، ئەوبێژەنی بەپیاوێکی ڕاست د

میهرەبان دەزانی و ئارەزوی دەکرد تەنهاو تەنها لەگەڵ ئەودا زەماوەند بکات و بۆ هاوبەشی ژیانی هەڵی بژێرێت، بەڵام دایکی سوربوو لەسەرئەوەی کەلەگەڵ کوڕی پوریدا زەماوەند بکات.

مریەم (فرشید)ی خۆشنەدەویست وکەسێکی وەها نەبور کەتوانای ژیان و هاوسەرداری هەبێت، مریەم بەهیچ شێوەیەك ئامادە نەبوو ببێتەهاوسەری فەرشید، ئەوتەنها دڵی بە بێژەن دابوو، هەتا ئەگەر باوك و دایکیشی بەم کارە نارازی بن!.

بێژەن لەم کەین و بەینە هیچ ئاگاداریەکی نەبوو، خەیاڵی لەوبارەیەوە کەمریەم خۆشی دەویست ئاسودەبوو، دەشیزانی کەشیرین بەتەواوی هاوکاری دەکات مەرجەکانی جێبەجێ بکات، تاکو لەئەنجامدا بتوانێت لەگەڵ مریەمدا ببنە هاوسەری هەمیشەیی.

بەرەو ماڵ گەڕایەوەو بەسەرهاتی پەیوەندیەکەی بۆ شیرین گێڕایەوە.

پێی گوت کەمریەم پێی گوتووە بەردەوامی بەخوێندن بدات، شیرین هەمان شەو بەرەوقوتابخانەیەکی شەوانە ڕۆشت و ناوی بێژەنی تۆمارکرد. تاکو بتوانێت شەوانە بخوێنێت و بەڕۆژیش لەکۆمپانیاکەدا کارەکانی ئەنجام بدات.

ئەو زۆر ئارەزوی خوێندنی دەکردو ئێستاش لەخەیاڵی ئەوەدابوو چۆنچۆنی بتوانێت بەدڵێکی ئاسودەوە بەردەوامی بەخوێندن بدات، ئەوئیتر هیچ شتێکی لەخودا نەدەویست، تەنها ئاواتی خۆشبەختی وخۆشحاڵی شیرینی خوشکی بوو، بەیانی بەرەو کۆمپانیاکە چوو، لەکاتی خۆیداگەشتە شوێنی کارەکەی، ئەحمەدئاغا نیگایەکی مۆنی تێبڕی و بەئەستەم وەڵامی سڵاوەکەی دایەوە، پاشان بێئەوەی وشەیەکی لەگەڵ بڵێت بێژەنی بەجێهێشت.



Scanned with CamScanner

بێژەن چووە ژوورەکەی تاکو کارەکانی ئەنجامبدات، کارەکان بەسەریدا کەڵەکە ببوون، زۆر چالاکانە دەستی بەکار کرد، بۆئەوەی قەرەبوی کارە دواکەوتوەکانی بکاتەوە. بێژەن ئەو ڕۆژە زۆری لەخۆی دەکردوو بەتەواوی هیلاك و ماندو ببوو. پاش تەواو بونی کار بەرەومال کەوتەرێ، لەرێگادا جوتێك قۆندەرەو کراسێکی بۆشیرین کڕی و گەشتەماڵەوە، شیرین شتومەکەکانی لەدەست گرت و گەلێکیش سوپاسی کرد کەئەمی لەیاد بووە.

بێژەن دەست و دەموچاوی شت و تێروپڕ نانی خوارد، لەپاش کاتژمێرێك خەو زۆری بۆهێناو چووە خەوێکی قووڵەوە، تازە خەوی لێکەوتبوو، کەشیرین لەخەو بەئاگای هێنا و گوتی: مریەم کاری پێت هەیە، بێژەن بەخێرایی لەجێگاکەی دەرپەڕی و تەلەفۆنەکەی لەدەستی شیرین وەرگرت، دەنگی گریانی مریەمی لەتەلەفۆنەکەدا دەبیست، بێژەن بەپەشۆکاویەوە سلاوی لێکرد، مریەمیش بەگریانەوە وەلامی دایەوە، گریان ڕێگەی گفتوگۆی لێبڕیبوو، هەرچۆن بوو توانای دایەبەر خۆی و کەوتە قسە، هەر وشەیەکی دەردەبڕی وەك تیر دڵی بێژەنی کون کون دەکرد، مریەم دەیگوت: دایکم ناچاری کردووم کەلەگەڵ (فرشید )ی پورمدا زەماوەند بکەم، بەلام من سوێندبێت بەخودا ڕازی نیم هەتا بۆیەك چرکەش بەبێ تۆ بژیم، نامەوێت جگە لەتۆ کەسێکی تر لەتەنیشتمەوە ببینم، من هیچ خۆشەویستیەکی فرشیدم لەدڵدا نییە، چونکی تاکو ئێستا هیچ کارێکی دروستم لێ نەبینیوە، چۆن بتوانم وەلامی ڕەزایەتی بدەمەوە و بەدرێژی ڕۆژگار عەزاب بکێشم، ئەگەر تۆ ڕازیت لەگەڵت دێم و پێکەوە سەری خۆمان هەڵدەگرین.



Scanned with CamScanner

بێژەن کەبەتەواوی نیگەران ببوو هەوڵیدا دانبەخۆیدا بگرێت و پاشان بەمریەمی گوت: گوێبگرە هەناسەکەم، ئەوکارەی تۆدەیلێیت بەهیچ جۆرێك لە مرۆڤێکی ژیری وەك تۆ ناوەشێتەوە، چونکی بەمکارەت ئابڕوی باوك و دایکت دەبەیت و خۆیشت لەژیانتدا بەختیار نابیت، بیر بکەرەوەو ڕێگایەکی گونجاوتربدۆزەرەوە، ئەم بیرکردنەوە عەجولانەیەت دروست نیەو لەسەرەتاو کۆتاییدا باشیەکی تێدا نابینم.

ــ من لەمەزیاتر ناتوانم لەبەرامبەر دایکمدا ڕاوەستم، چونکی لەماڵی ئێمەدا تاکەقسەیەك کەبرەوی هەبێت قسەی دایکمە و تەنانەت باوکیشم ناتوانێت بەپێچەوانەی ویستی ئەوەوە کارێك بکات. نازانم چی لەفرشید بینیوە کە دەیەوێت منی بەزۆر پێبدات. ڕاستە ئەو سامانێکی باشی هەیە، بەڵام من نامەوێت شو بەپارە بکەم، من شو بەکەسێك دەکەم کەلەناخی دڵمەوە خۆشم دەوێت، سوێندت دەدەم بەیەزدان کارێك بکە، ئەگینا هێندە بێزاربووم بەدوری مەبینە خۆم بکوژم، یارمەتیم بدە تاکو لەم دۆزەخە پڕ بڵێسەیە کە دایکم بۆی نێڵ داوم ڕزگارم بێت، ئەو بەردەوام منی خستوتە ژێر فشارەوە تاکو لەگەڵ فرشیددا زەماوەند بکەم.

دووبارە گریان مۆڵەتی نەدا، ئیتر نەیتوانی لەگفتوگۆ بەردەوام بێت و تەلەفۆنەکەی داخست، بێژەن دەستی بە تەلە فۆنەکەوە وشك بوو، بەتەواوی پەشۆکابوو نەیدەزانی دەبێت چی بکات، چونکە لەدوورڕێیانێکدا گیری خواردبوو، لەناکاو ڕێگایەکی گونجاوی بەبیردا هات، جلەکانی لەبەرکردوو بەخێرایی لەماڵ چووە دەرەوە و بەرەو لای فەرزاد کەوتەڕێ، تاکو بەهاوکاری ئەو بتوانێت کێشەیەك کەبەرەو ڕوی خۆی و مریەم بوتەوە چارەسەر بکات، بەپەلە خۆی



Scanned with CamScanner

گەیاندەماڵی فەرزاد ، زەنگی دەرگاکەی لێدا ، دایکی فرزاد دەرگاکەی لێکـردەوە ، بێژەن پاش سلاّوو ئەحواڵپرسین هەواڵی فەرزادی پرسی، دایکـی فـەرزاد گـوتی: فەرزاد لەگەڵ بارکیدا نیو کاتژمێر پێش ئێستا لەماڵ دەرچوون.

بێژەن بەخێرایی پارچەکاغەزێکی لەگیرفانی دەرهێناو تێدا نوسی :

*فەرزادی خۆشەویست هەرچۆنێك بووە هەرئەمشەو خۆت بگەیەنەرە ماڵی ئێمە.*

*برات بێژەن.*

ماڵئاوایی لەدایکی فەرزاد کردوو بەخێرایی خۆی گەیاندەوە ماڵ.

مەسەلەکەی بۆشیرین ڕونکردەوە، ئەویش دڵگوشراوو غەمگین لەتەنیشتیدا دانیشتبوو بۆچارەنوسی شومی خۆی و براکـەی فرمێـسکی هەڵدەڕشـت. هێـشا کاتژمێرێك تێنەپەڕیبوو کە زەنگی دەرگاکەیان بەدەنگ هات، فەرزادبوو، پاش بەخێرهاتن فەرموی ژوورەوەی لێکرد، پێکـەوە لـەژوورەوە دانیـشتن، شـیرینیش بەخێرهاتنی لێکردوو پاشان چووە دەرەوە تاکو "چا"یان بۆبهێنێت.

بێژەن هەستی بەشەرمەزاری دەکرد ، کەعاشـق بـونی خـۆی بۆفـەرزاد بـاس بکات، ئەو عاشق بونەی کەئامادەبوو وەك و بت بیپەرستێت.

فەرزاد لەڕوخساری پەشێوی بێژەندا هەستی کردبوو کە کێشەیەکی تایبەتی تاقەت پڕوکێن دووچاری هاوەڵە خۆشەویستەکەی هاتووە، بەلاّم بێژەن نەیدەتوانی کێشەکەی بۆفەرزاد ڕوون بکاتەوە، لەگـەڵ ئەوەشـدا دەیزانـی کەتـەنها فـەرزاد دەتوانێت لەوکێشەیەدا هاوکـاری بکـات، بۆئـەوەی سـەری باسـەکەی لەگـەڵ بکاتەوە بەفـەرزادی گـوت: گـوێبگرە فـەرزاد گیـان ئەگەرکێـشەیەکم بـۆپێش هاتبێت تۆ دەتوانی هاوکاریم بکەیت ؟

فەرزاد بەخەندەیەکەوە گوتی: تـۆ خۆشەویسترین هـاوەڵی منـی و منیش باوەڕی تەواوم بەتۆ هەیە، کێ لای من لـەتۆ بـەرێزوو خۆشەویست تـرە، تـاکو ئەوجێگایـەی دەسـتم بـڕوات و لەتوانامـدا بێـت دڵنیابـە کەبـەدڵ و بـەگیان هاوکاریت دەکەم ، کەواتە ئێستا چیت دەوێت بیلێ :

بێژەن لەم هەڵوێستەی فەرزاد خۆشحاڵبوو بەڵێنیشی لێوەرگرت کەئەم ڕوداوە لای هیچ کەسێك نەدرکێنێ و گوتی: دەبێت تەنها لەنێوانی من و تـۆو شـیریندا بمێنێتەوە. پاشان لەوکاتەوەی کـە مریـەمی بینیبـوو تـا ئەوکاتـەی تەلـەفۆنی بۆکردبوو هەموی بۆگێڕایەوە.

فەرزاد پاش ئەوەی لـە مەسـەلەکە تێگەیـشت هەناسـەیەکی هەڵکێـشا و چاکەی نا بەدەمیەوەو پاشان گوتی: ئەمە کێشەیەك نییە، من و تۆو شیرین خان دەچینەماڵیان و بەشێوەیەکی شایسە داواکاری مریەمت بۆدەکەین.

بێژەن گوتی: کێشەکە ئاڵۆزەدایە، چونکی دایکی ئەو کچە بەهیچ شـێوەیەك ڕازی نییە بەم پێکگەیشتنەمـان، چونکی لەلایەکەوە لەڕوی سەروەت و سامانەوە هاوشانی ئەوان نیم و لەلایەکی تریشەوە ئەو مریەمی بۆ خوشکەزایەکی خـۆی داناوە.

فەرزاد گوتی: مەگەر تۆنەتگوت مریـەم گوتوویـەتی شـوو بـە پـارەو پـول ناکەم؟! وەزۆریش دڵی بەتۆوەیە، دڵنیابە ئەگەر لـەڕوی پـارەوە کێـشەت هەیـە چەندت پێویست بوو مـن ئامـادەم بیـدەم تـاکو بتـوانی بەدڵنیاییـەوە لەگـەڵ مریەمدا زەماوەند بکەیت.

بێژەن زۆر سوپاسی کردوو پاشان گوتی: فەرزاد سوێند بێـت بـەخودا هـەتا ماوم مەمنونی تۆو بنەماڵەکەشتم.



Scanned with CamScanner

فەرزاد گوتی: ئەمانە چ قسەیەکە ؟ دۆستایەتی بۆ ئەم کاتانەیە.

لەوکاتەدا شیرین بەم قسانە گەلێك خۆشحاڵ بووکەبراکەی چ هاوەڵێکی بەوەفای هەیە.

فەرزاد نانی ئێوارەی لەگەڵ خواردن وبۆ ئەوخواردنە پوختەی کە شیرین ئامادەی کردبوو گەلێك دەست خۆشی لێ کرد. شیرین لەپیا هەڵدانەکانی ئەو زۆرخۆشحاڵ بوو. بێژەن بەدڵ خۆشیەوەگوتی: شیرین ئەم خواردنەی بەتایبەتی بۆتۆ دروست کردوە. شیرین لەم قسەی بێژەن لەشەرماندا ڕەنگی سورهەڵگەڕاو لەژورەکە چوەدەرەوە. فەرزاد ویستی خواحافیزیان لێ بکات، سوپاسێکی زۆری لەشیرین کرد کەئەوخواردنە تایبەتییەی بۆدروست کردوە.

فەرزادو بێژەن ماڵئاواییان لەیەکتر کردو بڕیاریاندا کە سبەی شەو پێکەوە بچنە داخوازی مریەم.

پاش ڕۆشتنی فەرزاد ئەوخوشك و برایە لەتەنیشتی یەکەوە دانیشتن و لەبارەی سبەی شەوەوە گفت و گۆیان دەکرد.

بێژەن باوکی هاتەوە یاد لەگەڵ ئەو هەموو خراپەیەی کە دەرهەقیان کردبوی، پڕ بەدڵ حەزی دەکرد لەم خوازبێنیەدا ئەویشیان لەگەڵدا بێت.

بێژەن ڕوی کردە شیرین و گوتی: شیرین گیان، ئەگەر بەلاتەوە ئەرك نییە بەیانی بچۆ بۆماڵی باوکم، ئەگەر ئارەزووی لێبوو بالەگەڵ لەیلاخانمدا بێن و هەموومان پێکەوە بچینە داخوازی مریەم.

شیرین سەرەتا دوودڵ بور، کە لەگەڵ باوکی و لەیلا خانمدا ڕو بەڕوو ببێتەوە، بەڵام دواجار لەبەر خاتری بێژەن ڕازی بوو بەیانی بچێتە ماڵیان و لەو بارەیەوە گفتوگۆیان لەگەڵدا بکات.

بەیانی کاتێك بێژەن چووە سەرکارەکەی شیرینیش خۆی ئامادە کرد بۆ ئەوەی بەرەو ماڵی باوکی هەنگاو بنێت.

هێشتا چەند کاتژمێرێك بەسەر گەشتنی بێژەن بۆ کۆمپانیاکە تێنەپەڕیبوو کە بەرپرسی کۆمپانیاکە ناردی بەدوایدا.

دەرگای ژووری بەرپرس نیوە کراوەبوو، بێژەن بەو پارە ئاسنەی کەلە دەستیدا بوو لەدەرگاکەیدا، وە موڵەتی خواست و چووە ژوورەوە، بەرپرس بەبینینی بێژەن داوای لێکرد دانیشێت و گوێ بۆقسەکانی شل بکات.

- گوێبگرە بێژەن گیان، ئارەزوو دەکەیت لەگەڵ دەستەیەکدا کەخۆت سەرپەرشتیان بکەیت بەنوێنەرییەك بچیتە دەرەوەی وڵات ؟!.

بێژەن بەهیچ شێوەیەك چاوەڕوانی ئەو قسانەی نەدەکرد بەسەر سوڕمانەوە چاوی لەبەر پرسەکە بڕی بوو. ئەو گەلێگ خۆشحاڵ بوو کە سەفەرێك بۆ دەرەوەی وڵات بکات، بەڵام کاتێك ڕوخساری مریەمی دەهاتە پێش چاو بیری ئەو سەفەرەی لەدڵدا بو بەسەرابێك و لە خەیاڵیدا توایەوە، هەرگیز بەلایەوە شایانی پەسەندکردن نەبوو، کە تەنانەت بۆ ڕۆژێکیش لە مریەم دوور بکەوێتەوە، لەم خەیاڵانەدا بوو کە جەنابی بەڕێوەبەر بەئاگای هێنایەوە و گوتی: گوێبگرە ئەزیزم، دەبێت ئەم کاغەزە ئیمزا بکەیت و هەفتەی ئایندە خۆت ئامادە بکەیت بۆئەم نوێنەرایەتییە.

بێژەن بەبێزاریەوە گوتی: بەڵام قوربان من ئامادەیی ئەم کارەم تێدا نییە، چونکی دەزانم ناتوانم لەم کارەدا سەر کەوتووبم و بەدڵ و خواستی ئێوە کارەکان بە ئەنجام بگەیەنم، دووەم من شایانی ئەم نوێنەرایەتیە نیمو کەسانێکی ترهەن کەلەمن شایستە ترن و دەتوانن بەم کارە هەستن.



Scanned with CamScanner

جەنابی بەڕێوەبەر لەوەڵامیدا گوتی: من وای بەباش دەزانم تۆ بەرپرسیارێتی ئەو کۆمەڵە لەئەستۆ بگری و لەگەڵیاندا بچیت، چونکی لەوان هوشیار تری و لەڕویەکی تریشەوە تۆ لەم کۆمپانیایەدا بەرپرسی ئەو کۆمەڵەیت و بێگومان لەبەر ئەوەی ئایندەی کۆمپانیاکە ڕوناکتر بێت و بتوانێت مشتەری زۆرتر بۆخۆی ڕابکێشێت، دەبێت بەم کارە هەستی !.

کاتێك بێژەن دڵنیابوو هیچ چارەیەکی نییە، داوای لێکرد یەك ڕۆژ مۆڵەتی بدات تاکو بیرێکی لێ بکاتەوە و پاشان لەئەنجامەکەی ئاگاداری بکاتەوە.

گەڕایەوە ژوورەکەی و هەر لەخەیاڵی ئەونوێنەرایەتیەدابوو.

تەلەفۆنی بۆماڵی فەرزاد کرد، فەرزاد تەلەفۆنەکەی هەڵگرت، پاش سڵاوو ئەحواڵپرسین پێی گوت: کاك فەرزاد جەنابی بەڕێوەبەر داوای لێکردووم کە وەك نوێنەری کۆمپانیاکە بچمە دەرەوەی وڵات، بەڵام من ئارەزوم نیە بچم بۆ ئەم سەفەرە و لەمریەم جودا ببمەوە، چونکی نازانم مریەم لەپاش من چی بەسەردێ، داوات لێدەکەم ئەگەر بە ئەرکی نەزانی لەگەڵ جەنابی بەڕێوە بەردا قسەبکەیت، بەڵکو بتوانیت لەو بڕیارەی پەشیمانی بکەیتەوە.

فەرزاد لەوەڵامدا گوتی: بەداخەوە من ناتوانم لەم ڕووەوە کارێکت بۆبکەم چونکی لەو لایەنەوە تەنها خۆی دەتوانێت بڕیار بدات، ئەویش لەوانەیە تۆی بە شایستە زانیبێت بۆ ئەم کارە، لەگەڵ ئەوەشدا دڵنیابە من لەگەڵیدا گفت و گۆ دەکەم، بەڵام دڵنیانیم کەبتوانم لەوبڕیارەی پەشیمانی بکەمەوە. پاشان فەرزاد قسەکەی گۆڕی و گوتی: ئایا بۆ داخوازیەکە هەواڵت بەماڵی مریەم داوە؟.

بێژەن گوتی: ئا...هـ.. هیچ لەبیرمدا نەمابوو، ئەوەندە لەبیری ئەو سەفەرەدام کەبەتەواوی ئەمەی لەبیر بردبومەوە، هەرئێستا لەگەڵ باوکیدا تەلەفۆن دەکەم.



Scanned with CamScanner

پاشان بەخێرایی خواحافیزی لەفەرزاد کردوو یەکسەر ژمارەی ماڵی مریەمی لێدا، بەگوێرەی ڕێکەوتنەکەیان مریەم تەلە فۆنەکەی هەڵگرت، مریەمیش لە تەلەفۆنەکەدا گوێی لەدەنگی بیژەن بوو. بیژەن لەخۆشی ئەوەی کەمریەم تەلە فۆنەکەی هەڵگرتووە کەوتە گفت و گۆو ئەحواڵپرسین، دواجار پوختەی مەبەستەکەی پێ ڕاگەیاندو گوتی: ئەگەر باوکت لەماڵەوەیە دەمەوێت لەگەڵیدا بدوێم، چونکە بڕیارمانداوە هەر ئەمشەو لەگەڵ شیرین و هاوڕێیەکی خۆشەویستمدا کەناوی فەرزادە بێینە ماڵتان و داخوازی تۆبکەین.

مریەم بەبیستنی ئەم قسەیە دەتگوت هەموو دنیایان پێشکەش کردووە.

بەپەلە خواحافیزی لەبیژەن کرد، دەترسا لەخۆشیاندا بانگی باوکی بکات و لەو کاتەشدا باوکی لەم پەیوەندیەیان ئاگادار ببێت، بەوهۆیەوە دەم و چاوی تێکداو چووە حەوشەکەوە، لەم کاتەدا باك و دایکی لە گەرمەی قسەکردنابوون، بانگی باوکی کردو گوتی: باوکەگیان پیاوێك لەسەر خەتەو کاری بەتۆهەیە.

"ئاغا زۆراب"ی باوکی مریەم چووە ژوورەوە و تەلەفۆنەکەی هەڵگرت.

بیژەن خۆی ناساند و گوتی: داوای لێبوردن دەکەم کەنەمتوانی سەرەتا بێمە خزمەتتان و ڕوبەڕوو لەگەڵتاندا بدوێم. کارەکەی من وادەخوازێت کەبەتەلەفۆنی گفت و گۆ لەگەڵ بەڕێزتاندا بکەم، ئەگەر موڵەتمان بدەیت دەمانەوێت ئەمشەو بەخزمەتتان بگەین و لەبارەی کاری خێرەوە لەگەڵتاندا بدوێین.

ئاغا زۆراب کەلە دڵەوە زۆر خۆشحاڵ بوو، لەڕوکەشدا کۆنترۆڵی خۆی کردوو گوتی: بەڵام کاکی بەڕێز کچەکەی من دەستگیرانی پورزاکەیەتی و دایکیشی

بەهیچ جۆرێك ڕازی نابێت کچەکەمان لەگەڵ کەسێکی بێگانەدا زەماوەند بکات.

هەربۆیە واییەباش دەزانم ئەزێتی خۆتان نەدەن وبەومەبەستە بەرەومالی ئێمە هەنگاو نەنێن..... بەهەرحاڵ ئارەزوی خۆتانەو لەدوای خواحافیزی تەلەفونەکەی داخست.

پاشان چوە لای مریەمەوەو بەگرژیەوەگوتی: مریەم، تۆئەم پیاوەدەناسیت کەتەلەفونی لەگەڵ منداکرد؟ مریەم بەسەرسوڕمانێکی زۆرەوە گوتی! نە...لەکوێوەبیناسم؟ ئاغا زۆراب کەخەیالی ئاسوودە ببوو گوتی: هیچ، شتێك نیە.

پاشان چوەحەوشەکەوەو لەژێر کەپرەکەدا باسەکەی لەگەڵ موهین خانمدا کردەوە پاشان ڕێکوراست گوتی: هەستە خۆت بۆمیوانداری ئەمشەو ئامادەبکە، چونکە من بەوانم گوت دەتوانن تەشریف بێنن.

مهین خانم کەبینی ئاغازۆراب بەبێ ڕەزامەندی ئەو بڕیاری داوە نیگەرانبوو بەتوڕەییەوە بەئاغا زۆرابی گوت: چۆنچۆنی پێتنەگوتن کەمریەم لەلایەن کوڕی پوریەوە دەستنیشان کراوەومافی ئەوەتان نیە بۆداخوازی پێ بنێنە ئەم ماڵەوە.

ئاغازۆراب هیچی نەگوت ولەژێرەوە سەیری هاوسەرەکەی دەکرد. مهین خانم زۆرتوڕەببوو، واییبیردەکردەوە کەئەوپیاوە بەدڵنیاییەوە پێشتر لەگەڵ مریەم دا قسەی کردوەو مریەم ئەو ڕێگایەی نیشا نداوە کەسەرەتا لەگەڵ باوکیدا قسەبکات، چونکە مریەم لەنەرمی باوکی ئاگاداربوو دەیزانی ئەویش بەکوڕی پورەکەی ڕازی نیە.

مریەم کەلەدوورەوە ئاگاداری ئەوشەڕە دەنوکەیان بوو خۆی لەگێلی داوگوتی:
من لەم بارەیەوە هیچ خەبەرێکم نیە، پاشان خۆی خەریك کرد بەکارەکانییەوە.
شیرین جلەکانی گۆڕی و بەرەومالّی باوکی کەوتەڕێ.. کاتێك لەکۆلاّنەکەیان نزیك بویەوە، جارێکی ترئەو وشانەی کەدەیویست پێیان بلّێ هێنایەوە یادی خۆی.
گەشتبوە بەردەم مالّەکەیان.
چەند جارێك زەنگی دەرگاکەی لێدا، بەلاّم کەسێك دەرگاکەی لێ نەکردەوە.
کاتێك هارسێکەیان شیرینی ناسیەوە هاتە لایەوەو لەباوەشی گرت وگوتی:
شیرین گیان ئەوەلەکوێی؟ چەند مانگێکە ناتبینم.
شیرین گوتی: لەوکاتەوە لەسەر ڕەزامەندی باوکم لەمالّی خالّمدا دەژیم.
ئەوبەو درۆیەی شیرین باوەڕیکردو ئیتر شتێکی تری لەشیرین نەپرسی.
شیرین گوتی: نازانی باوکم بۆکوێ چوە؟
ـ نزیکەی چوار ڕۆژ پێش ئێستا لەگەلّ لەیلا خانم و مندالّەکانی بۆگەشت و گوزار چونەتە گەیلان.
شیرین لەبەر ئەوەی کەلەگەلّیاندا ڕوبەڕوو نەبویەوە گەلێك خۆشحالّبوو، هەناسەیەکی ئارامی هەلّکێشار خواحافیزی لەکچی دراوسێکەیان کرد، ئەو کچە کەناوی فاتمەبوو داوای زۆری لێکرد کە بێچێتە مالّەوەیان و کەمێك پشوو بدات، بەلاّم شیرین گوتی: زۆرم کار هەیەو دەبێت تازووە بگەڕێمەوە لای خالّم نەبادا نیگەران ببێت.
کاتێك گەشتەوە مالّ هێشتا بێژەن نەگەڕابویەوە.



Scanned with CamScanner

شیرین خواردنی تایبەتی ئامادەکردبوو خێرا گەرمی کردەوەو چاوەڕوانی بێژەنی دەکرد، بێژەن پاش ئەوەی کە لەکار گەڕایەوە حەمامی کردوو دڵخۆش و سەرمەست لەگەڵ شیریندا نانی ئێوارەیان خواردوو کەمێك حەوانەوە و پاشان خۆیان بۆ داخوازیەکە ئامادەکرد.

شیرین زۆربەجوانی خۆی ئارایشت کردبوو.

دەوروبەری کاتژمێر حەوت بوو کە فەرزاد بە گوڵ و شیرینیەوە بەسواری ئۆتۆمبێلێکی تازە مۆدیل و جوان هاتە بەرماڵی بێژەن، ئۆتۆمبیلەکەی لە گۆشەیەکدا ڕاگرت، دەرگای ماڵی بێژەن کراوەبوو، چونکی بێژەن لەبەر دەرگاکەدا چاوەڕوانی فەرزادی دەکرد.

پاشان لەگەڵ فەرزاد دا چونە ژوورەوە. شیرین ئەو پۆشاکە نوێیانەی کەبێژەن بۆی کڕی بوو لەبەری کردوو بەوتەمەنە شانزە ساڵیەوە هێندە جوان و پێکەوتوو بوو کە دڵی پیرو لاوی بۆخۆی دەڕفاند.

فەرزاد شیرینی خۆشدەویست، بەلاّم لەبەر ڕێزی بێژەن و دۆستایەتیەکەیان ئەو هەستەی ئاشکرا نەدەکردوو چاوەڕوانی کاتێکی گونجاوی دەکرد تاکو داخوازی شیرین لەبێژەن بکات.

شیرین نیگا پڕلەتاسەکانی فەرزادی هەست پێکردبوو، بەلاّم وای بەخەیاڵدا دەهات کەئەم پەیوەندی و خۆشەویستیەی فەرزاد پەیوەستە بەدۆستایەتی بێژەنەوە.

کاتژمێر هەشتی شەو بوو کەبێژەن و فەرزاد وشیرین گەشتنە ماڵی ئاغازۆراب.



Scanned with CamScanner

بێژەن بەتاسەوە زەنگی دەرگاکەی لێدا. پاش کەمێك كامبیز براتاقانەكەی مریەم دەرگاكەی لێکردنەوە، بێژەن سڵاوی کردو گوتی: لەگەڵ ئاغازۆرابدا بۆکاری خێر ئەمشەومان دیاری کردووە. كامبیز بەخۆشحاڵیەوە بانگی باوکی کردوو گوتی: باوکەگیان وەك بەڵێنتان پێ دابوون وامیوانەکان هاتن.

بەڕێکەوت ئەوشەوە پوری مریەمیش لەوێ بوو.

ئاغازۆراب خۆی گەیاندە لای بێژەن وفەرمووی ژوورەوەی لێکردن.

لەگەڵ بێژەندا فەرزادو شیرین ئەحواڵپرسیان لەئاغا زۆراب کردو پاشان چونەژوورەوە.کاتێك شیرین چوە ژوورەوە ڕوخساری وەك مرواری دەدرەوشایەوە، لەیەك کاتدا نیگای هەمویان لەسەر شیرین ئەبڵەق بوو. كامبیزیش لەگەڵ یەکەم نیگادا عاشقی بوو.

بێژەن وشیرین و فەرزاد لە هۆڵەکەدا لەسەر قەنەفەکان دانیشتن. هەرلەوکاتەدا بێژەن باوکی هاتەوە یاد لەبارەی ڕۆشتنەکەیەوە پرسیاری لەشیرین کرد، شیرینیش بەداخ و کەسەرەوە ئەحواڵی ڕۆشتنەکەیانی بۆگەیلان پێ ڕاگەیاند، بێژەن کەویژدانی ئاسودەببوو، ئیترهیچی نەگوت.

پوری مریەم وکوڕەکەی کە بەبینینی دەستەگوڵ وشیرینیەکە ئاگاداری مەسەلەکەبون، لەبێزاریدا هەستان ولە مهین خان ماڵئاواییان کردو گوتیان: ئێستا ئیتر جێگەی ئێمە لێرەدانییەو شەوێکی تردێینەوە بۆ سەردان.

پاش ڕۆشتنی ئەوان فەرزاد سەری قسەی دامەزراند، مهین خانم هیچ گوێی بەقسەی میوانەکان نەداو بەتەنها مریەمی خستبوە ژێر چاودێرییەوە. مریەمیش بێ ئاگا لەدایکی، زۆربەتاسەوە بوو کەفەرزاد چەند زوترە بچێتەسەرمەسەلەی داخوازیەکە.

فەرزاد پاش ئەوەی زەمینەی بۆداخوازیەکە خۆش کرد، ڕوی کردە ئاغازۆراب وگوتی: مەبەستمان لەم سەردانە ئەوەبوو کەهاوەڵی بەڕێزم کاک بێژەن، کچەکەی ئێوەی بینیوەو دڵی گرتویەتی. ئەگەر ئیزن بفەرموون دەمانەوێت داخوازی مریەم خانم بۆجەنابی کاک بێژەن بکەین.

لەپێش ئەوەدا کەئاغازۆراب لێو هەڵبێنێتەوەو وشەیەك بڵێ مهین خانم برۆکانی تێکداو گوتی: مریەم دەزگیرانی کوڕی پورەکەیەتی وپێش ئێوە بەڵێنمان داوە کەمریەم بدەینەکوڕی خوشکەکەم و بەهۆی ئەوپەیوەندی وخۆشەویستییەی کەلەگەڵ خوشکەکەمدا هەمە، ناتوانم قسەی ڕەت بکەمەوە.

کامبیز کەخۆیشی گیرۆدەی عەشقی شیرین ببوو بەزەردەخەنەیەکەوە گوتی: بێگومان خواستی مریەمیش مەرجە، دەبێت بزانین مریەم گیان چ یەکێك لەم دوانە بۆ شەریکی ژیانی هەڵدە بژێرێت.

مهین خانم بەتەواوی دەنگی هەڵبڕی وگوتی: هەر ئەوەیە کەگوتم، مریەم دەزگیرانی (فرشیدە).

لەو کاتەدا کامبیز بوێری دایەبەر خۆی و قسەکەی بەدایکی بڕی و گوتی: بەڵام دایکەگیان ئێمە هەتاکو ئێستا هیچ بەڵێنمان بەپورم نەداوەو دەبێت بزانین لەم نێوانەدا چ کەسێك شایستەترە کە ببێتە هاوسەری مریەم و زاوای ئەم بنەماڵەیە.

مهین خانم کەلەقسەکانی کامیز تورەببوو قیژاندی بەسەریداوگوتی: لەناو ئەم ماڵەدا بەتەنها من هەم بڕیاربدەم و بۆ هیچ کەسێکی ترنیە قسە لە قسەمدابکات. ئەمەکۆتای قسەیە!!.



Scanned with CamScanner

فەرزاد هاتە ناوقسەکانی مهین خانمەوەوگوتی: بەڵام خانمی بەڕێز، تۆ نـاتوانی بڕیار لەسەر چارەنوسی مریەم خـانم بـدەیت.ماشـاالله ئـەوان خۆیـان بـەگوێرەی پێویست عەقڵ و ژیریيان هەیە کەبتوانن هاوسەری ژیانیان هەڵبژێرن.

مریەم بەقسەکەی فەرزاد غیرەتی بزوت و هەستایەوەو بەدایکی گوت: دایکە گیان بۆچی ناتەوێت دانی پێدابنێیت کە ئیترمن گەورەبووم و خوم دەتوانم لەسەر داهاتوم بڕیاربدەم. من هەرگیز فەرشیدم خۆشناوێ، ڕاستە کەئـەوکوڕی پورمـە، بەڵام هەرگیز پیاوی ژیان نیەو نابێت بەپیاوی ماڵ حسابی بۆبکەیت.

ئەوکوڕێکی بێکارو تەمبەڵە کەجگە لەگـەڕان و سـەیرو سـەفای نادروسـت هیچ کارێکی تری نییە، من ئەم هەموو ساڵە ڕەنجم کێشاوە و وانـەم خوێنـدووە، چۆن بەڕەوای دەزانن بمدەنە کوڕێکی نەخوێندەوارو مفتەخۆر، کەبـەردەوام چـاوی لەگیرفانی دایك و باوکییەتی، ئەگەر گوێ بۆ بۆچونی مـن دەگـرن مـن تـەنها بێژەن بەشایستەی خۆم دەزانم، ئەوەش ڕاستە کە دەیانناسم و دەشزانم ئەو باشترین کەسێکە بۆژیانی من و تەنها لەگەڵ ئەویـشدا بـەختیار دەبم، ئەگـەر بەڕاسـتی بەختیاری و کامەرانی منتان مەبەستە ئـەوا ئێـوەش ڕازی بـن لەگـەڵ بێژەنـدا زەماوەند بکەم، پاشان بائەوەش ئاگاداربن کەمن هیچ کاتێك لەگـەڵ فەرشـیددا زەماوەند ناکەم و ئەو ئامادەییەم تێدانیەو ڕازیشم لەو پێنـاوەدا بۆهەمیـشەیی بەکچی بمێنمەوە !!.

مهین خانم چاوەڕوانی ئەوەی نەدەکرد کەمریەم بەم شێوەیە قسەی بشکێنێ، هەربۆیە ڕوی کردە میوانەکان و قیژاندی بەسـەریاندا و گـوتی: ئێـوە بـەماڵ و سامان مریەمتان فریو داوە، بەڵام ئەو ئارەزووەتان ببەنە گۆڕەوە، تا زووە هەسـتن

و لێرەدا بچنەدەرەوە، من بەم کارە ڕازی نیم و ئەگەر پێویست بکات هەردووکتان دەکوژم و ناهێڵم بەئاکامی خۆتان بگەن.

ئاغا زۆراب کەلە ڕەفتاری خێزانەکەی شەرمەزارببوو داوای لێبوردنی لەفەرزاد کردوگوتی: من گوتم ناتوانم قسەی هاوسەرەکەم ڕەت بکەمەوە و ناشتوانم کارێکی گونجاوتان بۆبکەم، لەبەر ئەوە وەهای بەباش دەزانم دەست لەم داخوازیە هەڵبگرن و بەتەواوی سەری لێ بنێنەوە.

فەرزاد کە لە توڕەییدا ڕەنگی سور هەڵگەڕابوو داوای لەبێژەن و شیرین کرد چەند زووترە ئەومالە جێبهێڵن.

بێژەن دڵی بەحاڵی مریەم دەسوتاو دەیشی زانی لەو چاو نەترسییەی ئەمشەوی دوچاری ئەشکەنجەو ئازارەکانی دایکی دەبێت، هەربۆیە بەبێزاریەوە چووە دەرەوە.

فەرزاد لەناو ئوتومبیلەکەدا دانیشتبوو چاوەڕوانی بێژەنی دەکرد، بەڵام ئەو کە گێژوو دڵگوشراو ببوو گوتی: ئێوە بڕۆن من دەمەوێت کەمێك بەپێ ڕێگە بکەم تاکومێشکم کەمێك ئارام ببێتەوە، هەرچی شیرین و فەرزاد داوایان لێ کرد سودی نەبوو. فەرزاد خێرایی ئوتومبیلەکەی کەم کردبووەوە لەگەڵ هەنگاوەکانی بێژەندا دەڕۆیشت، پاش ڕێگە بڕینێکی کەم بێژەن کاتێك زانی ئەوان لەبەر ئەم خۆیان دوا دەخەن ڕازی بوو بەوەی سواری ئوتومبیلەکە ببێت.

کاتێك گەشتنەماڵەوە، بێژەن داوای لەفەرزاد کرد کەئەو شەوە لای ئەوان بمێنێتەوە، بەڵام شەرم ڕێگەی فەرزادی نەدا لەبەر شیرین بمێنێتەوە، هەربۆیە ڕازی نەبوو ماڵئاوایی لێکردن و بەجێی هێشتن.



Scanned with CamScanner

شیرین و بیژەن پەشێوو ماندوو چونە ژورەوە و بەبێ هیچ وتەیەك چونە جێگای خەو،

بیژەن کەتازە نوێنەرایەتیەکەی هاتبووەویاد لەجێگەکەی هەستاو لەنزیك شیرینەوە دانیشت و گوتی: شیرین گیان من دەبێت بۆماوەی مانگێك ئێرە جێبهێڵم، تۆدەبێت لەوماوەیەدا بەتەنها بژیت، هەوڵ بدە ئاگات لەخۆت بێت.

بڕوابکە ناچاریان کردووم بڕۆم بۆ ئەوسەفەرە ئەگەر ڕەتی بکەمەوە کارەکەم لەدەست دەچێت.

کاتێك شیرین ئاگاداری حالی براکەی بوو ڕەزامەندی نیشانداو بیژەنی دڵنیاکرد، تاك و بتوانێت بەدڵێکی ئارامەوە کارەکانی ڕاپەڕێنێت، کاتێك بیژەن خەیاڵی لەبارەی شیرینەوە ئاسودەبوو ڕوی تێکردوگوتی: شیرین گیان تۆبی و خودا ئاگاشت لەمریەم بێت، ئاگات لێی بێت لەوماوەیەدا کەمن لێرە نیم خوانەکردە نەبادا کارێك بەسەر خۆی بهێنێت، ئاخر ئەو زۆر دڵگرانەو دەترسم بەلایەك بەسەر خۆی بهێنێت، لەگەڵیدا بدوێ و پێی بڵێ کەلەبەرامبەر کەسانێکدا کەدەیانەوێت زمانی تۆ بەند بکەن و بەزۆر بتهێننە سەر ڕاکەی خۆیان بەردەوام بەرگری بکە.

بیژەن پاش ئەوەی کە ئامۆژگارییەکانی بەشیرین ڕاگەیاند چوەوە سەر جێگاکەی.

لەخەونیدا شتی سەیر سەیری دەبینی، یەکێك لەو خەونانەی ئەوەبوو تاکاتێك ئەو لەسەفەرەکەی گەڕایەوە مریەم لەگەڵ فەرشیددا زەماوەندی کردبوو.

شیرین بەهیچ جۆرێك خەو نەچووە چاوەکانی، ئەویش کامبیز دڵی بردبوو خەیاڵی هەرلای ئەوبوو.



Scanned with CamScanner

بــەیانی شــیرین و بیــژەن پێکــەوە بەرچــاییان کــردوو پاشــان بیــژەن چــوە سەرکارەکەی تاکو بڕیارەکەی بەجەنابی بەڕێوەبەر ڕابگەیەنێت، چــووە ژوورەکــەی ئەحمەد ئاغا، بەڵام ئەو هێشتا نەهاتبوو، گەڕایەوە ژوورەکەی خۆی و دووبارە بیری لەدوێنێ شەو دەکردەوە، لەگەڵ هاتنەوەیادی قسەکانی دوێنــێ شــەو وەك ئــەوە وابوو دنیا ئیتر کۆتایی هاتبێت. ئەو بەو ئەندازەیەی کەوابەستەببوو بە شیرینەوە هەربەو شێوەیە مریەمیشی خۆشدەویست. جارێکی تر چــووەوە ژوورەکــەی ئەحمــەد ئاغا، ئەمجارەیان هاتبو، سڵاوی لێکردو چووە ژوورەوە لەسەر کورسیەکە دانیشت.

– باشە بیژەن گیان بیرت لێکردەوە ؟.

– بەڵێ قوربان، چارەیەکم نییە بەغەیری ئەوەی کــەبۆ ئــەو نوێنەرایەتیــە بڕۆم.

– بێگومــان ئەمڕۆ کاك فــەرزاد گفتوگــۆی لــەم بارەیــەوە لەگــەڵ کــردم، داواشی لێکردم ئەگەر دەکرێت ئەم کارە بەکەسێکی تر بسپێرم، بــەڵام مــن پــێم گــوت کــە بەتــەنها تــۆ بەشایــستەی ئــەم کــارە دەزانم، تــەنها تــۆ دەتوانیــت مەبەستەکانی ئەم کۆمپانیایــە بگەیــەنیت، وە زۆر دڵگــران بــوم کەنــەمتوانی داواکەی کاك فەرزاد پەسەند بکەم، باوەڕ بکە لەم نوێنەرایەتیەدا تەنها ئومێدم بەتۆ هەیە، بیژەن دانی بەقسەکانیدا ناو گرێبەستەکەی ئیمزاکرد.

پەرێشان و سەرگێژ لەژوری بەڕێوەبەر چووە دەرەوەو بەرەو ژوورەکەی خۆی ملی نا، چاوی لەپەنجەرەکە بڕیبوو سەیری ئاسمانی جوان و شینی دەکــرد، دوو کــۆتری بینی کە دەیانویست لەگەڵ یەکتردا ڕازوو نیــاز بکــەن، وای هەســتکرد ئــەودوو کۆترە خۆی و مریەمن، ئارەزووی دەکرد لەجێگای ئەو دوو کۆترەدا بونایە و دوور لەهەموو خایلەو خەیاڵێك پێکەوە سەرقاڵی ڕازو نیاز بوایەن.



Scanned with CamScanner

کۆترەکان لەشەقەی باڵیاندا و لەپێش چاویدا ونبوون، بەڵام ئەو چاوی لەسەر پەنجەرەکە ئەبڵەق ببوو ڕوخساری مریەمی لەپێش چاو وننەدەبوو، مریەم بەرەو ڕوی پێدەکەنی و دەستەکانی بۆ بەرز دەکردەوە و ورد ورد لەپێش چاوی کاڵ دەبویەوە، لەپڕدا بێژەن هاتەوەسەرخۆی و سەیری کرد بیست خولەك وادەی کارەکەی تێ پەڕیوە. بەخێرای فایلەکانی کۆکردەوەو ژورەکەی کلیلداو لەکۆمپانیاکە چووە دەرەوە.

هێشتالەدەرگای کۆمپانیاکە تێنەپەڕیبوو فەرزادی بینی کەبەرەو ڕوی دەهات. سواری ئۆتۆمبیلەکەی فەرزاد بوو.

فەرزادگوتی: بێژەن گیان هەرکارێك لەدەستم هاتبێت کردم تاکو تۆ بۆئەوکارە نەڕۆی، بەڵام نەمتوانی کارێکی دڵخۆشکەرانەت بۆبکەم. بەتەلەفۆن قسەم لەگەڵ ئەحمەد ئاغایاکرد، بەڵام ئەوبەتەنیا تۆی بەشایستەی ئەونوێنەرایەتیە دەزانی ودەیگوت ناتوانم کەسێکی ترلەجێگەی ئەوبنێرم. بەڕاستی دڵگرانم، بەداخەوە.

بێژەن گوتی: فەرزادگیان زۆر مەمنونی بەڕێزتم، دەزانم تۆهەوڵی تەواوت داوە، کێشەك نیە....، سەرەنجام ئەومانگە کۆتایی دێ و دووبارە دەگەڕێمەوە لاتان.

بەڕێگاوە سەرقاڵی گفتوگۆبون تاکوگەشتنە بەردەمی دوکانێك، بێژەن داوای لەفەرزاد کردکەئۆتۆمبیلەکەی لەلایەکدا ڕابگرێت تاکو ئەوپێویستیانەی کەشیرین دوای لێکردبوو بیانکڕێت.

لەپاش کڕینی شتومەکەکان سواری ئۆتۆمبیلەکە بونەوەو بەرەو ماڵەوە بەڕێ کەوتن. بێژەن کەدەستی بەشتەکانەوە گیرابوو کلیلەکەی دایەدەست فەرزاد تاکوئەودەرگای حەوشەکەبکاتەوە.



Scanned with CamScanner

فەرزادیش دەرگاکەی کردەوەولەگەڵ بێژەندا چووە ژوورەوە.

شیرین لەسوچێکی حەوشەکەدا قاڵیەکی ڕاخستبوو. کاتێك بێژەن وفەرزادی بینی لەجێگەی خۆی هەستاو چووە ژوورەوە، ئەوان کە لەم هەڵسوکەوتەی شیرین سەریان سوڕمابو بەسەرخۆیان نەهێناو لەدڵی خۆیاندا وایان لێکدایەوە کە دەشێت کارەساتێك ڕویدابێت.

فەرزاد لەسەرقاڵیەکە دانیشت وبێژەن ئەوشتانەی کە کڕیبوونی بردیە ژوورەوە، شیرین لەبەرئەوەی کەبێژەن هەست بەبێزاری نەکات خەندەیەکی دەست کردی کرد، بەڵام بێزاری بەڕوخساریەوە دیاربوو.

شتەکانی لەبێژەن وەرگرت ولەسوچێکی ژوورەکەدا داینا.

- شیرین گیان من و فەرزاد زۆرمان برسییە ئەگەر شتێك ئامادەیە بیهێنە تاپێکەوە بیخۆین.

ئەوڕۆژە فەرزاد بۆئەوەهاتبوو داخوزی شیرین لەبێژەن بکات، بەڵام کاتێك بینی ئەوان نیگەرانن شتێکی لەوبارەیەوە نەگوت وهێشتیەوە بۆکاتێکی لەبار.

شیرین سفرەکەی دایەدەست بێژەن تا ڕایبخات وخۆیشی دەستی کرد بەحازرکردنی خواردنێك کەبۆ نیوەڕۆئامادەی کردبوو.

پاش نانخواردن فەرزاد ڕویکردە بێژەن وگوتی: ئەگەرکێشەنیە دەمەوێت لەبارەی مریەمەوە قسەت لەگەڵ بکەم، بێژەن زەردەخەنەیەکی کردوگوتی: چی تێدایە کەباشترین دۆستم ڕێگەم بۆدابنێ.

فەرزاد پێکەنینێکی کردوگوتی: من لەوەبچوکترم کەبمەوێت ڕێگە نیشانی تۆبدەم، بەڵام دەمەوێت پێتبڵێم ئەگەردەتوانی بیری زەماوەند لەگەڵ مریەمدا



Scanned with CamScanner

لەسەرت دەربکەیت... ئەگەرتۆ بخوازیت هەرکچێکی ترکەدڵت ئارەزووی بکات بۆتدێنم، بە مەرجێك دەست لە مریەم هەڵبگریت.

بێژەن کە لەم گوتەیەی فەرزاد حەپەسابوو گوتی: بەڵام فەرزاد ئەوەلەتۆوە زۆر دورەکەئەم قسەیە بکەیت، تۆیەك ئاگاداری دڵی منی، دەزانی کەمن ناتوانم بەبێ مریەم بژیم، مەگەرتەنیا مەرگ بتوانێت لێکمان جیابکاتەوە، من ومریەم ئەگەر تەنها یەك ڕۆژمان لەژیاندا مابێت ئەبێت بۆیەك بین وهیچ کەسێك ناتوانێت لەیەکمان بکات، ڕاستییەکەی من ناتوانم جگەلەمریەم لەگەڵ هیچ کەسێکی کەدا بژیم. ئێستاکە بەزیندویی دەمبینی تەنها بەهۆی عەشقی ئەوەوەیە، ئەو بەتەواوی دڵمی داگیرکردوە.

فەرزاد سەری داخست و گوتی: من هەست بەئیحساست دەدەکەم، بەڵام ئەوەبزانە مهین خانم لێ ناگەڕێت ئاوی کامەرانی لەگەروتان بچێتەخوارەوە و بەگوێرەی قسەی خۆیشی ئەگەر پێویست بکات هەربەڵایەك کەبیەوێت دورنیە بەسەرتان بهێنێت.

بەهەرحاڵ چی بەباش دەزانی ئەنجامی بدە، بەڵام ئەوە بزانەکەلەو کارەتدا شکست دەخۆی.

پاش کۆتای هاتن بەگفتوگۆکانیان فەرزاد خواحافیزی کردو ڕۆشت.

بێژەنیش داوای لەشیرین کرد کەتەلەفون بۆماڵی مریەم بکات بزانێت دەتوانێت لەگەڵید قسەبکات یان نە.

فەرزاد بەبیری ئەوخوشك و برایەوە تیامابوو. پڕبەدڵ ئارەزوی دەکرد بتوانێت یارمەتیان بدات تاکو لەودەربەدەری و بێچارەییە ڕزگاریان بێت.

لەولایەنەوە بێژەنیش هەستی دەکرد فەرزاد لەڕوی دڵسۆزییەوە ئەوقسانەی کردبوو هەربۆیە لێی دڵگران نەبوو.

شیرین ژمارەی تەلەفونی ماڵی مریەمی لێ دا.

کامبیز تەلەفونەکەی هەڵگرت، کاتێك شیرین خۆی پێ ناساند زۆرخۆشحاڵ بوو. ئارەزووی دەکرد هەرلەو کاتەدا کزەی دڵە پڕلەعەشقەکەی بەتەوای بۆ باس بکات، کەلەناخی دڵیەوە خۆشی دەوێ، بەلاّم لەوە دەترسا بەهۆی کردارە ناشرینەکانی دایکیەوە شیرین بێزاربوبێت و وەلاّمی باشی نەداتەوە.

کامبیزو شیرین هەردوکیان هەستی خۆشەویستی وعەشقیان بۆیەکتری هەبوو. هەریەکەیان خوازیاربوون کەلەوبارەیەوە لەگەڵ یەکتریدابدوێن، بەلاّم هەریەکەیان لەدەربڕینی خۆشەویستیەکەیان ترسیان هەبوو، هەربۆیە لەناخەوە دەسوتان و ورتەیەکیشیان لێوە نەدەهات.

شیرین پرسیاری کرد حاڵتان چۆنە؟

ــ دوێنێ شەوکاتێك ئێوە ڕۆشتنەوە بەهاندانی دایکم، باوکم مــن ومریەمی بەباشی فەلاقەکرد، بەدارکەرتەگیانمان و بەدڵی دایکم لەمریەمی دەدا پاشان دایکم مریەمی بەقژڕاکێشاو بردیە ژورێکەوەو زیندانی کرد، ئێستاش لەوژوورەدا بەندەو هەرچیەکیشی بۆدەبەم نایخوات. ئیمڕۆ وانەیشی هەبو، بەلاّم دایکم پێی گوتوە کەئیتر نابێت پێ بنێتە زانکۆوە. هەرچەند مریەم داوای لێ دەکرد وپێی دەگوت دایە سوێندت دەدەم بەخودا کە لێ گەڕێ بۆ خۆم ژیان هەڵبژێرم مۆڵەتم بدە بالەگەڵ بێژەن زەماوەند بکەم بەگوێی دایکمدا نەچو..نەچو.

مریەم پێی گوت: ئەگەر ڕێگەم نەدەیت لەگەڵ بێژەن زەماوەند بکەم خۆم دەخنکێنم وبەهیچ شێوەیەك لەگەڵ فەرشیددا زەماوەند ناکەم.



Scanned with CamScanner

دایکیشم توڕەبو هەڵمەتی دایەو بەدارکەوتە گیانی و دەیگوت کەهەر دەبێت ببیتە بوکی پورت، خەیاڵی ئەوکوڕە لەسەرت دەرکە.

مریەم پێ داگری دەکرد کەهەرهیچ نەبێت لێم گەڕێ باوانەکانم بخوێنم، بەلاّم دایکم بەردەوام بەسەریدا دەیقیژاند وپێی دەگوت تۆ بەبەهانەی زانکۆوە دەتەوێت بچیتە لای ئەوکوڕە بێ باوك و دایکەو چاوبەست لەئێمە بکەی.

بەخوابچنە ژێرزەویشەوە بەدوتان دەکەوم ودەتانبینمەوەو هەردوکتان دەکوژم، مریەم بەردەوام داوای لێ دەکردو دایکم بێ گوێ پێدان قسەی خۆی دەکرد، پاشان کامبیز هەناسەیەکی ئارامی هەڵکێشاو گوتی: انشاالله دایکم دێتەوەسەرخۆی وبەم زەماوەندە ڕازی دەبێت، پاشان گوتی: شیرین خان ئێستا دایکم لەماڵ نیە دەمەوێت لەگەڵتاندا بەئارامی قسەبکەم، ئەگەربەزەحمەتی نەزانی تەلەفۆنەکە بدەیتە دەست کاك بێژەن تاکەمێك پێکەوەقسەبکەین.

شیرین تەلەفۆنەکەی دایە بێژەن، کامبیز پاش هەواڵ وئەحواڵپرسی لەبارەی کردەوەکانی دوێنێ شەوی دایکییەوە داوای لێبوردنی کردو پاشان گوتی: کاك بێژەن یان دەست لەخوشکەکەم هەڵبگرە وەیان کارێك بکە دایکم سۆزی بجولێنێ و بەم زەماوەندەتان ڕازی ببێت، چونکە بەم شێوەیە مریەم لە دەست دەچێت، هەرچی خواردنی دەدەمێ نایخوات و خەمبار و گۆشەگیر بووە، دڵم بەحاڵی دەسوتێ ئەگەر بەم شێوەیە بمێنێتەوە خوانەکردە........ لەوکاتەدا گریان بینی گرت و مۆڵەتی نەدا قسەکانی تەواو بکات، بە خێرایی خواحافیزی کردو تەلەفۆنەکەی داخست، چووە پشتی پەنجەرەی ئەو ژوورەوە کە مریەمی تێدا زیندانی کرابوو لەدورەوە نیگای بڕیبوە ڕوخسارە مات و شێواوەکەی مریەم، بە



Scanned with CamScanner

لایەوە ئەستەم بوو کە مریەمی میهرەبان و نازەنینی بەم حاڵەوە ببینێ و نەتوانێت کارێکی بۆ بکات.

بێژەنیش لەتاو ئازاری دەروونی پەنای بۆ کونجێك بردبوو، بیری لە داهاتوو ئەو کێشەیە دەکردەوە کەلەسەرە ڕێگەکەیدابوو، ورد ورد خەریکبوو لە هەموو کەسو هەموو شتێك نائومێد دەبوو، ڕۆشتە سەر شەقامەکان و بە شەقامەکانی شاردا بێ ویستی خۆی هەنگاوی دەنا، درەنگانێك هاتەوە ماڵ و یەکسەر چووە جێگەی خەوەکەی و لەدەریای خەیاڵەکانیدا نوقم بوو. بەیانی زوو هەستاو چووە سەرکارەکەی، توانای دانیشتنی لە ژوورەکەدا نەبوو، لەوکاتەدا ئەحمەد ئاغای بەڕێوەبەری کۆمپانیاکە هاتە ژوورەوە، ئەویش بە ڕێزەوە لە جێگەکەی خۆی هەستا، ئەحمەد ئاغا پێی گوت کە پشوو بدات، پاشان چەند پارچە کاغەزێکی نایە بەردەمی و گوتی : ئەمانە بەڵگەنامەی پێویستی سەفەری ئێوەیە بۆ فەرەنسە، پەسپۆرتی منداڵەکانیش بدە بەخۆیان، هەفتەی ئایندە ڕۆژی سێ شەمە فڕۆکە دەردەچێت، پاش ڕۆشتنی ئەوان بێژەن چووە ژووری هاوکارێکانی تاکوو بەڵگەنامەی سەفەرەکەیان پێ بدات، کاتێك گەڕایەوە ژوورەکەی خۆی ژمارە تەلەفۆنی ماڵی مریەمی لێدا، بەلاّم هیچ کەس تەلەفۆنەکەی هەڵنەگرت.

هەفتەیەك بە هەموو ناڕەحەتیەکیەوە تێ پەڕی و بێژەن لەو ماوەیەدا نەیتوانی تەلەفۆن لەگەڵ مریەمدا بکات، تەنها ڕۆژێکی مابو سەفەر بکات، چەند جارێك ژمارەی ماڵی مریەمی لێدا، بەلاّم هەموو کات ئاغا زۆراب تەلەفۆنەکەی هەڵدەگرت و بێژەن بە نائومێدییەوە تەلەفۆنەکەی دادەخستەوە، لەدواین جاردا کاتێك ژمارەکەی لێدا لەناکاو دەنگێکی بیست کە بە گوێی

ئاشنا بوو، له خۆشیاندا وەخت بوو پەڕو پۆ دەرکات، زمانی لەگۆ کەوتبوو، چونکە هەرگیز چاوەڕوانی ئەوەی نەدەکرد تاقانە خۆشەویستەکەی‌و ئومێدی ژیانی، مریەم تەلەفۆن هەلگرێت. پڕبەدڵ حەزی دەکرد ببێتە بەشێك لەشە پۆلی دەنگ و خۆی لەڕێگەی تەلی تەلەفۆنەکەوە بەمریەم بگەیەنێت، بەخۆشحاڵیەوە لەگەڵ یەکدا کەوتنە گفتوگۆو لەبارەی تەواوی ئەو ڕۆژانەوە کەیەکتریان نەدیبوو قسەیان کرد، مریەم گوتی: سوێند بەخوا ئەوشەوەی کەئێوە هاتن هەرهێندەم لەدەست دەهات بەرگری بکەم، هەرچەند تاکو ئەو جێگایەی کە توانام هەبوو بەرەو ڕوی دایکم وەستامەوە، بەلاّم نەمتوانی بڕیارەکەی بگۆڕم. نازانی لە ماوەی ئەو چەند ڕۆژەدا چەندجەورم کێشاوە، نازانی لەسەر تۆ چەند تیری زمانی دایکم دڵ و هەستی بریندار کردوم، بەلاّم بە هیچ شێوەیەك باوەڕم بەرامبەر بە تۆ گۆڕانی بەسەردا نەهات، بگرە بووە هۆی ئەوەی کە عەشقی تۆ لە دڵمدا زیاتر هەست پێ بکەم، تەنها ئومێدم تۆی، بە تەنها جێم مەهێڵە، من بەبێ تۆ دەمرم، من لە خێزانەکەی خۆم دابڕاوم، تاکە هیوام تۆی، سوێند بەخودا ئەگەر نەتوانم لەگەڵ تۆدا زەماوەند بکەم خۆم دەکوژم.

مریەم بە گریانەوە لەگەڵ بێژەندا قسەی دەکرد، بێژەن کاتێك گوێ بیستی وشەی خۆکوشتن بوو هەموو گیانی کەوتە لەرزین وگوتی: ئیتر نامەوێت ئەو وشە نەفرەتییە لە زمانی تۆوە ببیستم، هەتا ئەگەر شوێنی من لەژیانی تۆدا بونیشی نەبێت هێشتا نابێت نائومێد ببیت و ئەو خەیاڵە پڕو پوچانە بخەیتە مێشکتەوە.

مریەم گوتی: بێژەن گیان توبی و خودا ئەو قسانە مەکە، من بەبێ تۆ دەمرم، زیرەی مەرگ دەکەم، خۆشەویستی دەربڕینی ئەو دووانە بەشێوەیەك درێژەی کێشا



Scanned with CamScanner

تاکو لەناکاو دەرگـای حەوشـەکە کرایـەوە، مهـین خـانم و زۆراب ئاغـا هاتنـە حەوشەکەوە، مریەك بەتەواوی حەپەسابوو بەخێرایی خواحـافیزی لەبێـژەن کـرد، بێژەن بە خێرایی گوتی: لەڕاستیدا لەبیرم چوو پێت بڵێم کە نیازم وایە بـە یـانی بۆماوەی یەك مانگ بۆ فەرەنسا سەفەر بکەم، لەو ماوەیەدا ئاگات لەخۆت بێت، مریەمیش بەڵێنی پێدا کە بەقسەی بکات و پاشان تەلـە فۆنەکـەی داخـست و خۆی بەخاوێن کردنەوەی ژوورەکەوە خەریك کرد، کاتێك مهین خانم هاتـە ژوورەوە بینی ڕوخساری مریەم گۆڕاوە، بەتوندی گوتی: ناشێت لەگەڵ ئەو هـەتیوە بـێ ئابڕوەدا قسەت کردبێـت کـەوا خۆشـحاڵ دەتبیـنم، مریـەم کەشـارەزابوو یـاری بەڕوخساری خۆی بکـات گـوتی: مـن کـارم بـەکاری هـیچ کەسـێکەوە نییـە و دەمەوێت ژوورەکان خاوێن بکەمەوە، مهین خـانم وای هەسـتکرد کـە قـسەکانی کاریگەری لەسەر مریەم هەبووە دەستی بەپێکەنین کـردوو لـە ژورەکـەدا چـووە دەرەوە، کاتێك مریەم هەستی کرد توانیویەتی تەفرەی دایکی بـدات نیگاکـانی بڕییە باخچەی حەوشەکەو لەگوڵـە جوانـەکان ڕامـابوو کەبەدەسـتەکانی خـۆی چاندبونی.

ئەو ڕۆژانەی دەهاتەوە یاد کەتازە عاشق ببوو، ئەو گوڵانەی بەیادی یەکـەمین لەدایك بونی عەشقی ژیانییەوە ڕواندبوو.

شیرین پێویستیەکانی بێژەنی ئامادە کردبوو خستیە نێو جانتاکەیەوە، بێـژەن ئەو گفتوگۆیانەی کەلەگەڵ مریەمدا کردبـونی بـۆ شـیرینی گێڕایـەوە، شـیرین لەدڵی خۆیدا دوعای دەکرد کەچەند زوترە ئەو نوێنەرایەتیەی کۆتایی بێت و برا خۆشەویستەکەی ڕووخۆش و شادومان بگەڕێتەوە ئێران.

ئەوشەوەش بەهەموو دڵتەنگیەکیەوە کۆتایی هات، بەیانی زوو فەرزاد بەئوتومبێل بەرەو ماڵی بێژەن کەوتەڕێ بۆئەوەی تاکو فڕگە لەگەڵیدابێت، پێویستیەکانی نایە ناو سندوقی ئوتومبیلەکەیەوەو پێکەوە سوار بون و بەرەو فڕگە بەڕێ کەوتن، چونە هوڵی فڕگەکەوە و چاوەڕوان بوون تاکو ژمارەی فڕینی ئەوان لەبڵندگۆوە ئاشکرا دەکرێت.

هێشتا کاتژمێرێکی بۆفڕینی بێژەن مابوو، بەلاّم هیچ یەکێك لە هاوسەفەرەکانی بێژەن نەهاتبوون، بێژەن چاوی لەدەرەوە بڕیبوو بەڵکو بیانبینێت، بەلاّم لەناکاو مریەمی لەبەرامبەر خۆیدا بینی.

هەرگیز باوەڕی نەدەکرد کە مریەم بتوانێت بۆماڵئاوایی لێکردنی بێتە ناو فڕگەوە. هەردوکیان گێژوو شڵەژاو لەیەکترینیان دەڕوانی، شیرین بەڕێزەوە لەبەریان هەستاو چوو بەپێشوازیانەوە.

پێکەوە لەتەنیشت یەکتریەوە دانیشتن و سەرقاڵی گفتوگۆبوون. شیرین و کامبیز لەوان کەمتر قسەیان دەکردو زۆرتر بەتێڕوانینی یەکترییەوە سەرقاڵبوون. فەرزاد گەلێك هەستی بەتەنهایی دەکرد.

مریەم و بێژەن لەگەڵ یەکتریدا سەرقاڵی ڕازو نیازبوون ، شیرین و کامبیزیش بێدەنگ و پەشۆکاو بەدزییەوە جارجارنیگایەکیان دەگرتەیەکتر.

فەرزاد هەستی کردبوو کە ئەو دوانە پەیوەندیان پێکەوە هەیە، بەلاّم دڵی خۆی بەوە دەدایەوە کەبەهۆی پەیوەندی مریەم و بێژەنەوەبێت، بەسەری خۆی نەهێناو بۆساتێکی کەم لەوان دوور کەوتەوە و چووە کابینەی تەلەفۆنەوە، هەرلەوکاتەدا هاوڕێکانی بێژەن دەرکەوتن. ئەوان سەرقاڵی گفتوگۆبوون کەبێژەن



Scanned with CamScanner

لەپڕدا لە لاپەڕەی ئەو ڕۆژنامەیەدا کەبۆ ڕوداوەکان تەرخان کرابـوو کەبەدەسـتی هاوڕێیەکیەوە بوو هەواڵێکی دڵتەزێنی بەرچاو کەوت.

فرمێسك لەچاوەکانی دابارین، هەمویان ئاگاداری ئەو گۆڕانە کتوپڕەی بیژەن بوون، بیژەن ڕۆژنامەکەی دایە دەست شیرین و ئەویش بـەبینی ئـەو هەواڵـە لـە سەرو ڕوخساری خۆی دەداو گریەو زاری دەکرد.

مریەم کەلەم کارەسـاتە سـەری دەرنـەدەکرد ڕۆژنامەکـەی لەدەسـت شـیرین وەرگرت و بەم شێوەیە خوێندیەوە: بـەهۆی پێکـدادانی لـۆری و ئوتـۆمبیلێکی سوارییەوە لەشەقامی (چالوس)، تـەواوی سەرنـشینانی ئوتومبیلەتایبەتیەکـە هەر لەوێدا گیانیان لەدەست داوە، قوربانیەکان ئەم ناوانەی خوارەوەن:

**ناسری مورادی - لەیلای جەمشیدی - سامان و ساسانی جەعفری.**

داوالەکەس و کاری ئـەو قوربانیانـە دەکـەین سـەردانی پزیـشکی دادوەری بکەن.

جارێکی تر ڕۆژگار شکست و ئازارێکی تری بۆ ئەو خوشك و برا خێر نـەدیوە هێنایەوە. بیژەن وشـیرین لەگـەڵ ئـەو هەموئازارانـەی کـە بەدەسـتی بـاوك و باوەژنیانەوە کێشابویان، بەلەدەستدانیشیان دڵتـەنگ بـوون و بیـژەنی گـیرۆدەی خەمێکی دیکەکردەوە.

بۆدەرچونی ئەو، یەك کاتژمێر زیاتری نەمابوو. ئەو نەیدەزانی کە چۆن دەبێت تەرمی باوکی و خێزانەکەی بەخاك بسپێرێت.

کەسانی چواردەوری سەرخۆشیان لێ کرد، لەو کاتـەدا فـەرزاد ئـەو هـاوەڵ و دۆستە بەوەفایەی بیژەن هاتەلایەوەو دڵی دایەوەو گوتی: هەرگیزدڵگران نـەبیت، من خۆم هەموکارەکان جێبەجێ دەکەم. انشا الله کۆتا خەمتان دەبێت. دەزانم تۆ



Scanned with CamScanner

تا ئەمڕۆ ئازاری زۆرترت کێشاوە، بەڵاّم بە هەرحاڵ ئەمە ڕۆژگارەو هیچ کەسیش ناتوانێت لەکەڵیدا ڕوبە ڕو ببێتەوە.

بێژەن فرمێسکی چاوانی سڕی و گوتی: لەڕاستیدا مەمنونی تۆم.

نازانم بە چ شێوەیەكو بە چ زمانێك لەو دڵسۆزیانەت سوپاس بکەم.

هیوادارم بتوانم ڕۆژێك قەرەبوی ئەو دڵسۆزی و لەخۆ بوردنانەت بۆ بکەمەوە، لە ڕاستیدا شەرمەزاری ئەو هەموو زەحمەتانەی جەنابتم، تۆ هەمیشە وەك برایەکی ڕاستەقینەی من بویت و هەمیشە لەناخی دڵەوە هاوکاری منت کردووە، وەهیچ کات ئەم هەڵوێستانەی تۆم لەبیر ناچێتەوە، فەرزاد بەتوندی هەردو شانی بێژەنی گرت و ڕایوەشاند وگوتی: ئەم قسانە چیە تۆ دەیکەیت؟!!

ئەگەر جارێکی ترئەم قسانە بکەیتەوە لێت نیگەران دەبم ودەڕۆم و بەهیچ شێوەیەك ئاوڕ لەدوای خۆم نادەمەوە.

بێژەن بەو قسانەی فەرزاد زیاتر شەرمە زاربوو، پڕبەدڵ حەزی دەکرد ببێتە یەك دڵۆپە ئاوو بەناخی زەویدا ڕۆبچێت، سەیری چاوە کانی فەرزاد وشیرینی نەدەکرد، لاشەی نوقمی عارەق ببوو.

شیرین دەستەسڕێکی پێدا تاکو ڕوخساری پێ بسڕێت. ئێستا نیو کاتژمێری ماوە بۆ فڕینی فڕۆکەکە، بێژەن دەیزانی بە ڕۆشتنی ئەو شیرین خەمبارو پەشێو دەبێت، هەربۆیە بەڵێنی پێدا هەر بە گەیشتنی بۆ فەرەنسا نامەی بۆبنێرێت.

لەم قسانەدابون لەناکاو ژنێك بەجلێکی تەنکی شێوە غەربیەوە هاتە هۆڵەکەوەو پیاوێکی سادەو شیك پۆشی لەگەڵدابوو، هەردوکیان بەشپرزەییەوە لەهۆڵی فڕۆکەکە ورد دەبونەوە، وەك ئەوەی بەدوای کەسێکدا بگەڕێن، ڕویان بەم لاولادا دەگێڕا.



Scanned with CamScanner

بەڵێ ئەوانە جگە لەمهین خانم و ئەغا زۆراب کەسی ترنەبون.

مریەم لەگەڵ ئەو هەمو ترسەی لەدایکی بیری لەوە دەکردەوە کە چ کەسێك خیانەتی پێ کردون و هەواڵی هاتنی ئەوانی بۆ فڕگە بەدایکی گەیاندووە. ئاخر جگە لە (خۆیو کامبیز و بێژەن و شیرین و فەرزاد) هیچ کەسێکی تر ئاگای لەم رووداوە نەبووە، ئیترکاتێك نەمابوو بۆ بیرکردنەوە. زۆر بە خێرایی مهین خانم و ئاغا زۆراب خۆیان گەیاندە لایان.

مهین خانم سەیرێکی ئەو دوانەی کردو پاشان تفێکی کردە ڕوخساریان و گوتی:

ت...ففف لە هەردوکتان، سەیرکەن چ منداڵانێکم پەروەردە کردوە کە خیانەت بە خۆشم دەکەن.

بۆچی چ شتێکتان لەو کوڕو کچە بێ باوك و دایکە بینیوە کە بەم شێوەیە دەتانەوێت ئابڕومان ببەن، ماشەڵڵا لەتۆکامبیز، غیرەتت لە کوێیە، سەیرکە چۆن بۆ ئەوکوڕە کە لە لای من وەك زبڵ بێ نرخ و بەهایە خۆت کردۆتە ئامێری دەست خوشکەکەت و خواستەکانی ئەو جێبەجێ دەکەیت !! جارێك پێم گوتی و هەزار جاری تریش دەیلێمەوە نامەوێت ئەو کوڕە لە پێش چاوم ببینم.

کامبیز لە شەرماندا سەری داخستبو، بەڵام مریەم چاوی لە چاوەکانی دایکی بڕیبور دەیویست وەڵامی بێ ڕێزییەکانی دایکی بداتەوە، وردورد دەنگی مهین خانم بەرزتر دەبویەوە و ئەوگەشتیارانەی کە لە هۆڵەکەدا ئامادەبون ئاگاداری تورەییەکانی ئەو بون.



Scanned with CamScanner

لەو کاتەدا فەرزاد چووە لای مهین خانمەوەو پێی گوت: داوای لێ بوردن دەکەم، هەمووی تاوانی من بوو. ئەم جارەیان کۆتایی پێ بهێنە تـا ئابڕومـان نەچـێت، هەر ئێستا تۆ بڕۆ مریەم و کامبیزیش لەگەڵت دێن.

مریەم بێ خەیاڵ چـووە لای بێژەنـەوەوخواحافیزی لێکـردو لەسـەرخۆ بـەرەو دەرگای چوونە دەرەوە هەنگاوی دەنا، ئەو کارەی مریەم مهین خـانمی زیـاتر تـوڕە کرد. فرمێسك لە چاوەکانی مریەمـەوە جۆگەلـەی بەسـتبوو، هەرهـەنگاوێکی دەناو سەیرێکی بێژەنی دەکرد. بێژەن تەنها خەیاڵی لای ئەو قسانەی مهـین خـانم بوو هیچی نەدەگوت، لەناخی دڵدا نەفرەتی لە مهین دەکرد.

لەکۆتا یدا مریەم و کامبیز لەپێش چاوی پڕ تاسەی ئەو ون بوون.

فەرزاد لەتەنیش کورسـیەکەی بێژەنـەوە دانیـشتبوو دڵـی دەدایـەوە، چـەند خولەکێك زیاتری نەمابوو بۆ فڕین.

ژمارەی فڕینی ئەوان لە بڵندگۆی هۆڵەکەوە بەرز بویەوە.

- گەشتیارانی ژمارە {٧٤٧} بۆ فڕین بەرەو پاریس بەرەو دەرگای دەرچـونی ژمـارە سێ بەڕێکەون.

سەرەنجام بەرەو وڵاتی فەرەنسا فڕین.

بێژەن لەوکاتەوەی کەسواربوو تاکاتێك کەلەفڕگەی پاریس نیشتەوە بـەردەوام فرمێسکی دەڕشت و دەپاڕایەوە لەوماوەیەی کەلە ئێرانەوە دورە بەلاّیـەك بەسـەر مریەمە خۆشەویستەکەیدا نەیەت.

هەستی بەغـەریبی دەکرد حەزی دەکرد بەهەمان فڕۆکە بگەڕێتەوە ئێران.

لەئەنجامدا بێژەن وهاوەڵەکانی لەگۆشەیەکدا کۆبونەوە، تـاکو ڕێپیـشاندەری تایبەتی ئەوان بۆ جێگای نیشتە جێ بونیان ڕێنماییان بکات.

مەبەست لەم سەفەرەدا بەستنی پەیمانێك بوو لەگەڵ کۆمپانیا فەرەنسیەکانداو فێربوونە پێویستیەکان بۆ دروست کردنی پارچەی یەدەکی پێویستی کۆمپانیاکە.

لەوماوەیەدا لەگەڵ چەند کۆمپانیایەکی فەرەنسیدا گرێبەستیان ئیمزاکرد، لەلایەکی ترەوە ڕۆژانەش لەوانە تایبەتیەکان کەبۆ ئەوان سازکرابوو بەشدارییان دەکرد، لەتەواوی ئەو ماوەیەدا بێژەن بێ حەوسەڵەو خەمگین بوو، دووری لەشیرین و مریەم گەلێکیان نیگەران دەکرد، ئارەزوی دەکرد هەرچی زوترە کارەکەی کۆتایی بێ و بوڵای ئەو دوو خۆشەویستەی بگەڕێتەوە.

لەوماوەیەدا مریەمی بێچارە بەتوندی لەژێر ئازارەکانی مهین خانمدا ئارامی گرتبوو، بەبەهانەگەلی جۆراو جۆرەوە ئازاری دەداو تیری تانەی تێدەگرت و جەستەو دەرونی ئەوی خستبوە ژێر فشاری ئازاراوە.

مریەم لەوماوەیەدا لەخەیاڵی ئەوەدابوو کەلەو پێنج کەسە چ کەسێك خیانەتی بەوو بێژەن کردووە، بێ گومان کەسێك هەواڵی بە باوك و دایکی ئەوداوە، چونکی ئەوان بەیانی زوو لەماڵ چوبونە دەرەوە.

مریەم دووبارە ئەوڕۆژەی هێنایەوەپێش چاوی خۆی، هەمو توانای مێشك و بیری خستبووە کار، تاکو بتوانێت ئەوکەسە بناسێت کە خیانەتی پێکردوون.

لەپڕدا هاتەوەیادی، کەچەند خولەکێك پێش هاتنی ئەوان فەرزادی هاوەڵ و گیانی بەگیانی بێژەن چوەلای تەلەفۆنەکەوەو تەلەفۆنی لەگەڵ یەکێکدا کرد.

هەرگیز باوەڕی نەدەکرد کەفەرزاد خیانەت بەبێژەن بکات، تاکو نیوەشەو خەو نەچووە چاوەکانیەوە.

سەرلە بەیانی بوو کەچوە خەوەوەو تاکو نیوەڕۆ لە خەو بێدار نەبویەوە.



Scanned with CamScanner

مریەم نەیدەتوانی باوەڕبکات کەفەرزاد خیانەتی بەبێژەن کردووە، بەڵام ئـەوە ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگربوو، چونکە فەرزاد بەو خۆشەویستییەزۆرەیەوە کە بۆ شیرینی هەبوو، نەیدەتوانی ببینێت کە ئەودوانە بەخۆشەویستی و عەشـقەوە لـە یەکتری بڕوانن، ئەو لەدڵی خۆیدا بیری کردەوە ئەگەر حـاڵ بـەم شـێوەیە بـڕوات لەوانەیە شیرین و کامبیز هەروەك مریەم و بێژەن وابەسـتەی عەشـقی یـەکتری بن و لەوکاتەدا ئەو شتەی کەئـەو ورد ورد بینـای دەکـرد دورنیـە لەبناغـەوە هەڵتەکێ و بۆهەتا هەتایە ئەو ئاواتەی لەگۆڕبنرێت.

هەرلەوکاتەدا لەو بێ ئاگاییەی ئەوان سودی وەرگـرت و چـوە لای کابینـەی تەلەفۆنەکەوە و خۆی وەك نەناسێك هەواڵی بەمهین خانم دا کەمنداڵـەکانی بـۆ خواحافیزی بێژەن هاتونەتە فڕگەوە.

بەڵێ فەرزاد بۆ بەردەوام بـونی عەشـقەکەی بەباشـترین هـاوەڵی خیانـەتی کردوو بەو جۆرە هەولێدا تاکو بتوانێت بەعەشق وئارەزووەکەی بگات.

بەیانی ئەو ڕۆژە زوو چوە لای شـیرین تـاکو لەگەلێـدا بـچێتە لای پزیـشکی دادوەری‌و تەرمەکان وەرگرنەوە. شیرین بەڵگەنامەی ڕەسمـی لەگـەڵ خـۆی بـردوو هەردوك بەرەو لای پزیشکی دادوەری بەڕێ کەوتن.

پێش ئەوەی بەڕێ کەون فەرزاد لە دەرگای حەوشەکەیاندا وەستا و بەهێواشی گوتی: شیرین خانم ئەگەر گرفت نیە کەمێك کارم لەماڵەوە هەیە.

شیرین بەجولانەوەی سەری ڕازی بونی نیشاندا، فەرزاد زەنگی دەرگاکەی لێدا. چەند چرکەیەك تێ پەڕی بوو دواجار دایکی فەرزاد دەرگای حەوشەکەی کـردەوەو فەرزاد چووە ژورەوە. هەر لەو کاتەدا دایکی فەرزاد چاوی بە شیرین کەوت، زەردە خەنەیەکی کردو چوو بۆ لای شیرین، دایکی فـەرزاد لـە دڵـەوە دەسخۆشـی لـە



Scanned with CamScanner

فەرزادکرد، لە یەکەم بینینیدا هەستی کرد کە ئارەزو دەکات ئەوکچە ئێسك سوکە ببێتە بووکی. شیرینیش لەبەر ڕێزگرتنی ئەو لەجێگای خۆی هەستاو لە ئۆتۆمبێلەکە دابەزی.

دایکی فەرزاد زۆر داوای کرد کە شیرین بچێتە ژورەوەو ئەو شەوەش میوانی ئەوان بێت. شیرین لەبەر ئەوەی بەو پێشهاتە زۆر نیگەرابوو بەلاّم نەی خستە خۆیی و بە میهرەبانیەوە میوانداریەکەی ئەوی ڕەت کردەوەو گوتی: انشا اللە لەکاتێکی گونجاو تردا دێمە خزمەتتان.

فەرزاد کارەکەی بە ئەنجام گەیاند بوو دەیویست بچێتەلای ئۆتۆمبێلەکەوە دایکی هاتە پێشی و گوتی: فەرزادگیان کارێکم پێتە، فەرزاد ڕووی کردە دایکی و گوتی: هەر کارێکت هەیە زوو پێم بڵێ، چونکە زۆرم پەلەیە دەبێت چەند زوترە بگەینە لای پزیشکی دادوەری.

دایکی بەسەر سوڕمانەوە گوتی: ئەی ڕۆ بۆ چی ڕویداوە؟

فەرزاد تۆزێك وەستاو پاشان گوتی: زۆر بەداخەوە باوکی بیژەن و هاوسەرەکەی لە پێکدادانی ئۆتۆمبێلێکدا گیانیان لەدەست داوەو چونکە بیژەن دوێنێ بۆ فەڕەنسە سەفەری کردووە منیش وام بەلاوە پەسەندبوو کە مەراسیمی بە خاك سپاردنەکەیان لە ئەستۆ بگرم و ئێستا دەمانەوێت بڕۆین تەرمەکانیان وەربگرینەوە.

دایکی فەرزاد کە تازەدەیویست ئەو هەڵنێ بۆ داخوازی شیرین، هیچی تری نەگوت و قسە کردنی لەو بارەیەوە هەڵگرت بۆ کاتێکی لەبار.

فەرزاد لە پێشدا ئوتومبیلی فریاکەوتنی تایبەت بە هەڵگرتنی تەرمەکانی ئامادە کردبوو. کاتێك گەشتنە لای پزیشکی دادوەری، شیرین ئەو بەڵگانەی

لەگەڵ خۆیدا هێنابو کە پێویست بوون بۆوەرگرتنەوەی تەرمەکان، تەرمەکانی وەرگرتەوەو لەگەڵ فەرزاددا بەرەوگۆڕستان کەوتنەڕێ.

کاتێك گەشتنە ئەوێ دایك و باوکی فەرزادو چەند کەسێك لە هاوەڵ و هاوکارانی بێژەن و کامبیز و مریەمیش لەوێدا ئامادە بوون.

گۆڕەکان لە پێشدا ئامادە کرابوون، تەرمەکانیان یەك یەك خستە گۆڕەوە، فەرزاد لەباتی بێژەن سوپاسی ئەو کەسانەی کرد کە لەومەراسیمەدا ئامادە بوون.

ئێستا ژمارەی گۆڕەکانی ئەو خێزانە گەیشتبووە چوارگۆڕ.

{ناسر،شەهناز،مینا،فەردین} وەك ئەوەی ئەوانە بیانەوێت پاش مەرگیان لە تەنیشت یەکەوەبن و لەزەتی خێزانی گەرم وگوڕبچێژن.

شیرین بەناچاری لەسەر گۆڕی باوکی هەستا و لەگەڵ فەرزادو دایك و باوکیدا چو بۆ ماڵی ئەوان.

بە پێداگری دایکی فەرزاد شیرین کەمێك خۆراکی خوارد، ڕوخساری غەمگین و تازێ باربوو، هەرچەندە فەرزادو دایکی داوایان لێکرد کە ئەوشەوە لە ماڵی ئەوان بمێنێتەوە قبوڵی نەکردو بیانوی جۆراو جۆری دەهێنایەوە.

ــ زۆرسوپاس، لە ڕاستیدا من لە ئاستی ئێوە شەرمەزارم، هەموو زەحمەتێکی ئێمە کەوتە ئەستۆی کاك فەرزاد، ئەگەر مۆڵەتم بدەن دەمەوێت بگەڕێمەوەماڵی خۆمان، ئاخرلەوێدا ئاسودەترم، بەم شێوەیە دەبمە هۆی زەحمەت بۆ ئێوە.

ــ کچم ئەو قسانە چیە تۆ دەیکەیت، ئێرەش بە ماڵی خۆتان بزانە، هەرکاتێك کە بتەوێت دەتوانی لێرە بمێنیتەوە، جێگای تۆ لەسەرچاومانە.



Scanned with CamScanner

پێداگری فەرزادو دایکی کاریان تێ نەکرد، ماڵئاوایی لێ کردن و لەگەڵ فەرزاددا بەرەو ماڵی خۆیان بەرێ کەوتن.

فەرزاد تاکو بەردەرگای ماڵەوە گەیاندی.

شیرین لەگەڵ ئەوەشدا کە زۆر ئارەزوی دەکرد لای دایکی فەرزاد بمێنێتەوە، بەلاّم لەبەر بونی فەرزاد لەوێدا کە کوڕێکی گەنج و سەڵت بوو لەوێ نەمایەوە.

ئەو نامەحرەم بوو بە شیرین‌و دروست نەبوو کە شیرین شەو لەماڵی ئەواندا بمێنێتەوە.

دایکی فەرزاد دەرکی بەمەبەستی شیرین کردبوو لەناخی دڵەوەخۆشحاڵ بوو کە شیرین ئەوەندە دامەزراوو کات ناسەو ئەم بابەتەش ئارەزوی ئەوی بۆ شیرین چەند جار زیاتر کرد.

ئەگەر دوێنێ بارکی شیرین گیانی لەدەست نەدایە فەرزاد دەیتوانی عەشق و خۆشەویستی خۆی بۆشیرین ئاشکرا بکات، بەلاّم فەرزاد هەستی بەمەکردبوو دەیشیزانی کە لەڕاستیدا شیرین لە بارو دۆخێکی وادانیە کەئەو بیەوێت لەو بارەیەوە قسەی لەگەڵدا بکات.

شیرین سوپاسی فەرزادی کردو فەرموی ژورەوەی لێ کرد، بەلاّم فەرزاد کە دەیزانی شیرین لە ماڵەوە بەتەنهایە، ئەویش وەك شیرین بەهەمان بیانو کە شیرین بۆ خۆی دەیهێنایەوە ئەویش ڕازی نەبوو، خواحافیزی لێکردو لەگەڵ دنیایەك ئومێدو ئارەزووەوە ئەوی بەجێ هێشت و ڕۆشتەوە ماڵەوە، شیرین بەتەواوی هەستی بە غەریبی و تەنهایی دەکرد.

خاوەن ماڵی پیرو میهرەبانیان ئەویش سەفەری کردبوو، ئەو لەو ماڵەدا تاك و تەنها بوو. لە قوژبنێکدا غەمبارو بێزار دانیشت، فرمێسك لە چاوەکانیەوە



Scanned with CamScanner

دەبارین، بۆ تەنهایی و بێ کەسی خۆی فرمێسکی دەهۆنیەوە، ڕوخساری خەم گرتوی بێژەن لە پێش چاوی چەسپی بوو، دەیزانی تاکو کاتێك ئەو لە فەرەنسە دەگەڕێتەوە ئەو دەبێت دەردی تەنهاییەکی زۆر بکێشێت، دڵی بۆ ئەو دەسوتا، مەرگی خۆشەویستانی ئازاریان دەدا. ئێستا ئەوکچێکی تەنیاو بێ کەس بوو کەدەبو لە چاوەڕوانی پاشماوەی خێزانەکەیدابێت تاکو لەنوێنەرایەتیەکەی دەگەڕێتەوە، ئەمشەو درێژترین شەوی تەمەنی ئەو بوو.

بەهەر جۆرێك بوو وەك هەمیشە سپێدەی بەیان جێگای بەو شەوە تولانیە لێژکردو تیشکی زیوینی خۆر بەدەرکەوت. کاتێك لەخەو بەئاگاهات گێژو وڕ سەیری دەورو بەری خۆی دەکرد، هەمووشتێك بەو نامۆ بوو. لە تەختی خەوەکە هاتە خوارەوە، دەست و دەم و چاوی شت، کاتێك گەشتە بەردەم ئاوێنەکە لە بینینی سەرو چاوی خۆی سەری سوڕما، چەندە لاوازو تەپیو بوو، بەناچاری خواردنی بەیانی بۆ خۆی ئامادە کرد، بەلاّم لەچەند پارویەکی بچوك زیاتر چەندی کرد هیچی تری پێ نەخورا. ئاخرهەمیشە لەگەڵ بێژەندا لەسەر سفرەکە دادەنیشتن و قسەیان بۆ یەکتری دەکرد، بەلاّم ئێستا هەر تواناشی نەبوو سفرەکە کۆبکاتەوە.

چەند ڕۆژێك بەم شێوەیە تێ پەڕی، ڕۆژەکان زۆر بە درەنگ لە شیرین دەگوزەرا، هیچ هاوەڵ و هاودەمێکی نەبوو تاکو دەردە دڵی لابکات، هەفتەیەك بەسەر ڕۆشتنی بێژەندا تێ پەڕی بوو، ڕۆژبەڕۆژ دووری بێژەن زیاتر ئازاری دەدا. لە هەموو ئەو ڕۆژانەدا بە تەنها فەرزاد بووکە دەهاتە دیدەنی و ئەگەر پێویستیەکی هەبوایە بۆی جێبەجێ دەکرد، بەلاّم شەرم و حەیای هەردوکیان



Scanned with CamScanner

ڕێگربوو لەوەی کە پێکەوە دانیشن و گفتوگۆ بکەن و کەمێك لـەو تەنهاییـەیان لەبیر بچێتەوە.

ڕۆژی حەوتەمیش تێ پەڕی، هەفتەیەکی ئـازاراوی، شـیرین دوای نـانخواردنی ئێوارە چووە جێگەی خەوەکەی بۆ بەیانی حاڵی تۆزێك باشتر ببوو، دڵـی هـەواڵی پێ دەدا کە ئەمڕۆ کەسێك دێت بـۆ سـەردانی، هـیچ هـەواڵێکی لـە مریـەم و کامبیز نەبوو. پڕبەدڵ حەزی دەکرد لەماوەی ئەو ڕۆژانەدا کە بەتەنها بوو مریەم و کامبیز سەردانیان بکردباو کەمێك ئەویان لەوتەنهاییە بهێنایەتە دەرەوە.

حەزی دەکرد لەگەڵ مریەمدا رازو نیازبکات، چـونکە ئـەو لـەدەردی دووری دەزانی.

شیرین لەسەر جێگای خۆی هەستا، لەسەر سەکۆی حەوشەکە دانیشت، لە بێ ئیشی و لە بێ تاقەتیدا شتوومەکی حەوشـەکەی بـە چـوار دەوری خۆیـدا بـڵاو کردبووەوە.

چەند کاتژمێرێك بەمشێوەیە تێ پەڕی، لەناکاو بەدەنگی زەنگی دەرگاکە بە ئاگا هات، دەستەکانی دەلەرزین بە زەحمەت دەرگاکەی کردەوە، پۆستە چی بـوو. پۆستەچی پیرو میهرەبان سڵاوی لێ کرد لـەناو جانتـای نامەکانـدا نامەیـەکی دەرهێناو دایە دەستی.

شیرین لە خۆشیاندا نەیدەزانی چی بکات، لەشـێوەی سوپاسـدا پاداشـتێکی دایـەو نامەکـەی بـە سـینگیەوە نوسـاند، نامەکـە لەلایـەن بێژەنـەوە هـاتبوو بەتاسەوە خستییە سەرلێوی‌و ماچی دەست و خەتەکـەی بێـژەنی خۆشەویـستی کرد، نامەکەی کردەوەو دەستی بەخوێندنەوەی کرد.



Scanned with CamScanner

لەو کاتەدا پارچە کاغەزێك لەنامەکە کەوتـە خـوارەوە، لەسـەری نوسـرابوو بگات بەدەستی خۆشەویستو گوڵی خۆم مریەم. شـیرین نامەکـەی خـستە لاوەو سەرقاڵی خوێندنەوەی نامەکەی خۆی بوو.

بێژەن لەپاش ئەحواڵپرسیەکی زۆر لە بارەی کارەکەیەوە لە "پـاریس" نوسـی بووی، گەڕان و سەیران لەپاریسدا بەبێ ئەوومریـەم هـەرگیز خۆشـیو ئـارامی فەراهەم ناکەن.

نوسیبوی.

دڵم بۆ ئێران وردوخاش بووە، بیر دەکەمەوە بێ هـودە دەژیـم، بـەلاّم کاتێـك ڕووخساری تۆو مریەم دێتـە خەیاڵمـەوە دوبـارە ئومێـدم بـەژیان تێـدا زینـدوو دەبێتەوە، لەو ماوەیەدا چەندین جار خەونم بە تۆ و مریەمەوە دیوە، دەترسم خـوا نەکردە بەلاّیەك بەسەر مریەم هاتبێت، نزا دەکەم کەهەرچی زووتـرە بگەڕێمـەوە ئێران و ئەم جارەش پێتان شاد ببمەوە، ئێستا بیست و پێنج ڕۆژم ماوە، هیوادارم ئەم چەند ڕۆژەی کە ماومە بەزویی تێ بپەڕێت، لـەم ماوەیـەدا سـەرکەوتنێکی باشم بەدەست  هێناوە، هاڕێکانم هەست بەم سەرکەوتنەی مـن دەکـەن و هـەوڵ دەدەن کارە قورسەکان ڕوبەڕوی من نەکەنەوە.

دەبێت ئەوڕاستیەشت پێ بڵێم، کەیەکێك لەهاوکارانم تۆی لەفرۆکە خانەکەدا بینیوەو زۆرخۆشی لێت دێ، بەلاّم پێم گوتوە دەبێت شیرین خۆی ژیـانی داهـاتوی دەستنیشان بکات.

لەوکاتەدا شیرین برۆکانی جوت کرد، ئەو هەستی دەکرد کەتـەنها پەیوەنـدی بەکامبیزەوە هەیەو حەزی نەدەکرد کەسێك جگەلەکامبیز ببێتە هاوبەشی ژیانی.

دوبارە هاتەوە سەرخۆو لەخوێندنەوەی نامەکە بەردەوام بوو.



Scanned with CamScanner

لەکۆتایدا بێژەن ئاگاداری کردبوەوە کەئاگای لەمریەم بێت، دڵی بداتەوەو هەوڵ بدات ڕێگا چارەیەك بۆ مریەم بدۆزێتەوە، نامەکە کۆتایی هات.

دوبارە نوسراوەکەی بێژەنی ماچ کردو فرمێسك لە چاوەکانی بەربونەوە.

بێژەنی بێچارە بەتەنها لەبیری ئەواندایە.

شیرین لەخەیاڵی ئەوەدابوو کە ئەونامە چۆنچۆنی بەدەستی مریەم بگەیەنێت. چەند جارێك ژمارە تەلەفۆنی ماڵیانی لێدا، بەلاّم هیچ کەسێك وەلاّمی نەدایەوە. بەخەیاڵدا دەهات نامەکە بکاتەوەو بیخوێنێتەوە، بەلاّم هەموو جارێك پاشگەز دەبویەوەو دڵی نەدەهات ئەوکارە ناپەسەندە ئەنجام بدات، لەوکاتەدا بیرێکی باشتری بەخەیاڵداهات. بەپەلە جلەکانی لەبەرکردو بەرەو ماڵی مریەم کەوتە ڕێ. هێشتا چەند هەنگاوێك لەماڵ دورنەکەوتبووەوە گوێی لێبوو بانگی دەکەن. دەنگی مریەمی ناسی، شیرین ومریەم بەبینینی یەکتری یەکیان لەباوەش گرت، شیرین سلاّوی گەرمی لەکامبیز کردو بەبینینیان زۆرخۆشحاڵبوو. مریەم کەدەیزانی شیرین بۆئەنجامدانی کارێك لەماڵ چوەتەدەرەوە گوتی: شیرین گیان، ئەگەر کارێکت هەیە ئێمە نابینە بەربەست و ڕۆژێکی تردێینەوە بۆلات.

شیرین پێکەنینێکی دڵڕفێنی کردوگووتی: لەڕاستیدا دەمویست بێمە ماڵی ئێوە، بەلاّم بێگومان ئێوە لەمن زیرەکتربون ولەژێر باری میوانداری هەڵهاتن. ئێوە هەستتان کردووە کەمن میوان نەوازێکی باشم، ئێستا فەرموون بچینە ماڵەوە وپاشان بۆژوورەوە ڕێنمایی کردن.

شیرین تۆزێك لەپێش ئەواندا ڕۆشت وژوری میوانی پیشاندان وفەرموی ژورەوەی لێکردن، کامبیزو مریەم لەگۆشەیەکی ژوورەکەدا دانیشتن.



Scanned with CamScanner

مریەم چاوی بە وێنە کەی بێژەن کەوت کەبە دیواری ژوورەکەوە هەڵواسرابوو، چو بۆلای وێنەکە، دایگرت و تێی ڕاما. ئاواتی دەخواست ئێستا بێژەن لەتەنیشتی بوایەو پڕ بەدڵ بیان توانیایە پێکەوە گفتوگۆ بکەن. لەوکاتەدا شیرین بە شیرینی ومیوەوە خۆی بەژووردا کرد، بەڵام هێشتا نامەکەی بەمریەم نەدابوو، مریەم وێنەکەی لەجێگەکەی خۆی دانایەوەو لەلای شیرینەوە دانیشت، ئەوان سەبارەت بەوچەند ڕۆژەی کەبێژەن سەفەری کردبوو قسەیان دەکرد.

کامبیز لەشەرماندا سەری داخستبوو جارجارێک بەتیلەی چاو سەیرێکی شیرینی دەکرد، چەند جارێك نیگاکانیان لێکی دەدا.

ـ شیرین گیان دەبێت ببوریت کە ئێمە لەو چەند ڕۆژەدا نەمان توانی سەردانت بکەین، دایکمان بە تەواوی چاودێری دەکردین و نەیدەهێشت لە ماڵ بێینە دەرەوە.

ـ دەزانم کە ئێوە لە بیری مندان، بەڵام هەم من و هەم بێژەنیش نیگەرانت بوین.

پاش گفتوگۆیەکی خۆش، شیرین داوای لێ کردن کە بۆتانی نیوەڕۆ لای ئەو بمێننەوە. قبوڵیان نە کردو گوتیان: دایکم نازانێت ئێمە لە کوێین و گوتومانە بۆ شت کڕین دەچینە دەرەوەو ئێستاش بە تەواوی درەنگ کەوتوین، دەبێت هەرچەند زوترە بگەڕینەوە ماڵ.

شیرین چووە ژورەکەی ترو نامەکەی بێژەنی نایە ناو زەرفێکەوەو هاتەوە لای ئەوان. مریەم حەزی دەکرد تۆزێك زیاتر لای شیرین بمێنێتەوە چونکە ئەو بۆنی بێژەنی لێ دەهات، بەڵام لەبەر ترسی دایکی ناچار بوو بەڕێکەوێت. لەو کاتەدا شیرین نامەکەی دایە دەستی و داوای لێکرد کە ئەم نامەیەی بۆ پۆست بکات.

مریەم بێ ئاگا لەم کەین و بەینە نامەکەی لە دەستی شیرین وەرگرت و نایە ناو جانتا کەیەوە.

مریەم و شیرین جارێکی تر یەکتریان لە ئامێزگرت و تا دیدارێکی تر خوا حافیزیان لە یەکتر کرد.

بەلای کامبیزەوە دابڕان لە شیرین گەلێك سەخت بوو.بەڵام هەرچۆنبوو لەگەڵ ئەوسەختیەشدا ماڵئاوایی کرد و لە ڕێوە چوونە ئیدارەی پۆست.

مریەم بێ ئەوەی سەیری نامەکە بکات دایەدەست لێپرسراوی پۆست.

پاش ماوەیەکی کەم نامەکەی بۆ گەڕاندەوەو گوتی: خانم ئەم نامەیە لەفەڕەنساوە پۆست کراوە واهەست دەکەم بەهەڵەدا چووبن.

لەوکاتەدا مریەم لەوە ئاگاداربوو، شیرین ویستویەتی غافڵ گیری بکات، باوەڕی نەدەکرد بیژەن بەو زووییە نامەی بۆبنێرێت، جارێکی ترگڕی عەشق لەدڵیدا بڵێسەی سەندەوە. ئێستا دڵنیابوو کە بیژەن بەڕاستی خۆشی دەوێ. چونکە هەستی کرد کە بیژەن لەهەر شوێنێکدا بێت لەبیری ئەودایەو لەیادی ناکات.

زەرفی نامەکەی کردەوەو بەتاسەوە سەرقاڵی خوێندنەوەی بوو.

*((بۆ تاقانە خۆشەویستەکەم،هیوای ژیانم،پڕ بەدڵ سلاوم هەیەبۆت.*

*مریەم گیان لەوکاتەوەی لەتۆ دورکەوتومەتەوە ئەو دوریە بۆمن گەلێك سەخت دەگوزارێ ونوێنەرایەتییەکەمی بەتەواوی لەگەڵ تەنگ وچەڵەمەدا ڕوبەڕوو کردۆتەوە، بەتەنها لەبیری تۆدام و دەستم ناچێتە هیچ کارێك وئاگام لەکارە کانم نیە.*

نازانم ئەو چەند ڕۆژەی کەماوەتەوە چۆنچۆنی دان بەخۆمدا بگرم. باوەڕبکە دڵم بەبونی تۆوە لێ دەدات، لەخەو بێداریدا چرکەیەك ڕوخساری تۆم لەپێش چاو ون نابێت.

ئومێدەوارم ئەم نوێنەرایەتیەم هەرچی زوترە کۆتای بێ و بۆلای شیرین و تۆی خۆشەویستر لەدڵ وگیانم بگەڕێمەوە.

مریەم گیان باوەڕبکە لەناخی دڵمەوە خۆشم دەوێیت ولەهەر جێگایەکی ئەم زەوییەدابم یادی تۆ هەمیشە لەگەڵم دایەو هیوایەکی زیاترم بۆژیان پێ دەبەخشێت.

داوات لێدەکەم لەوماوەیەدا کەمن لەئێران دورورم بەباشی ئاگات لەخۆت وشیرین بێت. چونکی بونی من پەیوەستە بەبونی ئێوەوە ئەگەر بچوکترین گرفت بۆئێوە بێتەپێش، هەرگیز لەخۆم نابورم.

سلاوی من بگەیەنە بەکامبیز گیان و پێی بڵێ لەباتی من وەك برایەك ئاگاداری شیرین بکات.

جارێکی تر بەهیوای دیدار.

خۆشەویستی هەمیشەیی تۆ "بیژەن".

فرمێسکی شادی لەچاوەکانی مریەمەوە بەسەر گۆنایدا خلیسکان.

ئەو ئێستا مانای عەشقی ڕاستەقینەی هەست پێکردبوو، ئامادەبوانی ئیدارەی پۆست ئاگاداری ئەم گۆڕانەی مریەم بون و چاویان تێ بڕی بوو.

کامبیز دەستی خوشکەکەی گرت و پێکەوە لەوێ چونە دەرەوە، بەلام مریەم قاچی ڕێگای نەدەگرت. لەوانە بوو ئەگەر کامبیز دەستی نەگرتایە لە خۆشیاندا



Scanned with CamScanner

توانای خۆڕاگری نەمایە و بکەوتایەتە سەرزەوی. هەردوك بە شادی و پێکەنینەوە بەرەو ماڵ بەڕێ کەوتن.

هیچ کەس نەیدەتوانی ڕێژەی خۆشی و زەوقی مریەم دیاری بکات، کاتێك گەشتنە ماڵەوە، لەگەڵ ڕووخساری پڕلە قین و تورەیی و پرسیارە ئازار دەرەکانی مهین خانمدا ڕوبەڕوو بونەوە، بەڵام هەموو ئەو قسە ناخۆشانەی ئەو نەیاندەتوانی تۆسقاڵێك شادی لە بیر مریەم بەرنەوە.

بە هەرحاڵ ئەو ڕۆژەش بە هەموخۆشی و ناخۆشییەکانییەوە دوایی هات و ڕۆژەکانی ئایندە مزگێنی ژیانێکی شادومانیان بە مریەم دەدا. مریەم بێ ئاگا لە یاریەکانی ڕۆژگار دڵی بە ئایندەو وشەجوانەکانی بێژەن سپاردبوو.

فەرزاد بەرەو ماڵی شیرین کەوتەڕێ.کاتێك گەشتە ئەوێ بە هێواشی چەند تەقەیەکی لە دەرگاکەیان دا، چەند چرکەیەك تێنەپەڕی بوو شیرین دەرگاکەی کردەوە. فەرزاد بە شەرمەوە چاوی لە زەوی بڕیبوو. سڵاوی کرد. لەسەر داوای شیرین چووە ژورەوەو لە ژوری میواندا دانیشت.

شیرین بە خێرایی چووە چێشتخانەوەو بەو مەبەستەی چای بۆ بهێنێت.

چەند خولەکێك تێ پەڕی شیرین بە چاکەوە هاتە ژورەوە. چەندە بەو جلە ڕەشانەوە جوانترو سەرنج ڕاکێشتر بوو.

فەرزاد بۆ چەند ساتێکی کەم چاوی لە شیرین بڕی، لە جیهانێکی تردا بوو. پڕ بەدڵ حەزی دەکرد هەر لەو ماوە کورتەدا بکەوێت بەسەر قاچەکانیداو هەر لەوێدا داوای لێ بکات کە وەڵامی خۆشەویستییەکەی بەڕەزابون بداتەوەو لەگەڵیدا زەماوەند بکات. بەڵام تازیە باری شیرین و شەرم و حەیای خودی خۆی



Scanned with CamScanner

بونە ڕێگر کەبەر بە شەپۆلی ئەو عەشقەی بگرێ و لە گوتنی ئەو ڕاستیە شیرینەدا دان بەخۆیدا بگرێت.

ئەو کاتژمێرێك لەوێدا مایەوەو پاش چەند گفتوگۆیەکی ئاسایی بڕیاری ڕۆشتنی دا ئەویش لەو کاتەدا کە شیرین لە جێگای خۆی هەستاو گوتی : کاك فەرزاد بەیارمەتیت من دەڕۆم تاکو هەندێ خواردن ئامادە بکەم.

ــ زۆرسوپاس شیرین خان. من خۆم بەنانخۆری ئێوە دەزانم، بەڵام لەگەڵ داوای لێبوردندا لە شوێنێك میوانم و دەبێت هەر ئێستا بڕۆم.

پێداگری شیرین کەڵکی نەبوو فەرزاد لەوە زیاتر بە دروستی نەزانی بمێنێتەوەو خۆی بۆڕۆشتن ئامادە کرد.

پێش ئەوەی لە دەرگا بچێتە دەرەوە ڕویکردە شیرین و گوتی: هەرکات کارێکت هەبوو یان کێشەیەکت هاتە پێش خێرا هەواڵم پێ بدە، ئەوە ئەرکی سەرشانمە کە بە دوورکەوتنەوەی بێژەن چاودێری تۆ بکەم.

شیرین سەری داخست و بە شەرمەزارییەوە سوپاسی کرد. فەرزادیش خوا حافیزی لێ کردو بە سواری ئۆتۆمبێلەکەی لەوێدا دور کەوتەوە.

لە ڕێگادا بەردەوام بیری لە شیرین دەکردەوە. هەموو بیرکردنەوەیەکی ئەوەبوو کە بەچ ڕێگایەك دەتوانێت بەشیرین بگات، بەردەوام لە بیری ئەوەدابوو بە چ شێوەیەك شیرین لەم ڕازە ئاگادار بکات، چونکە ئەو دەیزانی لە هەموو ئەو ماوەیەدا بە چاوی برایانە سەیری کردوەو زیاتر بەو هۆیەوە ئازاری دەکێشا، لەم خەیاڵانەدا بوو گەشتە ماڵەوە.

دایکی خۆی گەیاندە لای و لە بارەی شیرینەوە پرسیاری لێ کرد. فەرزاد گوتی : هێشتا لەبەر لەدەستدانی باوکی خەمبارەو دوبارە بۆ دوری بێژەن گەلێك بێتاقەتە. نازانم چی بکەم تاکو ئەو لەو بێزارییە ڕزگاربکەم.

دایکی فەرزاد کە چاوەڕوانی قسەیەکی وەهابوو بە هۆشیارییەکی تەواوەوە گوتی: کارەکانی دنیا ئاوایە. یەکێك دێتە دنیاوەو یەکێکی تربەجێی دێڵێ، شیرین دەبێت ئارام بێت چونکە ژیان لەوەتەی هەیە هەر وابووە. وا هەست دەکەم لە ماوەی ئەو تەنهاییەیدا تەنها کەسێك کە بتوانێت ئەو لەم تەنهاییە ڕزگار بکات تۆیت.

ــ بەڵام کێشەی من لەوەدایە کە شیرین من بەبرای خۆی دەزانێت و هەر لەبەر ئەمەیە نازانم چۆن ئەو باسەی لابدرکێنم.

دایکی گوتی: لێگەڕێ با بێژەن لە سەفەر بگەڕێتەوە خۆم دەڕۆمەماڵیان و داخوازی لێ دەکەم.

تەنها نیگەرانی فەرزاد ئەمە نەبوو. ئەو ئاگاداری پەیوەندی کامبیزو شیرین ببوو، دەترسا ئەو بەربەست بێت لە ڕێگایدا کەبە شیرین بگات.

بەڵام لەم بارەیەوە هیچ قسەیەکی لەگەڵ دایکیدا نەکردو ڕاستی قسەکانی دایکی سەلماندو بەم شێوەیە داخوازییەکەی شیرینی بۆ پاش گەڕانەوەی بێژەن دواخست.

لەو ماوەیەدا فەرزاد چەند جارێکی تر چووە سەردانی شیرین و نەیدەهێشت بە تەنها بێت. لەلایەکی ترەوە مریەم و کامبیز چەند جار چونە دیدەنی ئەوو ئەوسەردانانە بوونە هۆی وابەستەیی زیاتری کامبیزو شیرین پێکەوە.



Scanned with CamScanner

کات بە خێرایی تێدەپەڕی کاتی گەڕانەوەی بێژەن نزیک بویەوە. لە یەکێك لەو ڕۆژانەدا مریەم نهێنییەك کە بەتەواوی بیرو هۆشی داگیر کردبوو لەگەڵ شیریندا درکاندی و گوتی : شیرین لە یادتە ئەو ڕۆژەی کە ئێمە هاتینە فرگە یەکسەرە دایك و باوکم بە شلەژاوی هاتنە ئەوێ. بێگومان کەسێك بەوانی گوتبوو کە ئێمە لەوێین، من لە فەرزادی هاوەڵی بێژەن بەگومانم!!.

شیرین کە لەم قسەیە واقی وڕمابوو گوتی: لەوانەیە بە هەڵەدا چوبی، بە بۆچونی من تاکو دڵنیانەبیت نەدەبوو لەم بارەیەوە لەگەڵ هیچ کەسێکدا گفتوگۆ بکەیت. فەرزاد کوڕێکی پاك و دڵسۆزەو لە ماوەی ئەو چەند ساڵەدا هەر کارێك کە لەدەستی هاتبێت بۆ من و بێژەن ئەنجامی داوەو ئەو کارە ناپەسەندە لەو ناوەشێتەوە، وا باشترە ئەم خەیاڵانە لە مێشکتدا بسڕیتەوە.

دووڕۆژی تری مابوو بۆ گەڕانەوەی بێژەن. شیرین خۆی بۆ پێشوازی ئەو ئامادە دەکرد. لە خۆشیدا پێی ئەرز نەدەکەوت. مریەمیش هەمان هەستی شیرینی هەبوو، چرکە چرکە کاتی دەژمارد تاکو ئەو دوو ڕۆژەش کۆتایی بێت و بتوانێت لەدوای یەك مانگ خۆشەویستەکەی ببینێتەوە.

فەرزاد بە تەواوی لە هەوڵدا بوو دایکیشی ئاگادارکرد تاکو هەر کارێك کە بە چاکی بزانێت ئەنجامی بدات.

کامبیز ئیتر توانای خۆڕاگری لە دەست دابوو. هاتو چووی فەرزاد ئەوی نیگەران کردبوو. لەدڵی خۆیدا بیری کردەوە ئەگەر درەنگ پێڕابگات دورنیە باڵندەکەی عەشقی لەدەست دەرچێ و لەشەقەی باڵ بدات. ئیتر نەیدەتوانی ڕازی دڵی بشارێتەوەو بەم شێوەیە سەبارەت بە عاشقبونەکەی بۆ مریەم دووا.



Scanned with CamScanner

هەرچەندە مریەم خۆشی لەم بارەیەوە لە چەند شتێك ئاگادار بوو، بەڵام لەم ڕوی نەدەدایەوە بۆئەوەی کامبیز خۆی پێشدەستی بکات.

پاش ئەوەی کەکامبیز ماوەیەك لەگەڵ خۆیدا ورتە ورتی کرد لەئەنجامدا بانگی مریەمی کردو گوتی: مریەم چەند خولەکێك کارم پێتە، مریەم کەچاوەڕوانی ئەم کاتەی کردبوو گوتی: چیتدەوێت بیڵێ گوێم لێتە.

ـ گوێ بگرە مریەم، ماوەیەکە دەمەوێت شتێکت پێ بڵێم، تەنها کەسێك کەلەم بارەیەوە بتوانێت هاوکاریم بکات تۆی. هەڵبەت لەو ماوەیەدا دەرفەتێکی لەبار نەبوو تاکو لەم بارەیەوە قسەت لەگەڵدا بکەم. چونکە تۆش هێندە دڵخۆش نەبوی وکاتێکی شیاویشت نەبووە، بەڵام ئێستا دەمەوێت بە وردی گوێ بۆقسەکانم بگریت و بیرێك لەم دڵە پڕئازارەی من بکەیتەوە.

مریەم بە پێکەنینێکی لەسەر خۆوە گوتی: زۆرباشە من هەموو گیانم گوێیە بڵێ بزانم چ یارمەتیەکم بۆبرا تاقانەکەم لە دەست دێ.

کامبیز کەمێك منجە منجی کردو گوتی: ڕاستیەکەی ئەمەیە کە من عاشق بووم. تەنها ئەو دەتوانێت خۆشبەختی من بگەیەنێتە لوتکە، ئەوکچێکی پاك وبەڕەوشتە.حەزدەکەم تەنها ئەو لە تەنیشتی خۆمدا ببینم، بەڵام لەوە دەترسم نەکا بەهۆی ئەو جوانیونازدارییەیەوە ئێستا دەزگیرانی کەسێك بێت. بەم قسانە واهەست دەکەم لە مەبەستم حاڵی بوویبیت. تۆ ئەو بەتەواوی دەناسیت. تەنها تۆ دەتوانیت هاوکاریم بکەیت. توبیو خودا ئەم کارەم بۆبکەو لەم عەزابە ڕۆحییە ڕزگارمکە.

مریەم دەیزانی کە کامبیز مەبەستی چ کەسێکە، بەڵام بەجۆرێك هەڵسوکەوتی دەکرد وەك ئەوەی ئەم قسەیە بەلایەوە تازە بێت. لەبەرئەوە ڕوی تێ



Scanned with CamScanner

کردو گوتی: بڵێ بزانم ئەو کچە خۆشبەختە کێیە کەئەم کامبیزە ڕاڕایەی بەم شێوەیە گیرۆدەی خۆی کردوە، دەبێت من ئەو مەلە خۆشبەختە لە کوێ بناسم؟!!

کامبیز کە لە شەرماندا چاوی لە زەویەکە بڕیبوو گوتی: خۆت باشتر دەزانی ئەوکەسە جگە لە شیرین کەسێکی تر نیە.

مریەم زەردەخەنەیەکی کردوگوتی: تاکو ئەو جێگایەی من بزانم شیرین تا ئێستا دەسگیرانی نیە، بەلاّم بۆ ئەوەی خەیاڵی تۆ ئاسودە بکەم، هەر ئەمڕۆ دەچمەماڵیان و لەم بارەیەوە لەگەڵیدا گفتوگۆ دەکەم و ڕاستیەکەی لە ژێر زمانیەوە دەردەکێشم، کامبیز زۆرخۆشحاڵ ببوو سوپاسی کردو پاشان باسەکەی گۆڕی تاکو لەمەزیاتر شەرمەزار نەبێت.

دوانیوەڕۆی هەمان ڕۆژ بەدزی دایکیەوە مریەمی بردە ماڵ شیرین و پاشان خۆشی لەسەری کۆڵانەکەدا چاوەڕوانی مریەمی دەکرد.

شیرین بە بینینی مریەم لەو کاتەداو بەبێ بونی کامبیز سەری سوڕمابوو. بەنیگەرانیەوە پرسی: مریەم گیان شتێك ڕوی داوە کەبەم شێوەیە ملت ناوەو بەتەنها هاتوی؟

مریەم بەڕویەکی گەشاوەوە گوتی: نیگەران مەبە ئازیزم، لەگەڵ کامبیزدا هاتوم، بەلاّم چونکی بەڵێنی بە هاوەڵەکانی دابوو منی تائێرە هێناو خۆی ڕۆیشت.

مریەم لەگەڵ شیریندا چونە ژورەوەو سەرگەرمی گفتوگۆبون زۆربەی قسەکانیان لەبارەی هاتنەوەی بێژەنەوە بوو.

شیرین بێ ئاگا لەهەموو شتێك بەردەوام لەگەڵ مریەمدا قسەی دەکرد، کامبیزی بێ چارەش لەسەری کوڵاندا چاوەڕوان مابویەوە.



Scanned with CamScanner

مریەم بە زیرەکییەوە باسەکەی گۆڕی و گوتی : ئەگەر خودا حەزبکات پاش هاتنەوەی بێژەن دەبێت شیرینی بوکێنی تۆ بخۆینەوە ! وایە؟

شیرین کە ڕەنگی لە شەرماندا سور هەڵگەڕابوو سەری شۆڕکردەوەو هیچی نەگوت، مریەمیش ئەودەرفەتەی قۆستەوەو گوتی: شەرمی ناوێ، ئەگەر دەسگیرانت هەیە یان چاوەڕوانیتی ئاگادارمان بکە تاکو ئێمەش بەو پیاوە خۆشبەختە ئاشنابین. شیرین کە خۆی بەگوڵی قالیەکەوە خەریك کردبوو گوتی: ئەم قسانە بۆمن زۆر زووە، لەڕاستیدا نەدەزگیرانم هەیەو نە لەبیری زەماوەندکردنیشدام.

مریەم گوتی : بۆچی بیر لەزەماوەند ناکەیتەوە ؟

شیرین گوتی : یەکەم بێژەن دەبێت بگات بەماڵ و حاڵی خۆی پاشان نۆبەی من دێت. ئەگەر تاکو ئەوکاتەش داواکارێکی باشم بۆ پەیدا ببێت.

مریەم کەچاوەڕوانی قسەیەکی وایدەکرد گوتی: ئەگەر ئێستا پێت بڵێم داواکارێکی باشت بۆپەیدا بووە، چی ؟ خۆێشت دەیناسی!

شیرین دوبارە خۆی بەگوڵەکانی قالیەکەوە خەریك کردو بێ دەنگ بوو. پاش کەمێك بێدەنگی شکاندوگوتی: باشە، بەڵام من هیچ هەڵوێستێکم نیە، دەبێت بێژەن بڕیاری لەسەر بدات، ڕازی بونی ئەو ڕازی بونی منیشە.

مریەم کە سەرەنجامی قسەکانی خۆی وەك ویستبوی بەدەستی هێنابوو باسەکەی گۆڕی و بەیەك گەشتنەوەیانی لە فرگەدا دەست نیشان کرد. پاشان خواحافیزی لەشیرین کرد وگەڕایەوە لای کامبیزی پەشێو چاوەڕوان، پاش ڕۆشتنی مریەم شیرین بەدنیایەك پرسیاری جیاوازەوە بەتەنهایی مابویەوە، لەدڵی خۆیدا بیری دەکردەوە ئاخۆ چ کەسێك خۆشی دەوێ وئەم بەخۆیشی نازانێت. ڕەنگە



Scanned with CamScanner

ئەوکەسەبێت کەبێژەن لەنامەکەیدا باسی کردبوو، بەڵام من ئەوناناسم، تەواوی ئەوکەسانەی کە ئەو دەیناسین لە درکەس تێنەدەپەڕین ئەوانیش فەرزادو کامبیزبوون. بەبۆچونی ئەو فەرزاد نەبوو، لەبەرئەوەی تائێستا فەرزاد هیچ هەڵوێست و شتێکی وەهای نیشان نەداوە کەدەلالەت لە خۆشەویستی بکات، بەبۆچونی شیرین فەرزاد بەوهەموو سەروەت و سامانەوە هەرگیز بیرلە شیرینێکی بێ نەوا ناکاتەوە. دووەم ئەو فەرزاد بەبرای خۆی دەزانێت. بەڵام بۆی هەیە ئەو کەسە کامبیزبێت، ئەوەیان زۆر نزیکترە، چونکە کامبیز هەمیشە بەشێوەیەك سەیری دەکات کە دەیەوێت بەچاوەکانی شتێکی پێ بڵێ.

مریەم کاتێك گەشتە لای کامبیز خەندەیەکی سەرکەوتوانەی کردو پاشان ئەو قسانەی کە لەنێوان خۆی و شیریندا ڕویاندابوو بۆی گێڕایەوە. کامبیزیش خەندەیەکی ڕازی بونی خستە سەر لێوەکانی.

کاتێك شیرین و کامبیز لە بەرامبەر یەکتردا بون، لە ڕەفتارو شێوەی سەیرکردنەکانیان دەبوو تێبگەن کە دڵیان بەیەکتر سپاردووە، بەڵام هەردوکیان عەشقەکەیان لەژێر پەردەی شەرم و حەیادا شاردبووەوەو شتێك نەبوو کەسێك بەو نیگایانەیان بکەوێتە گومانەوەو سرپیان ئاشکرا بکات. هەریەکەیان ئەو ساتانەیان بە گومان و دودڵییەوە بەسەردەبرد. بەڵام ئێستا کامبیز خەیاڵی خۆی ئاسودە کردبوو، کەئەم ڕازەی لای خوشکەکەی درکاندبوو تاکو بە هاوکاری ئەو بتوانێت لە عەشق و پەیوەندیەکەی خۆی بەرامبەر بە شیرین دڵنیا بێت. بەڵام شیرین هێشتا لە گومان و دودڵیدا بوو. شیرین هەستی بە سەرنجە پڕلەتاسەکانی کامبیز کردبوو، ئەوسەرنجانە ببونە هۆکاری ئەوەی کە شیرین بەرەولای خۆیان

کەمەند کێش بکەن و لە ناخی خۆشیدا هەستی بەو خۆشەویستیە تازەیە کردبوو.

بۆگەڕانەوەی بێژەن تەنها ڕۆژێکی مابوو. شیرین، مریەم، کامبیز. فەرزادو باوك و دایکی خۆیان بۆپێشوازی بێژەن ئامادە دەکرد، بەلاّم لەهەمان ڕۆژدا دووبارە کەسێکی نەناسراو تەلەفۆنی بۆماڵی ئاغا زۆراب کردوئاگاداری کردنەوە کە مریەم خان و کاك کامبیز دەیانەوێت بۆ پێشوازی لەبێژەن بچنە فڕگە. مهین خانم گەلێك توڕەببوو، بەلاّم لەو کاتەدا بەفێڵبازییەوە لە مریەمی پرسی:

ـــ باشە مریەم خان ئەوکاك بێژەنەی ئێوە بڕیارە بەیانی بگەڕێتەوە لە سەفەرەکەی ؟!!

مریەم کەزۆرسەرسام ببوو خۆی لەگێلی دا، بەلاّم لە دەرونیدا ئاشوبێك بەرپا ببوو، لەو کاتەدا گومانی نەما کە کەسێك لەو پێنج کەسە دەیەوێت خیانەت لە بێژەن و مریەم بکات و بە بۆچونی ئەو ئەوکەسەش جگە لەفەرزاد کەسێکی ترنەبوو.

مێشکی مریەم لەو پرسیارانەی دایکی هاتە جۆش. ئاخر چۆنچۆنی دایکی لەو مەسەلەیە ئاگاداربووە، بەلاّم بەخوێن ساردیەوە دایکی بێ وەلاّم جێهێشت و بەرەو لای کامبیز ڕۆشت تاکو لەم بارەیەوە لێی بپرسێت، ئایا ئەو هەواڵی بەدایکی داوە یان نە!!

کامبیز لە ژورەکەی خۆیدا بوو، مریەم بە بێزارییەوە بانگی کردو گوتی :

ـــ کامبیز تۆ بەدایکمت گوتوە کەبەیانی بێژەن لە فەڕەنسا دەگەڕێتەوە؟

کامبیز بە حەپەسانەوە سەیرێکی مریەمی کردوگوتی : تۆ وادەزانی من بەدایکم هەواڵی گەڕانەوەی بێژەنم داوە؟ تۆیەك کەدەزانی ئەگەر دایکم بزانێت ناهێڵێت

پیّ لەم ماڵە ببەینە دەرەوە، بەم کارە من ناتوانم شیرین ببینم و هەم تۆش بیێژەن نابینیت، ئیێستا تیێگەشتیت کەئەم کارە بە زیانی هەردوکمانەو هیچ کات من ناتونم کارێکی ئاوا بکەم. هەردوکیان بەشكو گومانەوە چوبونە دەریای خەیاڵەوە. ئاخر چ کەسێك لەگەڵ ئەواندا دوژمنایەتی دەکاو ناشیەوێت خۆی ئاشکرا بکات.

خەیاڵی مریەم لەبارەی شیرینەوە ئاسودەبوو، بەڵاّم لە فەرزاد زۆر دڵنیا نەبوو. ئەو ڕۆژەی فرگەی دوبارە هیێنایەوە یادو ئەو گومانانەی کە لەفەرزادی هەبوو بۆجارێکی تر لە زهنیدا زیندوو بویەوە، وردوردخەریکبوو باوەڕی تەواوی دەکرد کەئەوە فەرزادە خیانەتیان پیّ دەکات. بەڵاّم بۆچی؟ ئەوکە باشترین دۆست و هاوەڵی بیێژەنەو بەردەوام بیێژەن دەیگوت: فەرزاد تاکو ئیێستا هەرکارێکی لەدەست هاتبێت بەرامبەر بەمن درێغی نەکردوە، بەڵاّم بۆچی ئەو لەم نیێوانەدا دەیەوێت کارەکەیان تیێك بدات، ئەمە شتیێك بوو کە مریەم چی دەکرد وەڵامەکەی بۆ پشتڕاست نەدەکرایەوە.

مریەم ئەوهەموو گومانانەی خۆی بەکامبیز ڕاگەیاندو کامبیزیش وەك مریەم لەومەسەلەیە سەری سوڕمابوو.

بەهەرحاڵ ئەورۆژە چوونەدەرەوەی کامبیزو مریەم لەماڵەوە قەدەغەبوو، ئەوان بەدڵیێکی پڕلەقین وبیێزارییەوە ناچاربون لەماڵەوە بمیێننەوە، مریەم گیرۆدەی شکستیێکی بەهیێزی ڕۆحی هاتبوو. دایکی کەسیێتی وخۆشەویستی ئەوی بەقسە تەشەراویەکانی کردبووە گاڵتەجاڕو ئەوانەش زۆر زیاتر هەستی مریەمی بریندار دەکرد.

جارێکی تر پیێداگریەکانی مهین خانم دەربارەی زەماوەندکردنی مریەم لەگەڵ فەرشیددا گوڕی پەیدا کردەوەو مهین ئەورۆژە بەلیێبڕانیێکی تەواوەوە هەوڵی دەدا



Scanned with CamScanner

کچەکەی بخاتە ژێرفشارەوە تاکوبۆهەمیشە لەبێژەن دوربکەوێتەوە و بەوجۆرەش بتوانێت ڕازی بکات زەماوەند لەگەڵ فەرشیددا بکات.

دوانیوەڕۆی ئەوڕۆژە هەلێك بۆ مریەم هاتەپێش کەبتوانێت لەگەڵ شیریندا بەتەلەفۆن گفتوگۆ بکات. ژمارەی ماڵیانی لێدا.

شیرین کاتێك دەنگی مریەمی لەتەلەفۆنەکەوە بیست گەلێك خۆشحاڵبوو بەڕوی خۆشەوە سلاوی لێکرد، بەلام شەپۆلی خەم لەدەنگی مریەمدا خۆی دەکوتاو شیرین خێرا دەرکی پێکرد. مریەم بەدڵگرانیەوە وەلامی سلاوەکەی دایەوەو گوتی : شیرین گیان. من و کامبیز ئەمڕۆ ناتوانین بێین بەپێشوازی بێژەنەوە. ئەمڕۆش کەسێك تەلەفۆنی بۆماڵی ئێمە کردووە، کەئێمە نیازی چوونە فڕگەمان هەیە. هەرلەبەرئەوە دایکم ڕێگەی نەداین لەماڵ بێینە دەرەوە. نازانم چ کەسێك دوژمنایەتی لەگەڵماندا هەیە کەبەم شێوەیە دەبێتە هۆی ئازاردانی من و کامبیز. لەگەرمەی ئەم گوفتوگۆیانەدا بوون لەپڕ دەنگی دایکی بیست، بەخێرایی خواحافیزی لەشیرین کردو تەلەفۆنەکەی داخست وشیرینی بەچەندان خەیاڵ وگومانەوە گیرۆدەکرد.

شەوگار نیوەبوو مریەم لەبێزاری و دڵگرانیدا پێچی لەخۆی دەداو نەیدەتوانی بنوێت. کامبیزیش بەهەمان شێوەی خوشکەکەی بوو. لەبەرئەوەی نەیاندەتوانی شیرین و بێژەن لەفڕگەدا ببینن گەلێك نیگەران بونوو هەریەکەیان لەخەمی دوریدا دەسوتاو نەیاندەتوانی هاوارێکیش بکەن.

بەیانی زووشیرین لەخەو بێداربوویەوە. چوەحەمام وپاشان جلێکی هەرزۆرجوانی لەبەرکردو قژەڕەشەکەی شانەکرد. کەفەرزاد تەلەفونی کرد ئەم

خۆی ئامادەکردبوو. فەرزاد داوای لێ کرد کە لەماڵەوە چاوەڕوانی بکات تاکو ئەویش بێت و لەگەڵ خۆیدا بیباتە فڕگە.

پاش نیوکاتژمێر فەرزادو دایك و باوکی گەشتنە ماڵی ئەوان تاکو لەگەڵ شیریندا بچن بە پێشوازی بێژەنەوە. شیرین لەبەر دەرگای حەوشەکەیاندا چاوەڕوانی فەرزادی دەکرد، بەبینینی دایك و باوکی فەرزاد لە ئوتۆمبیلەکە نزیك کەوتەوەو لە جامی ئوتۆمبیلەکەوە سلاّوی لێ کردن. پاشان بەشێوازێکی جوان وەك خونچەی گوڵەباخ کەبە دەمکردنەوەی جگە لەجوانییەکەی بۆنێکی دڵڕفێنیش بڵاو دەکاتەوە و دەوروبەری مەست دەکات، گوتی: کاك فەرزاد ئەگەر باوك و دایکت دەیانەوێت بۆ شوێنێك بڕۆن من نایمە بەربەستیان. خۆم دەتوانم بڕۆم، ئێوە بچن بەلای کارەکەتانەوە، بەلاّم پێش ئەوەی فەرزاد وشەیەك بڵێت دایکی ڕوی کردە شیرین و گوتی: نا... کچی خۆم، ئێمە هیچ کارێکمان نیەو ئەگەر پێشتان خۆش بێت دەمانەوێت لەگەڵ ئێوەدا بچین بەپیری کاك بێژەنەوە، ئاخر کاك بێژەن هاوەڵێکی هەرەباشی فەرزادگیانە، بەم قسەیە، شیرین گەلێك سوپاسی دایکی فەرزادی کردوو بۆئەوەی ئەزیەتی خۆیان داوەو تاکو ئەوبەتەنها نەبێت گەلێك خۆشحاڵبوو.

شیرین لەکوشنی دواوە لای دایکی فەرزادەوە سواربوو. فەرزادچەند خولەکێك جارێ لە ئاوێنەکەوە تیلەی چاوێکی تێ دەبڕی و لەگەڵ هەرنیگایەکدا ئاگری عەشقی پڕبلێسەتردەبوو.

شیرین ئاگاداری ڕوانینە تازەکانی فەرزاد ببوو، بەلاّم بە شێوەیەك لە فکری گەڕانەوەی بێژەندا بوو کەنەیدەتوانی بیرلەو تیڕوانینە پڕتاسانەی فەرزاد بکاتەوەو لەماناکانیان تێ بگات.



Scanned with CamScanner

دایکی فەرزاد بەڕویەکی خۆشەوە سەری قسەی لەگەڵ شیریندا کردەوە، بەڵام بەهێواشی لەگەڵیدا دەدوا بۆ ئەوەی ئەوانی تر ئاگایان لە قسەکانیان نەبێت.

ئەو لەیەکەم بینیندا شیرینی بەردڵ کەوتبوو زۆری ئارەزوو دەکرد شیرین ببێتە بوکە تاقانەکەی.

ئەو بەزیرەکیەوە لەشیرینی پرسی: باسە شیرین گیان، بڵێ بزانم، تۆکە کچێکی جوان و پێکەوتوی لەهیچ شتێکیشت کەم نییە، چۆنە تاکو ئێستا شوت نەکردووە، ناشێت دەسگیرانت هەبێ و ئێمە بێ ئاگابین؟!!

شیرین کەلەقسەکانی ئەو شەرمی دەکرد هەربۆیە سەری داخست و تەنها زەردەخەنەیەکی کردو بێ دەنگ بوو. پاشان چووە بیرێکی قوڵەوە. دورڕۆژ پێشتر ئەو پرسیارانەی لەلایەن مریەمەوە لێ کرابوو.

پاش تاووتوێ کردنی پرسیارەکانی، چ وەلامێکی بەمریەم دابویەوە بەدایکی فەرزادیش هەر ئەوەی گوت.

ئەوان تاکو کاتێك گەشتنە سالۆنی فڕگەوە هەرلەو بارەیەوە قسەیان دەکرد. فەرزادیش جارجارە خۆی لێ نزیك دەکردنەوەو نیگایەکی پڕلەسۆزو خۆشەویستی تێ دەبڕی. چەند جارێك تیشکی چاوەکانیان ڕووبەڕوی یەك بوونەوە. شیرین سەیری کرد ڕوانینەکانی ئەو لەگەڵ باقی ڕۆژەکانی تردا جیاوازی هەیە. بە شەرمەوە سەری دادەخست و خۆی لەژێر نیگا پڕتینەکانی فەرزاددا قوتاردەکرد.

چەند خولەکێکی مابوو بۆکاتژمێر یازدە.

لە بڵند گۆی هۆڵی فڕگەوە دەنگ بەرز بویەوە، کە تاکوچەند خولەکێکی تر فڕۆکەی پاریس لەخاکی ئێراندا دەنیشێتەوە. دڵی شیرین هێندە بەتوندی لێی دەدا دەتگوت دەیەوێت لەسینەیدا بێتەدەرەوەو بدات لەشەقەی باڵ.



Scanned with CamScanner

لەوکاتەدا شیرین جگە لەبێژەن بیری لە کەسی تر نەدەکردەوە، شوعلەی کامەرانی لە ڕوخساریدا خۆی دەنواندو کوڵمەکانی سورهەڵگەڕابوون وهێندەی تر ڕوخساری دەدرەوشایەوەو دڵی فەرزادی زیاتر دەخستە سەما.

شیرین کەدەیبینی لەپاش مانگێك دورکەوتنەوە بەبێ هیچ گرفتێك دووبارە دەتوانێت برا خۆشەویستەکەی ببینێتەوەو وەك پێشتر لەتەنیشتی یەکتردا بژین گەلێك خۆشحاڵ بوو، بەلاّم سەری لەشتێك سوڕمابوو، ئەو بیری لەوە دەکردەوە کەفەرزاد دەیزانی مریەم وکامبیز دەزانن ئەمڕۆ بێژەن دەگەڕێتەوە ئێران، بەلاّم هیچ باسێکی مریەم وکامبیزی نەدەکردو نەهاتنەکەشیان بەلایەوە شایانی باسکردن نەبوو، هەر بۆیە هیچ پرسیارێکیشی لەبارەی نەهاتنیانەوە لەشیرین نەکرد.

شیرین لەگەڵ ئەو سادەییەشیدا گەلێك زیرەك و وریا بوو بەهۆی ئەو تەلەفۆنەی کەدوێنێ لەگەڵ مریەمدا کردی زۆرتر سەرنجی بەرەولای ئەم بابەتە ڕاکێشرا، هەروەها کەمتەرخەمی و بێ دەربەستی فەرزاد زیاتر ئەوی دەخستە گومانەوە.

شیرین لەتاوتوێ کردنی ئەم خەیالانەدا بوو کە لەناکاو لەبڵندگۆی ساڵۆنەکەوە سەدا بەرزبویەوە، فڕۆکەی (پاریس- تاران) هەرئێستا نیشتەوە، پاش چەندخولەکێك گەشتیاران لە فڕۆکەکە دابەزین وپاش وردبونەوەی گومرگ وپشکنین بەرەولای دەرگای دەرچون کەوتنەڕێ. بێژەن زۆر بەخێرایی کارە پێویستیەکانی فرگەی ئەنجامدا، ئێستا لەپاش یەك مانگ دورکەوتنەوە خۆی لەبەرامبەر خۆشەویستەکانیەوە دەبینی. لەکاتێکدا چاوە پڕتاسەکانی بە دەورووبەریدا گێڕا بەلاّم ڕوخساری مریەم بەرنیگاکانی نەکەوت. ئەو نەیتوانی

لەوزیاتر بیربکاتەوە، خۆی لەباوەشی پڕلەسـۆزی شـیریندا بینیـەوە. فرمێسکی شادی لە چاوەکانی بەربونـەوە. بۆچـەندخولەکێك ئەوخوشـك وبرایـە لـەئامێزی یەکتردا بوون، پاشان بێژەن فەرزادی لەباوەش گرت وئەحوالّی بەگـەرمی پرسـی.
پـاش سـلاّووئەحوالّ پرسـی هـەموویان بـەرەولای دەرگـای دەرەوە چـوون. شتومەکەکانی بێژەنیان نایە ناو سنوقی ئوتۆمبیلەکەوەو تێکڕا بەرەومالّی بێژەن کەوتنەڕێ.

بێژەن لەنێوانی ڕێگادا سوپاسی باك و دایکـی فـەرزادی کـرد کەزەحمـەتیان کێشاوەو بۆپێشوازی ئەو هاتبون وگوتی: خواحەزبکات لەکاتی زەماوەنـدی کـاك فەرزاددا تۆڵەی ئەم زەحمەتەتان بۆدەکەمەوە.

لەڕێگادا بێژەن خەیالّی هـەرلای مریـەم بـوو، بـەلاّم بەسـەرخۆی نـەدەهێنا بۆئەوەی نەبێتە هۆی بێزاری بۆدەوروبەری.

دایکی فەرزاد ڕوی لەوان کردو گوتی: بەبۆنەی گەڕانەوەی کاك بێژەنەوە ئەم نیوەڕۆیە میوانی ئێمە دەبن و بەرەو مالّی ئێمە تەشریف بهێنن.

بێژەن کەهێشتا بیری بەمریەمەوە سەرقالّ بوو بەدەستەوسانیەوە گوتی: بـەلاّم ئەمڕۆگەلێك زەحمەتی ئێوەمان داوەو با زیاتر شـەرمەزارنەبین. ئێـوە بفـەرموون بۆمالّی ئێمە، دایکی فەرزاد کەبینی بێژەن ماندووە زیـاتر لەسـەری نەڕۆشـت و پاش ماوەیەك ڕێگە بڕین لەبەردەم مالّی بێژەن و شیریندا وەستان.

فەرزاد شتومەکەکانی بێژەنی لەئۆتۆمبێلەکە داگرت و لەتەنیـشت دەرگـای حەوشەکەوە داینا. دایکی فەرزاد ڕووخساری شیرینی مـاچ کـردو بەفیڵبازییـەوە گوتی: کچی خۆم هیوادارم بەختەوەر بیت.انشا الله زەماوەندێکی گـەورەت بـۆ ساز دەکەم.



Scanned with CamScanner

شیرین سەری داخست و سوپاسێکی زۆری لێکردن، پاش ماڵئاوایی فەرزاد دەستی دا بەشانی بیژەنداو گوتی: منیش دەڕۆم بۆئەوەی کەمێك بحەوێیتەوە پاشان دێمەوە بۆلات و بەتێرو تەسەلی گفتوگۆ دەکەین.

بەلای بیژەنەوە ئەومانگە وەك ساڵێك تێپەڕی بوو، ئێستا پاش ئەوماوەیە بۆجارێکی ترخۆی لەحەوشەکەیاندا بینیەوە، ماڵیان زۆرچۆڵ و بێدەنگ بوو، بەسەرسوڕمانەوە بەشیرینی گوت: باشە نەنە لەیلاو مەرجان بۆکوێ چوون؟

شیرین گوتی: هەرلەوکاتەدا کەتۆڕۆشتی ئەوانیش ڕۆشتن بۆسەفەر، بەلام تاکو ئێستا نەگەڕاونەتەوە دەترسم خوانەکردە کارەساتێکیان بەسەرهاتبێت.

بیژەن بەنیگەرانییەوە گوتی: خوایەگیان... منت بمرم بۆچی تۆلەوماوەیەدا بەتەنهایی لەنێو ئەم ماڵەدا بووی ؟

ـ تەنیای تەنیا نە، کاك فەرزاد هەموو ڕۆژێك سەری لێ دەدام وئەگەر شتێك یان گرفتێکم هەبوایە یارمەتی دەدام، مریەم وکامبیزیش جارجارە سەریان لێ دەدام و ئەگەر نەشیانتوانیایەبێن بەتەلەفۆنی لەچۆنیەتیم ئاگاداردەبوون. لەوماوەیەدا کەتۆ لێرەنەبوی هەموویان زۆرخۆشەویستیان بۆدەردەبڕیم ونەیاندەهێشت هەست بەتەنهایی بکەم، بەتایبەتی کاك فەرزاد.

بیژەن ڕویکردە شیرین وگوتی: شیرین، بەڕاستی چۆن بوو مریەم وکامبیز نەهاتنە فرگە، ناشێ شتێکیان بەسەر هاتبێت؟! شیرین نەختێك بێدەنگ بوو پاشان گوتی: لەڕاستی دا تۆ ماندویت و بەڕێگەوەبویت و پێویستت بە حەوانەوە هەیە. پاش ئەوەی بەتەواوی حەسایتەوەو ماندوێتیت دەرچوو هەمووشتێکت بۆباس دەکەم، پاشان بێ ئەوەی چاوەڕوانی قسەی بیژەن بکات، جانتاکەی هەڵگرتو چووەژوورەوە، بیژەن کەهێشتا پرسیارەکەی بێ وەلام مابویەوە هەربۆیە

بەدوایـدا چـووەژوورەوە. پێڵاوەکـانی داکەنـدو لـەناو ماڵەکـەدا ڕاکـشا. شـیرین بەخێرایی چای ئامادە کردو نایە بەردەمی، پاشان چووە چێشتخانە تاکو خـواردن ئامادەبکات.

بێژەن بەپڕتاو لەجێگاکەی هەستایەوەو، ئیتر توانای چاوەڕوانی نـەبوو، چـووە لای تەلەفۆنەکەوەو ژمارەی مـاڵی مریەمی لێدا، چەندجارێك ژمارەکەی دووبـارە کردەوە، بەڵام هەمووجارێك مهین خـانم تەلەفۆنەکـەی هەڵـدەگرت و بێـژەنیش بێئەوەی قسەیەك بکات تەلەفۆنەکەی دادەخستەوە. مهین خـانم کاتێـك هەسـتی کرد قسەناکات سـەرەنجام چـەند جنێوقـسەی ناشـرینی پـێ گـوت و وایـەری تەلەفۆنەکەی لێ کردەوە.

بێژەن کەنائومێدببوو بەرەولای چێشتخانەکە چـوو، خـەمبارو پەشـێو خـۆی بەدیواری چێشتخانەکەوە نوساند، شیرین بەبزەیەکەوە سەیرێکی کردوگوتی: چیە کەشـتیەکەت نوقـوم بـووە؟ ناشـێت وەهـات بیرکردبێتـەوە لەوماوەیـەدا کـەتۆ لێرەنەبویت مریـەم شـوی کردبێـت ـــــ هـا؟" بێـژەن گـوتی: شـیرین توخـوا سەرمەنێرە سەرم، بڵێ بزانم چی بووە، بۆچی مریەم ئەمڕۆ نەهات بۆسەردانم.

شیرین کاتێك بینی بێژەن زۆربێزاربـووە، گـرێ تەباخەکـەی کزکـردو گـوتی: وەرەدانیشە تاکو هەموشتێکت بۆباس بکـەم، پاشـان هـەردوکیان چـونە ژوورەوە. شیرین گوتی: هیچ کێشەو گرفتێك لەمریەم ڕوی نەداوەو ئەو ساغ و سـەلامەتە، بەڵام نیگەرانی ئەوەیە کەئەمڕۆ نەیتوانی بۆپێشوازیت بێتە فڕگـە. ئـاخر ئـەوو کامبیز ئەمڕۆ لەناوماڵی خۆیاندا زیندانی کراون و دایکیان لێی قەدەغە کردون کەلەماڵ بچنەدەرەوە. نازانم چ کەسێکە سـیخوڕییان لەسـەردەکاتو هـەرکاتێك بیانەوێت بێنەلای ئێمە، بەتەلەفۆن هەواڵ بەدایکی دەدەن.

بێگومان جگە لەم پێنج کەسەش هیچ کەسێك لەهاتنەوەی تۆ ئاگادارنەبووەو هیچ کەسێکیش جگە لەئێمە ژمارە تەلەفۆنی ماڵی مریەم نازانێ، لەوماوەیەدا گەلێك شت ڕوویانداوە کە جێگەی سەرسوڕمانە.

بێژەن کە لەم قسانەی مریەم حەپەسابوو پەنجەی دۆشاو مژەی نایە سەر لێوی و پاشان گوتی: بۆچی کەسێك لەنێوان ئەم پێنج نەفەرەدا هەیە خیانەت بەمن بکات؟ ئاخر من هیچ خراپەیەکم لەگەڵ کەس نەکردووە کە بیانەوێت بەم کارەیان تۆڵەم لێ بکەنەوە..

پاشان ڕوویکردە شیرین و گوتی: شیرین گیان دەتوانیت کارێك بکەیت کە بتوانم مریەم ببینم، شیرین ڕوویکردە بێژەن و گوتی: دەزانم پڕبەدڵ دەتەوێت بیبینیت، بەلاّم لەڕاستیدا تازە لەڕێگاوە هاتویتەوە. کەمێك پشووبدە تاکوبێیتەوەسەرخۆت، پاشان خۆم کارێك دەکەم تاکو بتوانیت مریەم ببینیت، هیچ دڵگران مەبە، مریەمیش چاوەڕوانی ئەم ڕۆژەی دەکرد تاکوتۆ لەسەفەرەکەت بگەڕێیتەوە. پاش نانخواردنی نیوەڕۆ شرین هەرچەندە ژمارە تەلەفۆنی ماڵی مریەمی لێدەدا مهین خانم تەلەفۆنەکەی هەڵدەگرت، لەکۆتاییدا شیرین دەنگی خۆی گۆڕی و خۆی وەك یەکێك لەهاوڕێکانی مریەم ناساند، بەلاّم مهین لەوە وریاتربوو کەبەم جۆرە قسانە فریو بخواو گوتی: مریەم لەماڵ نیە. شیرین سەیری کرد چارەیەکی تری نیە جگە لەوەی بچێت بۆ ماڵیان، لەوانەیە بەم ڕێگایە بتوانێت مریەم ببینێت.

بەخێرایی خۆی ئامادەکردو بەبێژەنی گوت: تۆ لێرەدا چاوەڕوانبە منیش دەڕۆم بەڵکو بەم چونەم هەواڵێکی مریەمم دەست بکەوێت، بەتەکسیەك یەکسەرە بەرەوماڵی مریەم کەوتەڕێ و لەپەنایەکەوە وەستاو چاوەڕوانی دەرفەتێکی دەکرد

تاكو بتوانێت لەگەڵ مریەمدا گفتوگۆبكات. بەهەلكەوت لەوكاتەدا دەرگای ماڵەكەیان كرایەوەو مهین خانم وئاغازۆراب بەسواری ئۆتۆمبێلەكەیان لەدەرگای ماڵ هاتنە دەرەوەو پاشان دەرگاكەیان لەدوای خۆیانەوە كلیلدا، شیرین لەم هەلە كەلكی وەرگرت وخۆی گەیاندە لای دەرگاكەو پەنجەی بەزەنگەكەدا نا، نیو كاتژمێر چاوەڕوانی كرد بەلكو كەسێك دەرگاكەی لیبكاتەوە، بەلام چاوەڕوانیەكەی كەلكی نەبوو كەس دەرگای لێنەكردەوە، ئیتر مانەوەی بەپێویست نەزانی و بەرەومالی خۆیان گەڕایەوە تاكو هەوالەكە بەبێژەن ڕابگەیەنێت. كاتێك گەشتەماڵەوە بێژەن لەچاوەڕوانیدا بەدلی گوشراوو خەمبارییەوە چركەكانی دەژمارد، بێژەن بەخێرای خۆی گەیاندە لای شیرین تاكو لەئەنجامی چونەكەی شتێكی لێ ببیستێت. شیرین بەوردی كارەساتەكەی بۆگێڕایەوە.

بێژەن سەری لێشێوابوو. نەیدەزانی چۆن چۆنی خۆی لەوگرفتو خەمە ڕزگاربكات كەتروسكەی هیوای لەئاوابوندا دەبینی، ئەوڕۆژەش بەهەمو نیگەرانیەكانیەوە كۆتای هات.

بۆبەیانی بێژەن ئەو ڕاپۆرتانەی كەلە نوێنەرایەتیەكەیدا ئامادەی كردبوون‌و لەدەفتەرۆكەیەكدا نوسیبوی نایەبەردەمی جەنابی بەڕێوەبەر. بەڕێوەبەریش لەوسەركەوتنانەی كەبەدەستی هێنابوو گەلێك خۆشحالبوو وەكو پاداشت بڕێك پارەی شایستەی لەموچەكەی زیادكرد. چەند ڕۆژێك بەم شێوەیە تێپەڕی‌و بێژەن هیچ هەواڵێكی لە مریەم نەبوو. هەرلەوڕۆژانەدابوو كەحەمید یەكێك لەهەوالەكانی بێژەن كەشیرینی لەفڕگەكەدا بینیبوو لەبارەی شیرینەوە لەگەڵ بێژەندا قسەی كردو داوای لەبێژەن كرد كاتێك دیاری بكات بۆداخوازیەكەی تاكو لەگەڵ باوك و دایكیدا بێنەداخوازی شیرین. بێژەن بەخۆشحالیەوە ڕۆژی دواتری

دەست نیشان کرد. ئەورۆژە تێپەڕی و شەوی مانگاشەو وردە وردە ماڵئاوایی کرد، سپێدەی بەیانی دەرکەوت و پاڵی بەشەوەوە ناو خۆی جێگای گرتەوە.

بێژەن وخوشکەکەی خۆیان بۆمیوانداری ئامادە کرد. بێژەن بێناگالەوەی تۆفانی عەشقی پیاوێکی تر دڵی خوشکەکەی داگیر کردووەو دەریایەکی مەنگی لێ پێکهێناوەو بەتەنها هەر ئەویش دەتوانێت دەریاوانی بێت. ئەولەخەیاڵی خۆیدا بۆخوشکەکەی ئایندەیەکی ڕوناکی لەتەنیشت حەمید دا لەبەرچاو گرتبوو. بێگومان تاکە مەبەستی بێژەن خۆشحاڵی وخۆشبەختی شیرین بوو، پڕبەدڵ حەزی دەکرد کەشیرین لەپاش ئەوهەموو چەرمەسەری و ئازارانەی کەلەماوەی ئەوچەند ساڵەی ڕابردودا بەسەری هاتبور لەژیانی داهاتوویدا بگۆڕێت بەخۆشی و کامەرانی.

حەمیدیش تەواوی هەوڵ و توانای خۆی خستبوەکار تاکو لەوشەوەدا کەدەگونجا یەکێك لەخۆشترین شەوەکانی تەمەنی بیت، هەموشتێکی ببێتەجێگای ڕازی بونی کچێکی جوان و نازدار. چووە دوکانی شیرینی فرۆشێك و چەند پاکەتە شیرینییەك کەپێشتر ئامادەکرابوو وەری گرت. پاشان چوەلای گوڵ فرۆشێك و چەپکە گوڵێك کەپێشتر ئەویشی ئامادەکردبوو هێنای، لەگەڵ باوك و دایکیدا بەدڵێکی شادەوە بەرەوماڵی بێژەن بەڕێکەوتن. کاتێك گەشتنە ئەوێ حەمید چەند تەقەیەکی لەدەرگاکەداو پاش ماوەیەکی کەم بێژەن بەڕوویەکی گەشاوەوە دەرگاکەی لێکردنەوە، شیرین لەپشتی پەنجەرەکەوە سەرنجیانی دەدا.

هەموویان چوونە ژوری میوان، هەرلەکاتی چونە ژورەوەدا بەبینینی پاکوخاوێنی و ڕێکخستنی ئەشیاکانی ناوماڵ عاشقی وردبینیو دەست ڕەنگینی شیرین بوون.

ماوەیەکی کەم پاش ئەوە شیرین بەسینیەك چاوە خۆی بەزۆری میوانداکرد. میوانەکان بۆڕێزلێگرتنی هەستانەسەرپێ. شیرین سلاوی لێکردن و سینیە چاکەی بەڕێك و پێکی بەبەردەم باوکو دایکی و پاشان خودی حەمیدا گێڕا، هەریەکەیان پیالەیەك چایان هەلگرت، شیرین چەپکەگولەکەی هەلگرتو بەکارامەیی و نەرمونیانیەوە نایەنێوگولدانی سەر مێزەکە، پاشان چوە بەرامبەرمیوانەکان و دانیشت، دایکی حەمید بەوردی سەرنجی شیرینی دەدا.

گەرچی حەمید پێشتر بەباوکی گوتبو کە ئەوشیرینی چۆتە دڵەوەو ئەگەر شیرین ڕازی بێت بەتەنها لەگەڵ ئەودا زەماوەند دەکات، ئەو مەراسیمە تەنها وەك نەریتێکی ناو کۆمەڵگا ئەنجام درابوو. دایك و باوکی حەمیدیش هیچ نارەزاییەکیان لەم زەماوەندە نەبور. گفتوگۆ دەستی پێکرد، پاشان قسەهاتە سەر داخوازیەکەیان. لەوکاتەدا شیرین هیچ قسەیەکی نەدەکرد تەنها بەگوڵی قالیەکەوە خۆی سەرقاڵ کردبوو. ئەگەرچی بێژەن پێشتر شیرینی ئاگادار کردبوو کە حەمید خاوەنی سامانێکی زۆرەو ماڵو ئۆتۆمبیلی هەیە، بەلام هیچ لەم شتانە نەیانتوانی جێگای عەشقی سادەو پاکی کامبیز لەدڵە بچوك و میهرەبانەکەی شیریندا بگرنەوە.

پاش کۆتایی هاتنی گفتوگۆکان میوانەکان خواحافیزیان کردو وابڕیاردرا کەچەند ڕۆژێکی تر بێژەن خۆی لەئەنجامی داخوازییەکەیان و ڕای شیرین حەمید ئاگادار بکاتەوە.

پاش ڕۆشتنی ئەوان بێژەن هاتەنزیکی شیرینەوە بۆئەوەی لەبارەی حەمیدەوە بۆچونی شیرین وەربگرێت. کەوتە گفتوگۆ لەگەڵیدا، شیرین گەرچی لەبەردەم بێژەندا شەرمی دەکرد لەوبارەیەوە بدوێت، بەلام بەهۆی عەشقی ناو دڵیەوە و ئەو



Scanned with CamScanner

مافەی کەلە دیاری کردنی چارەنوسیدا هەیبوو ناچاربوو دەم هەڵبێنێتەوەو بەبەڵگەی ڕازی کەر بێژەن ڕازی بکات کەهیچ ئارە زویەکی لەم زەماوەندە نییە.

لەبەر ئەم هۆکارانە بەشەرمەوەگوتی: لەڕاستیدا دەزانم تۆ لەبیری ئارامی و خۆشبەختی مندایت و دەشزانم کەحەمید لەلایەنی ڕەوشت ومالّو سامانەوە هیچ کەم و کورییەکی نیەو ڕەنگە بۆهەرکچێکی تر بتوانێت هاوسەرێکی شایستە بێت، بەلاّم لەگەلّ ئەمانەشدا من ناتوانم ئەوبەناوی هاوسەرەوە هەلّبژێرم. لەوانەیە لەلایەنی تۆوە سەرزەنشت بکرێم، بەلاّم لەڕاستیدا ئامادەی زەماوەندم لەگەلّیدا نیەو حەزیش دەکەم بەشێوەیەك پێی بلّێیت کەلەدۆستایەتی تۆوحەمید کەم نەکاتەوەو.

بێژەن دووبارە لەگەلّ شیریندا بەردەوامی بەگفتوگۆدا. بەلّکو بتوانێت ڕازی بکات.

— گوێ بگرە شیرین گیان، بەبۆچونی من تۆدەبێت زیاتر بیری لێ بکەیتەوەو بەگوێرەی پێویستیش کاتت لەبەردەمدایە، پاشان وەلاّمەکەم بدەیتەوە. ئەم شەو پێویست ناکات وەلاّمم بدەیتەوەو باش بیری لێبکەرەوە لەوانەیە تاکو چەندڕۆژێکی تر بڕیارەکەت بگۆڕی. بەلاّم شیرین دلّنیای کردەوە کەبەباشی بیری لێکردۆتەوەو بۆچونی وەك خۆی دەبێت، شیرین لەسەر قسەکانی خۆی سوربوو ئامادەنەبوو مێرد بەحەمیدبکات. بێژەن قسەکانی شیرینی قەبولکردو بڕیاریدا پاش چەند ڕۆژێکی تر هەوالّەکە بەشێوەیەك بەحەمید بلّێتەوە کەئەویش نیگەران نەبێت.

چەند ڕۆژ دوای داخوازیەکە بێژەن حەمیدی بانگ کردە ژورەکەی خۆی و بەبەلّگەی دلّنیاکەر کەبۆ حەمیدی هێنایەوە، ئەوی لەنیازی شیرین ئاگادار کرد.

حەمید بێ ئەوەی وشەیەك بڵێ لەژوورەکـە چـووە دەرەوە. ئەوهێـشتا هیـوای مـابوو کـەبتوانێت بـەهۆی فـەرزادەوە بیـژەن بخاتـە ژێرکاریگەریـەوەو بـەڵکو بەمشێوەیە بتوانێت شیرین ڕازی بکات. بێ ئاگایە لەوەی کەفەرزاد خۆشی عاشق و دڵبرینداری شیرین بوەو ئامادەنییە هیچ کەسێك وەك هاوسەر لەژیانی شـیریندا ببینێت.

بەیانی فەرزاد بۆلێکۆڵینەوەی ئەژماری کۆمپانیاکـە گەشـتە ئـەوێ، پـاش کۆتایی هـاتنی کارەکـانی، حەمیـد خـۆی گەیانـدە لای و داوای لێکـرد تـاکو لەگەڵیدا سواری ئۆتۆمبیلەکـەی ئـەوبیێت و لـەڕێگادا پێکـەوە بـدوێن. پـاش ماوەیەکی کەم هەردوکیان سواری ئۆتۆمبیلەکە بوون. حەمید بەشەرمەوە سەری داخـست وپاشـان لـەبارەی داخوازیەکەیـەوە دوواو بـۆ فـەرزادی ڕونکـردەوە و لەکۆتایشدا وەڵامەکەی بیژەنیشی پێ گوت.

پاشان ڕویکردە فەرزادو لەکاتێکدا کەداوا کاری وپاڕانەوە لەقسەکانیدا بەدی دەکرا داوای لەفەرزاد کرد تاکو لەگـەڵ بیژەنـدا گفتوگـۆ بکـات، بـەڵکو ئـەو بتوانێت خوشکەکەی بۆ ئەم زەماوەندە ڕازی بکات. فەرزاد بەبیستنی ئەم قسانە، تـاس بردیـەوە و ئـیتر دڵنیـابوو کەلەمـەزیاتر ئـارام بگرێـت و ڕێگاچـارەیەك نەدۆزێتەوە ئارەزوی زەماوەندەکەی لەگەڵ شیریندا دەباتە گۆڕەوە.

هەرلەبەرئەوەی حەمید دڵنیابکـات کەخـەیاڵی زەمـاوەنـد لەگـەڵ شـیریندا لەسەری خۆی وەدەرنێ، لەوەڵامدا گوتی: تاکو ئەوشوێنەی کەمن بیژەن و شـیرین بناسـم دەزانم ئـەوان بـەبێ بیرکردنـەوە وشـەیەك نـاڵێن و لەوانەیـشە شـیرین داواکارێکی تری هەبێت و بەنیازبێت لەگەڵ ئەودا زەماوەند بکات، من دڵنیـات



Scanned with CamScanner

دەکەمەوە لەوبارەیەوە قسەی لەگەڵ دەکەم، بەڵام تۆ زۆرهیوات بە ئەنجامەکەی نەبێت.

ئەو قسانەی فەرزاد تاکونەو ڕۆژە ئومێدی لەدڵی حەمیددا لەبەین نەبردو واپێدەچوو حەمید ڕازی بوبێت کەئیتر لەم بارەیەوە قسەیەك بەزمانیدا نەیەت.

لەکۆتایی ڕێگادا حەمید سوپاسی فەرزادی کردو لەئۆتۆمبێلەکە دابەزی، بۆبەیانی فەرزاد بێئەوەی لەبارەی شیرینەوە قسەیەك لەگەڵ بێژەندا بکات، حەمیدی بانگ کردوگوتی: من دوێنێ شەو بۆ هەمان مەبەست چومەماڵیان و قسەم لەگەڵ شیریندا کرد، بەڵام ئەو بەهیچ شێوەیەك ئارەزوی زەماوەندی نیە، لەبەرئەوە واباشترە لەبیری کەسێکی تردابیت و لەوباسە دەست هەڵبگریت‌و لەبیری داهاتوی خۆتدا بیت. ئومێدەوارم بتوانیت کەسێکی ترهەڵبژێری و بتوانیت هاوسەرێکی باش پەیدابکەیت.

پاش کۆتای هاتنی گفتوگۆکەیان خواحافیزی لێکردو بەتەواوی یەکەمین داخوازی کەری شیرین و یەکەمین ململانێ کەری خۆشی لەوگۆڕەپانەدا وەدەرنا.

حەمید ئەوهەموو قسانەی کەئەوشەوە لەگەڵ بێژەن و فەرزاددا کردبونی هەمووی بۆدایك و باوکی باسکرد، دایکیشی بۆئەوەی حەمید لەوگێژاوە دەروونییە ڕزگاربکات، گوتی: کوڕی خۆم دڵگران مەبە، من هەرلەیەکەمین بینیندا خۆشم لەوکچە نەدەهات، بەڵام لەبەر خاتری دۆستایەتی تۆو کاك بێژەن قسەیەکم نەکرد. لەخوابەزیادبێ تۆلەهیچ شتێکت کەم نیەو کچی زۆریش لەناو خزمانی خۆماندا هەن کەشایستەی تۆبن. ئەمجارەیان خۆم هەوڵ دەدەم و هەرکچێك کەتۆدەست بنێیتە سەری بۆت دەخوازم‌و ئەوانیش مەمنون دەبن. بپێشینان وگوتویانە، ئەگەرخزم گۆشتەکەت بخوات ئێسقانت ناشکێنێت،



Scanned with CamScanner

کاتێك حەمید بینی هیچ ڕێگاچارەیەکی نییە، دەستبەرداری تەواوی خواستو ئارەزووەکانی بوو خۆیدا بەدەستی قەدەرەوە بەوداهاتوەی ڕازی بوو کەدایکی خۆی بۆئامادەکردبوو.

بۆبەیانی فەرزاد گەلێك بەلێبڕاوانە لەگەڵ دایکیدا قسەی کردوگوتی: ئەگەر درەنگ بکەوین لەوانەیە بۆچونی شیرین بگۆڕێ و بەیەکێك لەوداواکارانەی وەڵامی ڕەزایەت بدات. لەبەرئەوە بڕیاریاندا ڕۆژی دواتر بچنەخوازبێنی.

لەوچەند ڕۆژەدا بێژەن بەتەواوی لەهەوڵی ئەوەدابوو لەگەڵ مریەمدا تەلەفۆن بکات، بیرو خەیاڵ بۆچرکەیەك بەجێیان نەدەهێشت. بەتەواوی خەوو خۆراکیان لاهەڵگرت بوو. شیرین سەیری دەکرد ئەگەر حاڵ بەمشێوەیە بڕوات لەوانەیە کێشەیەکی تەواو بۆ بێژەن بێتە پێشەوەو هەوڵیدا بەهەر ڕێگایەك بووە کارێك بکات بەڵکو بتوانێت یارمەتی براکەی بدات، ئەمجارەشیان شیرین و بێژەن بەرەو دەوروبەری ماڵی مریەم کەوتنەڕێ، کاتێك گەشتنە ئەوێ لە دەوروبەری ماڵی مریەمدا کەمێك هات و چۆیان کرد، بەڵکوبتوانن ڕێگایەکی گونجاو بۆچونەژورەوە ببیننەوە و دواجار لەگەڵ مریەمدا بەیەك بگەن.لەناکاو دەرگای ماڵی مریەم کرایەوەو مهین خانم بەسواری ئوتومبێلەکەی لەماڵ هاتە دەرەوە، ئاغا زۆراب دەرگاکەی بۆکردەوەو پاش ئەوەی ئەو لەماڵ چووەدەرەوە دەرگاکەی داخست وخۆیشی چووە حەوشەکەوە، ئەودووانەش خۆیان لەگۆشەیەکدا شاردبووەوە تاکولەپێش چاوی مهین خانمدا دەرنەکەون. پاش دوورکەوتنەوەی ئەو، شیرین بەخێرایی بەرەو بەردەرگای ماڵی مریەم هەنگاوی نا ویستی زەنگ لێ بدات.

بێژەن ڕوی تێکردو گوتی: ئەگەر ئاغا زۆراب نەیهێشت لەگەڵ مریەمدا قسە بکەین ئەوکات چی؟!!



Scanned with CamScanner

شیرین گوتی: دڵگران مەبە. من بۆخۆم دڵنیام کەئاغا زۆراب بەم زەماوەندەی ئێوە ڕازییە، بەڵام لەبەرئەو ترسەی کەلە مهین خانم هەیەتی ناڕەزایەتی دەردەبڕێت.

ئاخرئەوەت لەیادماوە مریەم پێی گوتین کەباوکی زۆرحساب بۆدایکی دەکات و ناوێرێت لەقسەی دەرچێت. مهین خانم هەرلەسەرەتادا لەسادەیی و نەرمیو بەڕەوشتی ئەو سودی وەرگرتبوو بەشێوەیەك ئێستا وای لێهاتوە ئاغازۆراب ناتوانێت بەبێ ڕەزامەندی ئەو ئاو لە دەمی وەربدات. پاشان زەنگی لێدا.

پاش کەمێك ئاغازۆراب دەرگاکەی کردەوەو لەیەکەم بینینـدا ئەوانی ناسییەوە، ئەوان بەترس و دوودڵیەوە سلاوّیان کرد، ئاغازۆراب بەگەرمی وەلاّمی سلاوّەکەیانی دایەوە، شیرین ڕوی تێکردوگوتی: ئاغازۆراب بەڕاستی ئێمە لەومـاوەیەدا زۆرنیگەرانی مریەم بووین. چونکە هیچ هەواڵێکمان لەمریەم گیان وکاك کامبیز نەبووە و وامان بەخەیاڵدا دەهات دوربا شتێکیان بەسەرهاتبێت، ئێستایش هاتوین ئەگەر جەنابتان مۆڵەتمان بدەن دواین چاوپێکەوتنمان لەگەڵ مریەمدا دەکەین.

ئاغا زۆراب پیاوێکی میهرەبان وبەبەزەیی بوو بێژەنیشی چووبوە دڵەوە و بۆئەوەش مریەم لەو تەنهاییە ڕزگاربکات، حەزی دەکرد بتوانێت کارێك بکات تاکوئەو دوکەسە بەیەکتری بگەن. بەلاّم لەسەرەتادا ڕەزایەتی تەواوی نیشاننەدا، پاشان لەکۆتایی گفتوگۆکانیاندا گوتی: ئێوە خۆتان هاوسەرەکەی من باش دەناسن، ئەگەربزانێت ئێوە هاتونەتە ئێرەو لەگەڵ مریەمدا یەکترتان بینیوە ڕۆژی من ومریەم دەکاتە شەوی تار. ئێستا زوبن، تاکو نەگەڕاوەتەوە بەخێرایی قسەی



Scanned with CamScanner

خۆتانی لەگەڵ بکەن. شیرین و بێژەن گەلێك خۆشحاڵ بون، زۆر سوپاسیان کردو بەخێرایی چونەژورەوە.

ئاغازۆراب ئەوانی بەرەو ژوری میوان ڕێنمایی کرد، شیرین و بێژەن لەژورەکەدا دانیشتن و ئاغازۆراب بەرەو ژورێکی تر ڕۆشت. پاش هەوڵومانَدو بونێکی زۆر توانی کلیلی زیادەی ئەوژورە بدۆزێتەوە کەکامبیزو مریەمی تێدا زیندانی کرابوون. بەخێرای دەرگای ژورەکەی کردەوە، مریەم سەری سوڕمابوو باوەڕی نەدەکرد باوکی بێتو دەرگای ژورەکەیان لێبکاتەوە، بەخەمباریەوە لەگۆشەیەکی ژورەکەدا هەڵکورمابوو.کامبیزیش نوستبوو. ئاغازۆراب ڕوی کردە مریەم و گوتی:

ــ میوانمان هەیە. خێرابە تاکودایکت نەگەڕاوەتەوە وەرەدەری.مریەم سەرەتا ڕەتی کردەوە. چونکە ئیتر بەوزیندانییەی کەدایکی بۆی دروست کردبوون ڕاهاتبوو تاقەتی هیچ شتێکی نەبوو، بەلاّم بەپێداگری باوکی لەژورەکە هاتە دەرەوە. چوەلای دەست شۆرەکەو دەست و دەموچاوی شت و بەرەو ژوری میوان هەنگاوی نا. بەهێواشی لەپەردەی ژورەکەوە سەیری میوانەکانی کرد. بەوەی کەبەرچاوەکانی کەوتن باوەڕی نەکرد.

ئاخر میوانەکان جگەلە بێژەن کەسێکی ترنەبوو ؟.کەسێك کەدڵی بەوەوە وابەستەببوو. مریەم دووبارە گیانی هاتەوە بەبەرداو فرمێسکی شادی لەچاوەکانیەوە بەسەر ڕومەتیدا خلیسکان. نەیدەزانی بەچ زمانێك سوپاسی باوکی بکات. توانای هەنگاو نانی نەبوو، چەند خولەکێك تێپەڕی تاکومریەم هاتەوە سەرخۆی. دەستی لەپەردەکە بەرداو بەرەولای شیرین و بێژەن هەنگاوی نا.



Scanned with CamScanner

ئەوان بەبینینی مریەم بەڕێزەوە هەستانە سەرپێ. سەرەتا شیرین و مریەم یەکتریان لە ئامێزگرت. ئیتر نۆبەی دیداری خۆشەویستەکەیەتی. بەتاسەوە لەیەکتری ڕامابوون. بونی شیرین نەبوە هۆی ئەوەی یەکتری لەئامێز نەگرن. ئەوان ڕەنجێکی زۆریان لەدووری یەکتر کێشابوو. هەردوکیان لەخۆشیاندا دەگریان، بگرەفرمێسک لەچاوەکانی شیرین و ئاغا زۆرابیشەوە بەربویەوە. سەرەنجام لەئامێزی یەکتری جیابونەوە. ئاغا زۆرابیش پاش ساتێکی کەم لەپێکگەشتنی ئەوان، بینی کچەکەی گەڕاوەتەوە دۆخی جارانی بەتەواوی خۆشحاڵ و کامەران بوو. دووبارە لای چۆلکردن و بۆمیوانداریبیان چووە چێشتخانەکەوە.

دەستەکانی مریەم لەنێو دەستەکانی بیژەندابور، دەتتوانی تینی خۆشەویستی لەدەستانی ئەم دوو عاشقە تازە بەیەك گەیشتووەدا بەرجەستەبکەیت.

هەرلەوکاتەدا کامبیزلەخەو بێداربویەوەو دەرگاکەی بەکراوەیی بینی، بەڵام مریەم لەژوورەکەدا نەبوو، بەسەرسوڕمانەوە بەخۆی گوت: بێ گومان کارەساتێك ڕویداوە. بەرەولای دەست شۆرەکە چوو، پاش ئەوەی ئاوێکی بەڕوخساریدا کرد بۆلای ژورەکانی ترهەنگاوی نا. بەبیستنی دەنگەکان ئاگاداربوو کە کەسانێکی تر جگە لەخۆیان لەوماڵەدان. بەڵام نەیدەتوانی تێبگات ئەوانەکێن. خۆی گەیاندە ژورەکە. ئەویش باوەڕی نەدەکرد، بەبینینی شیرین تاسەو ئارەزوویەکی تایبەتی پێوە دەبینرا. ئەوکەسەی کە شێت و شەیدای ببور ئێستاچەند هەنگاوێك لەولاتر دانیشتووە، چیترتوانای ئارام گرتنی نەبوو بەرەولایان چوو.

بێژەن کەئاگاداری هاتنی کامبیزبوو بەرەوڕوی ڕۆشتو یەکتریان لەئامێزگرت. شیرین سلاوی لێکرد. کامبیز بەدەنگێکی لەرزۆکەوە کەحاڵی دڵی

بەیان دەکرد وەڵامی سڵاوەکەی دایەوە. ئەو کۆمەڵە عاشقە ماوەی کاتژمێرێك پێکەوە گفتوگۆیان کردو لەبارەی سەفەرەکەی بێژەنەوە دوان. شادی بەسەریاندا دەباری.

کامبیزو شیرین بەدزییەوە یەکتریان خستبووە ژێر چاودێرییەوە، بەڵام جارناجارێك نیگاکانیان لەیەکتر دەئاڵان. بەرەو ڕوی یەك زەردەخەنەیان دەکردو بەعەشقێکی بێ دەنگ لەگەڵ یەکتریدا سەرقاڵی ڕازونیاز بوون. شیرین و کامبیز هەستیان کردبوو کەیەکترییان خۆشدەوێ و دەبێت بیرلە داهاتویان بکەنەوە. داهاتویەك کە هیچ یەکێك لەو دوانە نەیاندەتوانی پێشبینی بکەن و تابلۆی خۆشەویستیان لەسەر ئەو بنەمایە بکێشن.

لەوکاتەدا ئاغا زۆراب ئەو ڕۆژە بەرامبەر بەمریەم و کامبیز چاکەیەکی گەورەی کردبوو هاتە ناویانەوە و ڕووی تێکردن و گوتی: چیتر هێندەی نەماوە کە مهین دەرکەوێت. کارێکی وابکەن ئاگاداری هیچ شتێك نەبێت.

ماوەیەکی کەم دوای ئەوە، بێژەن و شیرین ماڵئاواییان لە دڵدارەکانیان کردوو بڕیاریاندا لەچەند ڕۆژێکی تردا لەگەڵ مهین خانمدا قسە بکەنەوە، ئەگەرئەم جارەشیان ڕازی نەبوو هەوڵی تەواوەتی بدەن و ڕێگەیەکی نوێ بگرنە بەر، تاکو لەچاو ونبوون مریەم سەیری دەکردن.

پاشان بۆئەوەی مهین خانم هەست بەهیچ نەکات جارێکی تر ئەوو کامبیز چونەوە ژورەکەو ئاغازۆراب دوبارە دەرگای لێ کلیل دانەوەو کلیلەکانیشی نایەوە جێگای خۆی.

بێژەن و شیرین بەدڵێکی خۆش و دەم بە پێکەنینەوە کە ئەمڕۆ لەگەڵ مریەم و کامبیزدا یەکتریان بینیوە، بەرەو ماڵ کەوتنە ڕێ، تاکو بەخەیاڵی ئاسودەو



Scanned with CamScanner

ئارامەوە ناڕەحەتیەکانی ئەو ماوەیەی کە لێیانەوەدووربوون لەخەیاڵیاندا کاڵ بکەنەوە.

مهین خانم بەرەو ماڵ گەڕایەوە پاشان لەسەر داواکاری ئاغا زۆراب مریەم و کامبیزیان لە ژوورەکە هێنایە دەرەوە.

ئەوان لە ڕوکەشدا ئامۆژگاریەکانی دایکیان لەگوێ گرت و بەڵێنیشیاندا بۆ هەتا هەتایە خەیاڵی ئەو خوشك و برایە لە مێشکیاندا وەدەرنێن، تاکو بەو شێوەیە بتوانن بە خەیاڵێکی ئاسودەوە بەرنامەکانی داهاتوو بە دروستی ڕێك بخەن.

چەند ڕۆژێك بەسەر ئەو ڕۆژەدا تێپەڕی و بیژەن شادو کامەران، دەچوە سەرکارەکەی، ئەودیاریانەی کە لە فەڕەنساوە بۆ فەرزادو ئەحمەدئاغای هێنابوو پێیانی دا، دیاریەکانی مریەم و کامبیزی هێشتەوە بۆ کاتێکی گونجاو.

دە ڕۆژێك لە هاتنەوەی بیژەن تێنەپەڕی بوو کە دایکی فەرزاد پەیوەندی بە بیژەنەوە کرد. پاش تاوتوێ کردنی قسە ئاساییەکان، داوای لێکرد بۆ داخوازی شیرین دەیەوێت بێنە ماڵیان. ئەو بەڵێنی بەبیژەندا کە هەمان شەو لەگەڵ هاوسەرەکەیی و فەرزاددا بچنە ماڵیان و لەبارەی داخوازی شیرینەوە لەگەڵیاندا گفتوگۆ بکەن. بیژەن گەلێك خۆشحاڵ بوو، بەلاَم هەرلەوکاتەدا پەشۆکاو کەمێك زوتر لەکاتی ئاسایی لەکۆمپانیاکە هاتە دەرەوەو پاش ئەوەی کەکەمێك میوەو شیرینی کڕی و بەرەو ماڵەوە کەوتەڕێ.

ئەودڵنیابوو کە شیرین ئەم جارەیان ڕازی دەبێ، چونکە شیرین لە چۆنیەتی هەڵسوکەوت و ڕەوشتی فەرزاد ئاگاداربوو، تاڕادەیەك ژیانیانی بەقەرزداری ئەودەزانی. لەلایەکی تریشەوە سەروەت و سامانێکی زۆری هەیەو هەمووکچێك



Scanned with CamScanner

ئارەزو دەکات ببێتە هاوسەری. نیوەی زیاتری کۆمپانیاکەش بەناوی فەرزادو باوکیەوە بوو، هەروەها دۆستایەتیە دێرینەکەی ئەو و بێژەنیش دەیتوانی ئەم زەماوەندە زیاتر رێك بخات.

کاتێك بێژەن گەشتە ماڵەوە ئەوشت ومەکانەی کڕی بوونی دایەدەست شیرین، شیرین لەبینینی ئەو هەموومیوەو شیرینیە سەری سوڕما وگوتی: "بۆچی بەم شێوەیە هەڵەخەرجی دەکەیت، ئێمەدووکەسین چۆن بۆمان دەخورێ، ئەم هەموو میوەو شیرینیەت بۆ کڕیوە؟" بێژەن لەکاتێکدا جلەکانی دەگۆڕی گوتی: بەلاّم ئەمشەو لەگەڵ هەموو شەوەکانی تردا جیاوازە. ئەمشەو دەگونجێت ببێتەیەکێك لەباشترین شەوەکانی ژیانی من وتۆ کەهەرگیز بەبیریشماندا نەهاتووە. ئاخر ئەمشەو فەرزادو باوك ودایکی دەیانەوێت بێن بۆئێرە.

شیرین گوتی: باشە ئەمە ئەو خۆشحاڵیەی ناوێ، چونکە ئەوان چەند جارێکی تریش هاتونەتەماڵمان.

- بەلاّم ئەمشەو لەگەڵ هەموو شەوەکانی تردا جیاوازی هەیە. ئاخر ئەوان دەیانەوێت بێنەداخوازی، ئیتر چۆن دەتەوێت خۆشحاڵ نەبم. مەگەر من چەند خوشکم هەیە. بۆچی نابێت بۆ بەختیاری وخۆشحاڵی خوشکەکەم زیادە خەرجی بکەم.

شیرین کەلەقسەکانی ئەو سەری دەرنەدەکرد بەسەرسوڕمانەوە گوتی: ئاخر چۆنچۆنی، فەرزاد بەو هەموو ماڵ وسامانەوە دەست بخاتە سەر هەرکچێك وەلاّمی نەرێی ناداتەوە ئێستا چۆن منێك نەدایکم هەیەونەباوك، نەلە لایەنی سامانەوە هاوشانی ئەوم، دەیەوێت بێتە خوازبێنیم؟ نەخێر... ئەمە رێی تێناچێت بێ گومان گاڵتەدەکات، ئەو لەدڵی خۆیدا دەیگوت: لەوانەیە فەرزاد لەرِوی



Scanned with CamScanner

دڵسۆزییەوە و لەبەردۆستایەتی بێژەن بیەوێت لەگەڵ مندا زەماوەند بکات. بەڵام ئێستا چی بکەم؟. فەرزاد گەلێك چاکەی لەگەڵ من و بێژەندا کردووە، ئەگەر وەڵامی ڕەزایەتی پێ بدەم چ وەڵامێکی کامبیز بدەمەوە. ئەی چی لەدڵم بکەم ؟. بەڵام ئەگەر وەڵامی ناڕەزایەتی پێبدەم لەوانەیە دۆستایەتی چەندین ساڵەی ئەوو بێژەن لەبەین بچێت. لەوکاتەدا من سپڵەدەبم کە هەستم بەو هەموو چاکەیەی ئەو نەکردوە.

بێژەن بەبەردەوامی قسەی دەکرد، بەڵام شیرین بێ ئاگا بوو لە قسەکانی و لەنێو جیهانی خەیاڵدا سەرگەردان مابویەوە. بێژەن کاتێك ئاگاداری بوو بەدەنگێکی بەرز پێی گوت: ئەڵێی تۆش وەکو من باوەڕناکەیت؟ ئاخر منیش کاتێك دایکی فەرزاد تەلەفۆنی بۆکردم و گوتی دەمانەوێت ئەمشەوبێینە داخوازی باوەڕم نەدەکرد. نا بەوشێوەیە نیەو تۆهیچ شتێکت لەو کەمترنیە، لەلایەکی تریشەوە لەبارەی ڕەوشت و ڕەفتارو جوانیەوە لەکچانی تر کەمترنیت، تۆکچێکی گەلێك باشی و بەم ڕێزو جوانی و ڕەوشتەتەوە سەرنجی هەموو کەسێك بەرەو لای خۆت ڕادەکێشی. بەڵام لەبارەی خێزانیەوە بەقەدەر ئاسمان و زەوی جیاوازیمان هەیە، سەروەت و سامانی ئەوان لە چەندەها ملیۆن زیاترە، لەکاتێدا ئێمە ئێستا ماڵێکیشمان نیە بۆ خۆمان تێیدابژین. جا کاتێك بەم هەموو جیاوازیە ئاشکراوە ئەو داخوازی تۆی کردووە دەبێت ئەم داخوازیە بەخێرو خۆشی وەربگرین. من دڵنیام ئەم جارەیان هیچ ناڕازی نابیت، لای خۆتەوە دەبێت وریای دۆستایەتی چەندین ساڵەی من و فەرزادیش بیت. خۆت باش دەزانیت کەئەو لەو ماوەی دەربەدەری و بەدبەختیەماندا تاکە کەسێك بوو دەستی لێ بەرنەداین و هەرکارێك کەلەدەستی هاتبێت بۆی ئەنجام داوین، پاشان ڕویکردە شیرین و



Scanned with CamScanner

گوتی: لەخۆشیاندا جێگا بەخۆم ناگرم، وا باشترە بچیت ماڵەکە خاوێن بکەیتەوەو خواردنێکی شایستە بۆ میوانەکان ئامادە بکەیت.

شیرین میوەو شیرینیەکانی نایەناو سەلاجەکەو دوبارە کەوتە خەیاڵەوە. لەناو خەیاڵەکانیدا چەندی هەوڵ دەدا نەیدەتوانی باوەڕ بەو عەشقەی فەرزاد بکات. ئاخرفەرزاد لەتەواوی ئەو ماوەیەدا هیچ هەڵس وکەوتێک کەبۆنی عەشقی لێوە بێت بەرامبەر بەشیرین دەری نەبڕیوە.

سەرەنجام شەوهات و میوانەکان بەگوڵ و شیرینیەوە کە ڕسومی هەموو داخوازیەکە دەرگای خانەی ئومێدی فەرزادی هێنایە دەنگ. بێژەن بەبێ دواکەوتن دەرگاکەی لێ کردنەوە و بەڕویەکی خۆشەوە سڵاوی گەرمی لێکردن و پاشان بۆ ژورەوە ڕێنمایی کردن.

شیرین پاش ئەوەی دایکی فەرزاد وازی لەماچ وموچی هێنا، دەستە گوڵ و پاکەتە شیرینیەکەی لێ وەرگرت وگەلێك سوپاسی کردن. شیرین لەگەڵ ئەوەشدا کە جلێکی سادەو ساکاری لەبەر کردبوو، بەڵام گەلێك جوان و دڵڕفێن دەهاتە پێش چاو، پاش چەند خولەکێك بەسینیەك چاوە خۆی بەژورەکەدا کردو فەرمووی چای لێکردن، هەریەکەیان پیاڵە چایەکی هەڵگرت و بەخواردنەوەیەوە خەریك بوون.

شیرین لەتەنیشت براکەیەوە دانیشت. ئەو هەرکاتێك لەلای ئەوەوە دادەنیشت هەستی بەئارامی ودڵنیایی دەکرد و شانازی پێوەدەکرد.

قسەکان سنوریان بەزاندو گەشتە سەر باسی داخوازیەکە. لەوکاتەدا ڕوخساری فەرزادو شیرین لەشەرمەزاریدا سورهەڵگەڕابوو، تەنها لەبیری ئەوەدا بوون چەندە زوترە داخوازیەکە کۆتای بێت.



Scanned with CamScanner

شیرین‌وبێژەن بەتەواوی لەڕەوشت و ئاکاری فەرزاد ئاگاداربوون، تەنها شتێك کە شیرینی ئازاردەدا ئەوقسانەبوون کەمریەم لەبارەی فەرزادەوە کردبونی کە تائێستاش بێژەن لێی بێئاگایە.

قسەکانی دایکی فەرزاد گەلێك سەرسوڕ هێنەربوون، ئوتۆمبێل، ماڵ، کۆشکی باکورو تەواوی ئەو ئامێرانەی کەبۆ ژیانێکی ئاسوودەو ئارام پێویستن. تەماعی دەخستە بەر پێی هەموو کچێکك. بێگومان ئەگەر عەشقی ڕاستەقینە لەدەڵی کەسێکیدا کاری خۆی کردبێت، هیچ شتێك ناتوانێت ئەو عەشقە لەودڵەدا دەربهێنێ، ئێستا دڵی شیرین لێوان لێوە لەعەشقی کامبیز. ئەو چۆنچۆنی دەیتوانی بەپێچەوانەی خواستی دەروونییەوە کاربکات و دڵی گەنجێك بشکێنێت کە عاشقی ڕاستەقینەی ئەوبووە، ئەودڵنیابوو ئەگەر وەڵامی ڕەزامەندی بەفەرزاد بدات، ژیان لای کامبیز کۆتایی دێت، چونکی ئەو هێشتا لاوبوو نەیدەتوانی شکستی ئەوعەشقەی هەڵبگرێ.

هەموو قسەیەك کۆتای هاتبوو تەنها چاوەڕێی قسەو بۆچونەکانی شیرین بوون تاکو ئەویش ڕەزایەتی خۆی نیشان بدات.

بێژەن بەردەوام لەشیرینی دەڕوانی، بەڵام شیرین لەدنیایەکی تردابوو. لەبێدەنگی ئەو ئامادەبوان وایان هەستکرد کەڕازییەو بێدەنگی نیشانەی ڕازی بونی هەموکچێکە. دایکی فەرزاد کاتێك بەوشێوەیە بینی گوتی: انشاالله پیرۆزە، بەڵام ئێمە دەبێت لەزمانی خودی بوکەخانەوە گوێ بیستی بەڵێ ببین. شیرین کەتازە هاتبووەوە سەرخۆی لەجێگاکەیدا جوڵەیەکی کردوگوتی:

— من ماوەیەکی زۆرە کاك فەرزاد دەناسم وتاکوئێستا جگە لەچاکەو پیاوەتی شتێکم لێ نەبینیوە، ئەو چاکەی بەسەر من و براکەمەوە زۆرەو هیوادارم ڕۆژێك



Scanned with CamScanner

بتوانم قەرەبووی ئەوخۆشەویستی وچاکانەی بۆبکەمەوە، بەلاّم لەبارەی ئەم داخوازیەوە بەڕاستی ناتوانم هیچ وەلاّمێکتان بدەمەوە، دەبێت بەیانی بیری لێ بکەمەوە، هیوام وایەبەم قسانە ئازارم نەدابێتن. بەدلّنیاییەوە هەولّ دەدەم تاکو هەفتەی ئاینده وەلاّمی کۆتایتان لێ بگێڕمەوە.

ئەوقسانەی شیرین جگەلەفەرزاد هەرهەموویانی حەپەساند. ئەوان چاوەڕوانی ئەوەیان دەکرد شیرین هەرلەوێدا وەلاّمی ڕەزایەتیان بداتەوە، بەلاّم فەرزاد دەیزانی کەخۆشەویستی کامبیز لەدلّی شیریندا جێگای خۆی گرتووەو ئەگەر دۆستایەتی بەینی ئەوو بێژەن نەبوایە وشیرین ڕێزی بۆئەو دۆستایەتیە دانەنایە، بێگومان لەیەکەمین قسەدا وەلاّمی ناڕەزایی دەدایەوە. ئەمە هەلّەیەك بوو کەفەرزاد خۆی بەسەر خۆی هێنابوو. ئاخر ئەو تاکو ئێستا هیچ شتێکی وای نیشان نەداوە کەنیشانەی عەشق و خۆشەویستی بێت، بەپێچەوانەی ئەوەوە کامبیز لەیەکەمین نیگادا خۆی وەك عاشقێکی سەرگەردانی ئەو نیشان دابوو. بەو قسەیەی شیرین ئیترقسەیەکی ترنەمابویەوەو ئەوان پاش قسەی کۆتایی مالّئاواییان لێکردن و بەهیوای ئەوەی شیرین بیری خۆی بکاتەوەو تاهەفتەیەکی تر وەلاّمی کۆتایی بگێڕێتەوە بەرەو مالّی خۆیان بەڕێکەوتن.

پاش ڕۆشتنی میوانەکان بێژەن ڕوی لەخوشکەکەی کردو گوتی: شیرین تۆ کە فەرزاد بەتەواوی دەناسیت، دەشزانیت ئەو لەهەموو کاتێکدا دلّی لای تۆیەو وابەستە بوە پێتەوە، ئیتر چۆن بەجۆرە وەلاّمت دانەوە؟ من هیوام وابوو کەتۆ لەم دانیشتنەدا وەلاّمی ڕەزایەتیان بدەیتەوەو بچیتە مالّومێردی خۆت. ئەلّبەت من ناچارت ناکەم بەرەی مێرد بەفەرزاد بکەیت، من دەزانم تۆکچێکی ئاقلّ و ژیری دلّنیاشم لەم ماوەیەدا کەمۆلّەتت لێوەرگرتون بەوردی بیر لەداهاتوت دەکەیتەوەو



Scanned with CamScanner

بڕیارێکی دروست دەدەیت، بەلاّم دلّنیابە هێندەی من فەرزاد بناسم ئەوەم لاڕونە کەدەتوانێت بەختەوەرت بکات.

شیرین لەوەلاّمی بێژەندا بێدەنگ بوو هیچی نەگوت. ئەودەیزانی کەبراکەی هیچ ئاگاداربیەکی لەخۆشەویستی ئەووکامبیز نییە. ئەو لەوخەیالّەدابوو کەچۆن عەشقی کامبیز دەربهێنێ و وەلاّمی ڕازی بون بەفەرزاد بداتەوە. شیرین بڕیاریدا کەپرس بەمریەم بکاتو ئەم باسەی لا بکاتەوە، لەوانەیە ئەوبتوانێت یارمەتی بدات.

بەیانی پاش نانخواردن. بێژەن بەرەو کۆمپانیاکە چوو، نزیکەی کاتژمێر ۱۰بوو کەشیرین توانی لەگەلّ مریەمدا بەتەلەفۆنی قسەبکات. ئەوباسی داخوازیەکەی فەرزادی پێ گوت و داوایشی لێکرد هاوکاری بکات تاکوبتوانێت بڕیاربدات. مریەم نەك هەر نەیتوانی یارمەتی بدات، بەلّکو بەقسەکانی خراپتر خوێی بەبرینەکانیەوەکرد.

ـ گوێبگرە شیرین گیان، کامبیز عاشقی تۆ بووە، لەتەواوی ئەوماوەیەدا تەنها لەخەیالّی تۆدابووەو و بیری لەتۆکردۆتەوە، بێگومان من لەم قەیرانەی کە هاتۆتەپێش نامەوێت بەوتنی ئەم قسانەم دلّت سارد بکەمەوە، بەلاّم ئەوەت لەیادبێت کەکامبیز بەئاسانی ناتوانێت عەشقی تۆ لەنێو دلّیدا دەربکات، ئەگەر تۆ بەم پێگەیشتنە ڕازیت من هیچ قسەیەکم نیەو هەرلّیش دەدەم بەشێوەیەك قسە لەگەلّ کامبیزدابکەم کەئەویش نیگەران نەبێ و بەتەواوی لەم مەسەلە ئاگاداری دەکەم. من دلّنیام کەتۆ بۆئایندەت نەخشەی خۆتت کێشاوەو ڕێگایەکی باش و دروست هەلّدەبژێریت.



Scanned with CamScanner

— دەزانیت مریەم گیان ؟ منیش لە هەموو ئەو ماوەیەدا دڵم لای کامبیز بووە و هەر لەبەر ئەوەشە ئێستا پەیوەندیم پێتەوە کرد، تاکو لەم بیرکردنەوەیەدا هاوکاریم بکەیت، بەڵکو تۆ بتوانیت یارمەتیم بدەیت تاکو بڕیارێکی دروست بدەم.

— گوێ بگرە شیرین گیان، بڕیاری کۆتایی لای خۆتە، ڕاستە کامبیز برای منە، بەلاّم من بەهۆی ئەو پەیوەندیەی لەگەڵ تۆدا هەمە حەزدەکەم بڕیارێکی وابدەیت که لەداهاتودا پەشیمان نەبیتەوە.

شیرین پاش ئەوەی هەندێك قسەی لەگەڵداکرد، خواحافیزی لێکردوگوتی: ئەگەر کاتێکی لەبارم بۆ ڕەخسا دووبارە پەیوەندیت پێوە دەکەمەوە. ئێستا شیرین دڵنیا ببوو کە بەرەو ڕوی کێشەیەکی گەورە بوەتەوەو دەبێت ڕێگا چارەیەکی گونجاو بدۆزێتەوە.

پاش ئەوەی مریەم تەلەفۆنەکەی داخست بانگی کامبیزی کردو هێواش هێواش باسی داخوازیەکەی فەرزادی بۆ ڕونکردەوە. کامبیز گێژ ببوو. ئەو نەیدەتوانی داوای یارمەتی لە دایك و باوکیشی بکات، چونکە دایکی لە سەداسەد بەم مەسەلەیە ناڕازییە. لەو لایەنەوە بۆفەرزاد لەبارتربوو، تەنها لەو نێوەندەدا عەشق بوو کەدەیتوانی ئەو سنورانە لەناو ببات. کامبیز داوای لەمریەم کرد لەگەڵ بێژەندا گوفت وگۆبکات و عەشق وخۆشەویستی ئەووشیرین بۆ بێژەن ڕونبکاتەوە.

چەند ڕۆژێك دوای ئەوە مریەم لەگەڵ بێژەندا تەلەفۆنی کرد، وای نیشاندا کەبێ ئاگایە لەداخوازییەکەی فەرزاد.



Scanned with CamScanner

مریەم پاش چەند قسەیەکی ئاسایی باسی کامبیزی هێنایە پێشەوە وگوتی: بێژەن گیان لەڕاستیدا دەمەوێت هەواڵێکی خۆشت پێ بڵێم. دوێنێ شەو کامبیز لەگەڵمدا قسەی کردو پێی گوتم کەشیرینی چووّتە دڵەوە وحەزدەکات زەماوەندی لەگەڵ بکات. ئەو عاشقی شیرینەو ئەگەر تائێستا هیچی نەگوتووە تەنها لەبەرئەوە بووە ویستویەتی مەسەلەی من وتۆ بەلایەکدا بکەوێت. بێگومان ئەم قسەیەم بەشیرین خۆشی گوتووە، دەمەوێت تۆش لەم مەسەلەیەدابیت. ئاخر شیرین هێشتا منداڵەو ڕوی نییە خۆی ئەم قسانەت پێ بڵێ.

بێژەن لەبەرامبەر قسەکانی مریەمدا بێدەنگ ببوو. پاش ئەوەی قسەکانی مریەم کۆتای هات، بێژەن باسی داخوازیەکەی فەرزادی بۆڕون کردەوە کەئەوان چاوەڕوانی وەڵامی شیرینن.

ــ بەڕاستی من سەرم لێتێك چووە ونازانم چی بڵێم. لەم مەسەلەیەدا تەنها شیرینە کە دەتوانێت بڕیاربدات من تەنها خۆشبەختی ئەوم دەوێ‌و هەر بڕیارێك ئەوبیدات بەلای منەوە شایەنی ڕێزەو تاکوئەو شوێنەی بتوانم لەبڕیارەکاندا هاوکاری دەکەم، هەربۆچونێك ئەو هەیبێت منیش پێی ڕازیم وحەز ناکەم بەهیچ کارێك ناچاری بکەم.

ــ منیش شیرینم خۆشدەوێ و وەك خوشکی تاقانەی خۆم حەز بە بەرژەوەندی دەکەم، دڵنیابە بەم قسانە نامەوێت تۆ بخەمە ژێرفشارەوەو عەشق وپەیوەندییەکەمان بەهەل بقۆزمەوە. منیش خۆشبەختی ئەوم دەوێ ودڵنیاشم شیرین بڕیارێکی دروست دەدات.

بێژەن بەعەشقە پاکەکەی سوێندی خوارد کەلەم بارەیەوە ناتوانێت هیچ بڕیارێك لەشیرین قەدەغە بکات وپێی گوت: وایبەباش دەزانم ئەم بڕیارە بۆ شیرین

خۆی بەجێبهێڵین وئەگەر پێویستی بەیارمەتی بوو لەبیرکردنەوەدا یارمەتی بدەین.

ـ بیژەن لەڕاستیدا تۆکوڕێکی واقیع بینیت ودڵنیابە هەربڕیارێك شیرین بیدات زەرەیەك لەعەشق وپەیوەندی من بەرامبەر بەتۆ کەم ناکاتەوە ومن هەمیشە پەیوەستم بەعەشقی خۆمەوە.

بیژەن پاش تەواو بونی کارەکەی بەرەو ماڵ بەڕێکەوت، کاتێك گەشتە ماڵەوە شیرینی بینی ماتومەلول لەگۆشەیەکدا دانیشتبور چووبووە خەیاڵەوە. چەند ڕۆژێك بەسەر داخوازیەکەدا تێپەڕی بوو ئەو هێشتا نەیتوانی بوو بڕیارێکی تەواو بدات. بەئارامی خۆی گەیاندەلای، شیرین بەدەنگێکی کزەوە سلاّوی کرد. بیژەن بە میهرەبانیەوە وەلاّمی سلاّوەکەی دایەوەو لەکۆتایدا گوتی:

ـ شیرین گیان خۆت باش دەزانیت کە من بەرامبەر بە چارەنوسی تۆو ئایندەت بەرپرسیارم، ئەوە بزانە ئەگەر گرفتێك بێتە ڕێگای تۆ بە دڵنیاییەوە ئەوە گرفتی منیشە، من توانای ئازارکێشانی تۆم نیە، من بە خۆشەویستی تۆوە زیندوم و ئەوە بونی تۆیە کە ئومێدی ژیانی لەمندا دروست کردوە. من بەڵێنم بەدایکم داوە کە بە دروستی ئاگاداریت بکەم ودڵنیاشم کەتۆ سەبارەت بە بەڕێوەبردنی ئەو بەڵێنە هاوکاریم دەکەیت، ئەڵبەت تۆکچێکی ژیرو وریایت و هەست بە دڵسۆزی منیش دەکەیت، تەنها داواکاریەکم لێت هەیە، ئەویش ئەوەیە لەگەڵمدا ڕاستگۆبیت وئەگەر شتێکت لەدڵدا هەیە بەئاشکرا پێمی بڵێیت.

ئەمڕۆ کاتێك لەگەڵ مریەمدا قسەم کرد. لەبارەی تۆو کامبیزەوە چەند شتێکی پێ گوتم. دەیگوت تۆوکامبیز پەیوەندیتان پێکەوە هەیە و وەك ئەوەی تۆ

ئـارەزو دەکـەیت کـامبیز بۆهاوسەروهاوبەشـی ژیانـت هەڵبـژێریت. مـن وەك هاوڕێیـەکی خـۆت سـەیربکە و ڕوون و ئاشـکرا ڕازەکـانتم پـێ بڵـێ. تـاکو ئەوجێگایەی لەدەستم بێـت هاوکاریـت دەکـەم، بۆئـەوەی بتوانیـت بڕیـارێکی دروست بدەیت. بیژەن بێدەنگ بوو تـاکو کاریگـەری قـسەکانی لەسـەر شیرین هەست پێبکات.

شیرین ئیتر چارەیەکی نەبور، دەیزانی کە دەبێت ڕاستیەکان بدرکێنێ و ڕاستی عەشقی خۆی وکامبیز بۆ بیژەن ئاشکرا بکات، چونکی هەستی دەکرد ناتوانێـت شتێك لەو بشارێتەوە، لەبەرئەوە گوتی :

ــ لەڕاستیدا داوای لێبووردنت لێدەکەم، مـن دەبـوو لەسـەرەتاوە دەربـارەی خۆشەویستییەك کە لەناخمدا ڕیشەی داکوتـابوو لەگەڵتـدا گفتوگـۆم بکردبـاو داوای یارمەتیم لێت بکردایە، ئەوڕۆژەی بۆ یەکەمجار تۆ مریەمت بینی عاشـقی بوی و هەر ئەوبینینە سادەیەش بووە هۆکاری ئەم نزکی وعەشـق وپەیوەندیـەی ئێوە. منیش بەهەمان شێوە، سادەیی وشێوەی ڕوبەڕوبوو نەوەی کامبیزمنی بەرەو خۆی ڕاکێشاو بووە هۆی ئەوەی بێ ئاگا خۆشم بوێ و ئەم عەشـقەم لـەنیگاکانی کامبیزیشدا هەست پێ کردووە، عەشقی ئەوم لەدڵمدا پەرەپێداوە دڵنیاشـم ئـەو بۆ ئەم خۆشەویستیەم وەڵامم بەعەشقێکی پاك دەداتەوە، من ئـەم عەشـقەم بـۆ ژیانی داهاتووم بەبەس دەزانی، ئێمە هەر یەکەمان خۆمـان بەهاوبەشـی ژیـانی یەکتر دەبینی و چاوپێکەوتنی زۆریشمان پێکەوە بوو،وە ئـەو تـەنها پـشتیوانی زەماوەندکردنی تۆو مریەم بوو، هەربۆیە ئەوم زیاتربەدڵ بوو ودڵنیابووم کەئێمـە دەتوانین ژیانێکی خۆش پێکەوە بەسەربەرین. تاکو ئەوکاتـەی فـەرزاد داخـوازی کردم. هەرگیز باوەڕم نەدەکرد فەرزاد ئارەزووی زەماوەندی لەگەڵ مندا هـەبێت و

هەمیشە ئەوم بەبرای خۆم زانیوە، ئەو لەوماوەیەدا کەتۆ لێرەنەبوی وەك برایەکی ڕاستەقینە هەموو پێویستیەکانی منی جێبەجێ دەکرد، بەڵام هیچ کاتێك تیلەی چاوی عاشقانەی تێنەبڕیوم، بەردەوام نیگاکانی میهرەبان وپاك بوون. من خۆم بە قەرزداری پیاوەتییەکانی ئەوەدەزانم. دڵنیام بەو تایبەتمەندیانەوە کە هەیەتی، بچێتە داخوازی هەرکچێك دەست نانێن بەڕویەوە، من تەنیا لەشتێك دەترسم کەئەومنی لەبەر خاتری دڵسۆزی وبەزەیی هەڵبژاردێت. ئەو لەڕاستیدا پیاوێکی باشەو لەچاکی و پیاوەتی شتێکی کەم نیە، بەڵام لەبارەی زەماوەند لەگەڵ ئەودا لەڕاستیدا دودڵم، لەلایەکەوە ئەگەر پابەندبم بەو عەشقەی کە بۆکامبیز هەمە فەرزاد دڵگران دەبێ و بێگومان کارلەدۆستایەتی تۆو ئەودەکات، ئەگەربۆ ئەویش ڕازی بم کامبیز لێم دەڕەنجێ و هەربەوەش مریەم لێمان زویردەبێ. براگیان..، توبیو خودا هاوکاریم بکەو لەم سەرلێشێواوییەدا ڕزگارم بکە.

گریان قوڕگی شیرینی گرتبوو، هێواش هێواش فرمێسکی دەڕشت. بێژەنیش چوبووە بیرێکی قوڵەوە و لەو خەیاڵەدابور کەچۆنچۆنی دەتوانێت لەم کاتەدا یارمەتی خوشکەکەی بدات، تاکو ئەوبتوانێت بەدروستی ڕێگای ژیانی خۆی دەستنیشان بکات.

ماوەیەك بەبێدەنگی تێپەڕی، پاشان بێژەن ڕوی کردە شیرین وگوتی: لەبارەی کامبیزو فەرزادەوە تەنها شتێك کەدەتوانم بیڵێم ئەوەیە کەهەردووکیان لەلایەنی ڕەوشتەوە کوڕی هەرەباشن و بەوجیاوازیەوە کەکامبیز ئێستا هەژدە ساڵ زەیاتر نیە، تازە خوێندنی تەواو کردوە، نەچۆتە خزمەتی سەربازی و کارێکی دیاری کراویشی نییە، ئەو هێشتا گەنجەو ماناي ژیانی هاوبەشی نازانێت. ئەو ئێستا ناتوانێت بەرپرسیارێتی ژیان لەئەستۆ بگرێت و ئەرکی ژیانێکی هاوبەش هەست

پێبكات، بە ئەقڵەوە مامەڵە لەگەڵ ژیاندا ناكات، بێگومان ئەمانە هەمووی هۆی تەمەنیەتی. بەڵام فەرزاد تەمەنی بیست و چوارساڵەو خزمەتی سەربازیشی تەواو كردووە، لەبارەی ئیشوكارەوە گرفتێكی نییەو دەتوانێت بەئاسانی بەر بەگرفتەكانی ژیان بگرێت. هەردوكتان گەنجن و ئەمە یەكەمین ئەزمونی عەشقی ئێوەیە. ئێوە لەم بارەیەوە بەتەنها گوێتان بەهاواری دڵتان داوە، لەكاتێكدا ژیان دورو درێژەو دەبێت بە عەقڵ و ژیری لەگەڵیدا ڕوو بە ڕوو ببیتەوە نەك بەهەست. عەشق و پەیوەندی بەتەنها بەس نیە، ئارامی و فیداكاری هاوبەشی عەشق و خۆشەویستیە. كاتێك مروڤ كەسێكی خۆش دەوێ، بەختیاری و كامەرانی ئەوی دەوێ و من بۆ ئەمە باوەڕم وایە كە تۆ لەجێگای ئەوەی بە دڵێكی ناسكەوە بڕیار بدەیت، لە ڕوی عەقڵ و ژیریەوە بیر بكەیتەوەو هەوڵ بدەیت بڕیارێكی شیاو لە ژیانتدا بدەیت، من لە هەردو حاڵەتەكەدا پارێزگاریت لێ دەكەم و هەربڕیارێك تۆ بیدەیت لەلای من جێگای ڕێزە، بەڵام پڕ بەدڵ حەزدەكەم بە باشی بیری لێ بكەیتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا دڵنیابە كە ماڵی فەرزاد هەرهەموویان بەم پێگەشتنە ڕازین‌و دەتوانن لە ژیانتدا ئارامیت پێ ببەخشن، لەڕاستیدا خۆت مهین خانم بەباشی دەناسی و دەزانیت كە ئەگەر هەست بەم مەسەلەیە بكات نەك تەنها برینی تۆ سارێژ ناكات بەڵكو دەبێتە مایەی ئازارو نارەحەتی بۆت.

بێژەن ئیتر هیچی نەگوت. لەجێگاكەی هەستایەوە چووە ژورەوە بۆ ئەوەی كەمێك بحەسێتەوە. لەتەواوی ئەو ڕۆژانەدا كەلەسەفەر گەڕابوویەوە نەیتوانی بوو بەتەواوی پشوو بدات و تەنگ و چەڵەمەكانی بێ ئەزموونی كارو ملۆزمی لابەلای ژیانی خۆی و شیرین ئەویان زیاتر ماندوو كردبوو.



Scanned with CamScanner

شیرین لەدوو ڕێیانێکدا گیری خواردبوو، کاتێك هـەردو کیـانی دەنایـە تـای تەرازوی ژیرییەوە دەیبینی فەرزاد قورس ترە. دڵیـشی لای کـامبیز بـوو، بـەلاّم عەشق وژیری پێی دەگوت کەفەرزاد بۆ هاوبەشی ژیانی هەڵبژێرێت !!.

ڕۆژەکان وردەوردە تێدەپەڕین و هێـشتا شـیرین نـەیتوانی بـوو دەستبەرداری عەشقی دڵی بێت و تائێستا لەکوچەی خەمدا گیرۆدە ببوو.

هێشتا هێندە بەسەر ڕۆشتنی بێژەندا تێنە پەڕیبوو زەنگی تەلـەفۆن لێـدرا، شیرین تەلەفۆنەکـەی هـەلگرت، فـەرزاد بـوو، شـیرین کەبەتـەواوی شـلەژابوو بەزەحمەت وەلاّمی سـلاّوەکەی دایـەوە. لـەو ڕۆژەوەی فـەرزاد چـووبووە داخـوازی شەرمی لێدەکرد.

فەرزاد بەئارامی و لەسەرخۆیی گوتی: شیرین خان، ئەگەردەکرێت دەمـەوێت چەند قسەیەکت لەگەڵدابکەم، داوات لێدەکەم کاتژمێر پێنجی پاش نیوەڕۆ وەرە بۆپارکی "لالە" تاکو بتوانین دووبـەدوو سـەربەخۆ پێکـەوە گوفتوگـۆ بکـەین، بەڵکو بەم شێوەیە بتوانین لەسەر داهاتومان بڕیارێکی باشتر بدەین.

شیرین ڕازی بوو، فەرزادیش خـوا حـافیزی کـردو تەلەفۆنەکـەی داخـستەوە، هێزی ژیری خستەکار تاکوبتوانێت شیرین ڕازی بکات زەماوەندی لەگەڵ بکات، چونکە ئەگەر پەلەنەکات بۆی هەبوو عەشقی کـامبیز زیـاتر لـەدڵی شـیریندا ڕیشە داکوتێتو لەوکاتەشدا ئومێدی ئەو زەماوەندکردنە بۆ فەرزاد دەبووە خەون وخەیاڵ. ئیتر دەبو هەرچی زوتـرەو بەهـەر ڕێگایـەك بـووە دڵـی شـیرین بۆخـۆی ڕابکێشێ و بەئارەزوی خۆی بگات.

شیرین لەبیری ئەوەدابوو کەدەبێت فەرزاد چ شتێکی پێبڵێ وبۆچی حەزدەکات بەتەنهابن.



Scanned with CamScanner

نیوەڕۆ کاتێك بێژەن لەکار گەڕایەوە بڕیاریدا مەسەلەی چارپێکەوتنەکەی لەگەڵ فەرزاددا لای بێژەن ئاشکرابکات، بەڵام هەر زوو لەو بۆچونەی پەشیمان بویەوەو وەهای بەباش زانی ئەم مەسەلەیە لەبێژەن بشارێتەوە.

کاتژمێر چواری پاش نیوەڕۆبوو خۆی گۆڕی وبەبێژەنی گوت: دەمەوێت بچمە بازاڕو هەندێك پێداویستی تایبەتی بۆخۆم بکرم، بێژەن کیفی پارەکەی دەرهێناو مەبلەغێك پارەی پێدا کە ئەگەر پێویستی بوو خەرجی بکات، شیرین سوپاسی کرد، پارەکەی لێوەرگرت وخواحافیزی لێکرد. پاشان بەخێرای خۆی گەیاندە شەقامەکەو تەکسیەکی گرت، هێشتا نیوکاتژمێری مابو بۆ وادەی دیاری کراو.

کاتێك گەشتە نێو پارکەکە کەمێك پیاسەی کرد تاکوبەسەر شەرمەکەیدا زاڵبێت، پاش ماوەیەکی کەم فەرزادیش گەیشت، ئۆتۆمبێلەکەی لەقەراغ شەقامەکەدا ڕاگرتو بەرەو لای شیرین هەنگاوی نا، شیرین ئاگاداری هاتنی فەرزادنەبوو سەرقاڵی پیاسە کردنی خۆی بوو، لەگەڵ ئەندێشەکانیدا تێکەڵ ببوو. لەناکاردا دەنگی ئاشنای فەرزاد لە خەیاڵاتەکانی بچڕاندوهاتەوە سەرخۆی. فەرزاد بەڕوویەکی خۆشەوە سلاوی لێکرد، شیرینیش بەشەرمەوە سەری داخست و وەلامی سلاوەکەی دایەوە، شەرمی دەکرد سەیری ڕوخساری فەرزاد بکات، بەدەم پیاسەکردنەوە بەرەولای کافیتریای پارکەکە ڕۆشتن. لەپشتی مێزێکەوە بەرەو ڕوی یەك دانیشتن، فەرزاد داوای شیروکاکاوی کردوپاشان لەسەر خۆ دەستی بەقسان کرد.

ــ من لەیەکەم ڕۆژەوە کەتۆم بینی عاشقی جوانی وخوڕەوشتت بوم، تۆ لەگەڵ هەموو ئەو کیژانەدا کە تاکو ئێستا بینیومن جیاوازیت هەیە، لەوانەیە باوەڕنەکەیت، بەلام تۆ هەموو هیواو ئاواتێکی منی، من هەرلەسەرەتاوە هەموو

ماڵ و سامانم نایە ژێرپێی ئەو عەشق وخۆشەویستییەی کەبۆ تۆم هەبووە، تاکو بتوانم لەداهاتودا لەتەنیشتی تۆوە ژیانم پەرە پێبدەم، بێگومان من حاشات لە عەشق وپەیوەندی پێ ناکەم، چونکە چەندان کەسم دیوە لەناخی دڵیاندا کچێکیان خۆشویستوەو بۆهاوبەشی ژیانیان هەڵیان بژاردووە و سەرەنجام لەگەڵ دڵخوازەکانیاندا بەیەك نەگەشتون و بەو هۆیەوە توشی شکستێکی گەورە بوون. منیش چاوەڕوانی ئەوە نیم کەتۆ لەبەرامبەر خواستەکانی مندا ملکەچ ببیت و لەعەشق و ئیحساساتی خۆت دابڕێیت.

فەرزاد قومێکی لە خواردنەوەکەیدا، شیرین لەکاتێکدا کەچاوەکانی لەزەویەکە بڕیبوو گوێی بۆقسەکانی فەرزاد شل کردبوو، لە دۆزەخێکی سوتێنەردا گیرۆدە ببوو، شەرمو حەیای ڕێگای ئارامیان لێگرتبوو، پڕبەدڵ حەزی دەکرد فەرزاد زووتر کۆتایی بەقسەکانی بهێنێ، تاکو لەو دۆزەخە ڕزگاری بێت.

ـــ من حاشات پێ ناکەم لەعەشق و خۆشەویستی، دەزانم کە عەشقی کامبیز لەدڵتا چرۆی کردووە، من لە ڕۆژێك دەترسم کە کامبیز تۆم لەدەست دەربهێنێت و دڵنیاشبە ئەگەر نەتوانم بەتۆ بگەم شکانێکی وادەشکێم ئەستەمە جارێکی تر پێك بێمەوە و ئەو بارەسەنگینەم بۆ هەڵبگیرێت. تۆ هەمور هیوار ئاواتێکی منی، داوات لێدەکەم یارمەتیم بدەیت، لەڕوی نیازودڵپاکیمەوە پەنام بۆهێناوی، چیتر لێمەگەڕێ ژیانم بەبێ تۆ ووردو خاش ببێت.

عەشق و خۆشەویستی ئەو بەتەواوی لە ڕوخسارو قسەکانیدا ئاشکرابوو، ئەو بەتەواوی بونیەوە عاشقی شیرین ببوو، ئارەزوی دەکرد ڕۆژێك بێت لەتەنیشت شیرینەوە دەست بەژیانێکی بەختیاروئارام بکات.



Scanned with CamScanner

گریان ڕێگای قسەکردنی لێگرتبور، ئەسرین هێواش هێواش لەچاوەکانی بەردەبویەوە، ئەو ئیتر هیچی تری نەگوت و دەستەکانی بەڕوخساریەوە گرتبوو کە بەڵکو بتوانێت فرمێسکەکانی لەشیرین بشارێتەوە.

خەم ڕوخساری شیرینی داپۆشی بوو قسەکانی فەرزاد دڵی ئەوی هێنابووە ژان. شیرین دەیتوانی چی بکات؟ کامبیز عەشقە تاقانەکەی ژیانی بوو، چۆنچۆنی دەیتوانی عەشقی کامبیز لەنێو دڵی وەدەرنێ. ئەو دەیزانی کە کامبیز لەڕوی خۆشەویستی وعەشقەکەیەوە هیوای پێیەتی. لەبەرئەوە نەیدەتوانی بێ لەبەرچاو گرتنی ئەو عەشقەی کە بۆکامبیز هەیەتی بەئاسانی دەستی لێ هەڵبگرێ وکامبیز لە سەرەو لێژی نائومێدیدا جێ بهێڵێت.

شیرین لەو ساتەدا ژیرانە بیری کردەوە لەکاتێکدا کەعەشقی ڕاستەقینەی فەرزادی بەرامبەر بەخۆی بۆ ڕون ببوویەوە. بەبێ ئەوەی دەستە مۆی هەستەکانی بێت، ڕوی کردە فەرزادو گوتی: ناتوانم بەبێ لەبەر چاوگرتنی هەموو مەرجێك بڕیار بدەم و هەر ئێستا بۆچونی خۆمت پێ بڵێم. بەڵام هیوام وایە لەئایندەیەکی نزیکدا بتوانم بڕیاری کۆتایی بدەم، ئەگەر دەکرێ لەم ماوەیەدا هیچ پەیوەندیەکم پێوە مەکە تاکو بتوانم بەبیرێکی ئازادەوە بڕیاری خۆم بدەم.

پاش گوتنی ئەم قسەیە شیرین لەجێگاکەی هەستاو بەخێرای خواحافیزی لەفەرزاد کرد و ڕۆیشت. فەرزاد ماتومەلول لەسەر کوسیەکە دانیشتبوو بەدوای شیریندا دەیڕوانی. کاتژمێرێك کاس وسەرگەردان لەوێدا مایەوە. ئەو هەرلەسەرەتاوە دەیزانی شیرین کچێك نییە بەبێ بیرکردنەوە بڕیار بدات. لەو



Scanned with CamScanner

ڕووەوە لەو هەڵوێستەی شیرین گەلێك خۆشحاڵ بوو و زۆر زیاتر لەجاران عەشقەکەی بڵێسەی سەند.

شیرین ئەوشتانەی کەپێویستی بوون کڕینی و بەرەو ماڵ گەڕایەوە. کاتێك گەشتەماڵەوە ڕوخساری شێواوونیگەران بوو. بێژەن کاتێك ئاگاداری ئەو گۆڕانەی شیرین بوو دڵی گوشراو گوتی: شیرین گیان چی ڕویداوە، گرفتێکت هاتۆتە پێش ؟!!

شیرین بەناچاری گوتی: نا... کەمێك ماندووم شتێکی وا نیە.

بێژەن کە ئاگاداری کاری شاراوەی شیرین بوو، گوێی پێ نەداو بۆ ئەوەی پرسیارەکەی لەبیر بەرێتەوە گوتی: حەز دەکەیت چەند ڕۆژێك مۆڵەت بەخۆمان بدەین و سەفەرێك بکەیت بۆ "باکور" تاکو لەم شارە قەرەباڵغ وپڕلە غەوغایە دور کەوینەوەو کەمێك بحەسێینەوە؟ بەلام شیرین کەکێشەکەی پەیوەندی بەماندوی وقەرەباڵەغی شارەوەنەبوو، هەربۆیە نارەزابوو گوتی: یەکەم شت سەفەرکردن بۆ باکور پارەیەکی زۆریی دەوێ و دووەم ئەگەر چەند ڕۆژێك لێرەدا بمێنینەوە دێینەوە سەرخۆمان.

چەند ڕۆژێك تێپەڕی. قسەکانی فەرزاد بەتەواوی کاریان لە شیرین کردبوو، کاتێك بیری لە وتەکانی فەرزاد دەکردەوە بێ ئاگا فرمێسك لە چاوەکانیەوە وەك دەنکە مرواری دەبریسکانەوە، بەلام ئەو لە بیری ئەوەدابوو کە کارێکی وابکات تاکو دڵی هیچ یەکێك لەو دوانە لەدەستی نەرەنجێن، تەنها کەسێك کە دەیتوانی هاوکاری بکات بێژەن بوو.

ئەو ڕۆژەی پاش ئەوەی بێژەن لەسەر کارەکەی گەڕایەوە شیرین ڕوی تێکردوگوتی: براگیان، کاتت هەیە پاش نیوەڕۆی ئەمڕۆ بچین کەمێك بگەڕێین.



Scanned with CamScanner

بێژەن کەبینی شیرین لە حاڵەتی سستی وغەم دورر کەوتۆتەوە، بەخۆشحاڵییەوە داواکارییەکەی قبوڵ کردو گوتی:

ــ بەڵێ، بۆچی نا... تۆ خواردنێکی بەتامان پێ بدە، پاشان بۆ هەرجێگایەك ئارەزوت هەیە من لە خزمەتتدام.

پاش نیوەڕۆ کاتژمێر حەوت بوو کە ئەو دوانە بەرەو پارکی لالە بەڕێ کەوتن تاکو پێکەوە سەیرانێك بکەن و بۆ ئەوەش پاش ماوەیەکی زۆر لەدەرەوە نانی ئێوارە بخۆن. ئەو ڕۆژە تاکو کاتژمێر حەوت وەکو ساڵێك لە شیرین گوزەرا. ئەو بەدوای ڕێگایەکدا دەگەڕا کە چۆنچۆنی سەری قسە لەگەڵ بێژەندا بکاتەوە، نیگەرانی بەڕونی لە ڕوخساریدا دەبینرا، بێژەن ئاگاداری گۆڕانی دەرونی شیرین بوو، بەلاّم گوێی پێ نەدا تا هەرکاتێك کەئەو ئامادەیی هەبێت، قسەبکات.

شیرین گێژو سەرگەردان بوو. ئەو لەدنیای خەیاڵدا خۆی ونکردبوو، لەناکاو بەبانگی بێژەن هاتەوە سەرخۆی.

ــ شیرین گیان، وەرە بالێرە دانیشین. باشە بلێ بزانم، تۆ ئارەزوی چ خواردنێك دەکەیت؟ شیرین کەتازە لەنێو دەریای خەیاڵدا هاتبوە دەرەوە بەدەنگێکی بچڕبچڕ گوتی:حەزم لەشیرمۆزە. بەلاّم هەر شتێك خۆت ئارەزوو دەکەیت داوای ئەوەش بۆمن بکە، هەرشتێك تۆ بیخۆیت منیش هەرئەوە دەخۆم.

بێژەن بەرەو لای کافتریایەك ڕۆشت کە لەوێوە نزیك بوو، پاش چەند خولەکێك بەدور پەرداخ شیرمۆزو پاکەتێك بسکیتەوە هاتەوەلای شیرین. لەتەنیشت یەکەوە دانیشتن ر دەستیان کرد بەخواردن.

شیرین نەیدەزانی کە چۆنچۆنی باسەکە دابمەزرێنێ. لە کۆتایدا بە دەنگێکی پڕ لەشەرمەوە دەستی بەقسان کردو گوتی:



Scanned with CamScanner

ــ بێژەن، من، من،...... بێــژەن ڕوی تێکــردو گــوتی: چــی ڕوی داوە، بۆچــی بەڕونی قسە ناکەیت؟!

شیرین دوبارە بە مینجە مینج گوتی: خۆت باش دەزانیــت کــەمن دەمــەوێت لەچ بارەیەکەوە لەگەڵتدا گفتوگۆ بکەم. لە ڕاستیدا لــە هــەموو ئــەم ماوەیــەدا خەوو خۆراکم لێ حەرام بووە. بێگومان ناتوانم لــە بیرکردنــەوەکانم بــەردەوام بم و بڕیارێکی دروست بدەم.

هەر لەبەرئەوەش بوو ئەمڕۆ بڕیارمدا لەگەڵ تــۆدا قــسەی کۆتــایی بکــەم و داوای یارمەتیت لێ بکەم. ڕاستیەکەشی ئەمەیە کەدەمەوێت لەبارەی کــامبیزو فەرزادەوە لەگەڵتدا بدوێم.

بێژەن گوتی: هەرچی دەتەوێت بیڵێ، بەشێوەیەك بێتاقەت و دڵگوشــراوو بــێ ئارام بوویت من گوتم لەوانە ڕووداوێکی گەورە ڕویدابێ وئێمە بێئاگــابن، ئــەوە شتێکی تازە نییە، زۆر باشە، ئێستا لەقسەکانت بەردەوامبە بزانم دەتەوێت چــی بڵێیت؟!!

ــ لە هەموو ئەم ماوەیەدا گەلێك بێ دەستەڵات بووم، کە نــەمتوانییوە هــچ کارێك بکەم، لەلایەکەوە کامبیز و لەلاکەی دیکەوە فەرزاد، تاکو چەند ڕۆژێــك لەمەوبەر، بەیانی ئەو ڕۆژەی کە پێم گوتیــت دەمــەوێت بــۆ شــت کــڕین بــچمە دەرەوە، فەرزاد تەلەفۆنی بۆکردم و پێی گــوتم کەدەیــەوێت لەگەڵمــدا بەتــەنها بدوێ و منیش بەبێ ئیزنــی تــۆ ڕازی بــووم و هــاتین بــۆ ئــەم پارکــە و فــەرزاد لەگەڵمدا قــسەی تــەواوی کــرد. منــیش ئاگــام لــەوە هەیــە کەماوەیــەکی زۆرە ویستومە بیر لەم مەسەلەیە بکەمەوە، لەگەڵ ئاگاداریشم لە قــسەکانی فــەرزاد واهەست دەکەم گەشتومەتە بڕیاری کۆتایی. بەڵام بۆئــەوە ویــستم لەگــەڵ تــۆدا

پرس‌وڕا بکەم و ئەگەر بە پێویستی دەزانیت ڕێنمـایم بکـەیت، مـن بڕیـارم داوە بەپێچەوانەی ئەو خۆشەویستییەی کامبیزەوە کە لـەدڵی منـدا دروسـت ببـوو، وەڵامی ڕەزایەتی بە فەرزاد بدەمەوە، هەرچەندە دەشزانم کـامبیز لەدەسـتی مـن نیگەران دەبێ و هەتا لەوانەشە بەهۆی کەمی تەمەنیەوە کـارێکی مەترسـیدار ئەنجام بدات، چونکە ئەو زۆر گەنجەو کوڕێکی لە خۆ ڕازیشە بەم کـارە واهەسـت دەکات هەستی بریندار کـراوە، ئـەو گـوێ لەقـسەی تۆدەگرێـت حـەز دەکـەم لەگەڵیـدا قـسەبکەیت و ئاشـنای بکـەیت بەڕاسـتییەکان، هەربـەو شـێوەیە لەلایەنی منەوە داوای لێبوردنی لێ بکەو پێی بڵێ چارەنوسـی مـن بـەم جـۆرە بورە، لەمەو دووا حەز ناکەم لەگەڵیدا ڕوو بەڕوو ببمەوە، هەرچەندە مـن تـاکو ئەمڕۆش لەبارەی خۆشەویستییەوە قسەیەکم لەگەڵ نـەکردووە، بـەلاّم لەبـەردەم ویـژدانی خۆمـدا هەسـت بـەئازار دەکـەم، داوات لێدەکـەم پەیامەکـەمی پـێ بگەیەنەو زۆر داوای لێبوردنیشی لێ بکە.

گریان گەرووی شیرینی گرتبـوو، دڵـۆپی فرمێـسك لـە چـاوەکانیەوە بـەرەو خوارەوە داخزین، ئەو ئیتر توانـای نـەبوو وشـەیەکی تـر بڵـێ، ئـەو کەسـانەی کەلەوێوە تێدەپەڕین بەسەر سوڕمانەوە لێیان دەڕوانی. بێژەن لەو ماوەیەدا تـەنها گوێی لەقسەکانی گرتبوو، پاشان دڵی دایـەوە و داوای لێکـرد کـەمێك پیاسـە بکەن تاکو نەختێك بێتەوە سەر خۆی.

شیرین بـەحاڵێکی نائاسـاییەوە لەسـەر کورسـییەکە هەسـتایەوە و لەگـەڵ بێژەندا لەو جێگایە دوور کەوتنەوە، پاش ئەوەی کەمێك بەڕێگادا ڕۆیشتن، بەرەو چێشتخانەیەك کەلەو نزیکانەدابوو هەنگاویان نا و نانی ئێوارەیان لە بێدەنگی و ئارامیدا خوارد.

نزیکەی کاتژمێر دەی شەو بوو کە بەتەکسیەك بەرەو ماڵ بوونەوە، شیرین وای هەست دەکرد نەختێك باری سەرشانی سوك بووە، ڕازەکانی لەدڵدا نەمابوو واپێدەچوو خۆی ئاسودە کردبێت، بەڵام هێشتا خەیاڵی کامبیز لەناخەوە ئازاریان دەدا.

بۆ بەیانی بێژەن بڕیارەکەی شیرینی بە فەرزاد ڕاگەیاند، ئەو توانای نەبوو خۆی لەسەر قاچەکانی ڕابگرێت، ئیتر بەئارەزووەکانی خۆی گەشتبوو لەدڵی خۆیدا ئافەرینی خۆی دەکردو خۆی لەو گۆڕەپانی عەشقەدا بەشۆڕەسوار دەزانی، توانای جڵەو گیری هەڵس و کەوتی خۆی لەدەست دابوو، شادیو کامەرانی لە هەموو جوڵەیەکیدا خۆی دەنواند. ڕوخساری بێژەنی ماچ کردوو لەکۆمپانیاکە چووە دەرەوە تاکو ئەو هەواڵە خۆشە بەدایکی ڕابگەیەنێت. بەخێرایی سواری ئوتومبیلەکەی بوو بەرەو ماڵەوە بە ڕێکەوت، کاتێك گەشتە ماڵەوە بەجۆرێك خۆی ونکردبوو کە لەیادی چوو قاپی ئوتومبیلەکەی دابخات، بەپەلە کلیلی لەنێو قوفڵی دەرگای حەوشەکەدا بادا، بەپڕتاو بەرەو ماڵ ڕایکردوو هاواری لەدایکی کرد، دایکیشی بەترسەوە بەرەولای هات، ئەو بەخۆشحاڵی و بەدەنگێك کەسەرکەوتنەکەیان نیشان دەدا باسەکەی بۆدایکی گێڕایەوە، ئەویش بەو هەواڵە گەلێك خۆشحاڵ بوو، لەبەر ئەوەی کەدەیبینی لەئەنجامدا کوڕەتاقانەکەی دەیەوێت ماڵ پێکەوە بنێت، بەدڵخۆشیەوە دەستەکانی بەرەو ئاسمان بەرزکردەوە و گوتی: سوپاس بۆخوا ڕۆڵەگیان، سوپاس بۆ ئەو خوایەی کەژیانی پێدام تاکو هاوسەری تۆ ببینم. زۆرباشە لەئێستاوە دەبێت خۆمان ئامادە بکەین و لەبیری زەماوەنددابین.



Scanned with CamScanner

بێــژەن درودڵ مــابوو نەیــدەزانی بــەچ شــێوەیەك ئــەم هەواڵــە بــەكامبیز ڕابگەیەنێت. هەرچۆن بێت قەدەر وای هێناوە و دەبێت بەو چارەنوسە ڕازی بێت.

لە نوسینگەی كارە كەیدا دانیشتبوو هێزی دایە بەرخۆیی و ژمــارەی مــاڵی كامبیزی لێدا، لەپاش چەند زەنگ لێدانێك، كامبیز تەلەفۆنەكــەی هــەڵگرت، پاش سڵاو و ئەحواڵپرسی. بێژەن كە پەشێوی و شپرزەییەكەی لەدەنگیدا شــەپۆلی دەدا گوتی:

ــ كامبیزگیان، دەمویست شتێكت پێ بڵێم، حەزدەكەم بەعەقڵ و داناییــەوە بەرەو ڕوی ئەم بابەتە ببیتەوە، كامبیز كەسەرەتا حەپەسابوو بەسەر ســوڕمانەوە گوتی: كاك بێژەن بۆچی من منداڵم كەبەمــشێوەیە قــسەم لەگەڵــدا دەكــەیت، تكات لێدەكەم ئەگەر كارەساتێك ڕوی داوە بێپەردە پێمی بڵێ. بێژەن بەمنجەمنج گوتی: لەڕاستیدا دوێنێ شیرین هەندێك قسەی لەگەڵداكردم و گــوتی: بڕیــاری خۆمم داوە و دەمەوێت لەگەڵ فــەرزاددا زەماوەنــد بكــەم. كــامبیز ئــیتر ئاگــای لەخۆی نەما، تەلەفۆنەكە لەدەستی بەر بویــەوە، مــات و ســەر گــەردان ببــوو، ژورەكە لەپێش چاویدا سوڕی دەخوارد، غەمگین و بێ ئــارام لەســەر قەنەفەكــە كەوت، سەری نابوە نێو هەردوو دەستیەوە، بێژەن بەردەوام لەتەلەفۆنەكەوە بانگی لێدەكرد، دڵی بەحاڵی دەسوتا. مریەم كە لەپشتی پەنجەرەكەوە ئاگای لە هــەڵس و كەوتی كامبیز بوو، بەپەلە خۆی گەیاندە لای تەلــە فۆنەكــە و هــەڵی گــرت، دەنگی بێژەنی ناسیەوە، لەگەڵ پاڕانەوەدا بەبێژەنی گوت، سوێندت دەدەم بەخودا پێم بڵێ چی بووە؟ چیت بەكامبیز گوتووە ئاوا خۆی داوە بەزەویدا.

بێژەن ئارامی كردەوە و گوتی: هیچ شتێك ڕوی نەداوە، تەنها وەڵامی شــیرینم پێ ڕاگەیاند، پێم گوت كەشیرین بڕیاری داوە زەماوەند لەگەڵ فــەرزاددا بكــات،



Scanned with CamScanner

شیرینیش حاڵی باش نییە، بەڵام بەو ئەنجامە گەشت کە فەرزاد وەك هاوبەشی ژیانی هەڵبژێرێت، ئەو داوای لێبوردنی لەتۆو لەکامبیزیش کردوگوتی بەئەو بڵێم کەچارەنوس بەمشێوەیە بووە، مریەم گیان.... داواکاریەکم لێت هەیە، بەکامبیز بڵێیت بۆماوەیەك هەستی شیرین ڕابگرێ و لەگەڵیدا ڕوبەڕوو نەبێتەوە تاکو حاڵی ئەویش کەمێك باشتردەبێت. بێژەن نەیتوانی زیاتر بەردەوامی بەقسەکانی بدات و پاش ماڵئاوایی تەلەفۆنەکەی نایەوە جێگای خۆی.

مریەم کەمێك ئەنجێ و ئەوجیێی کردوو پاشان بە کەمتەر خەمیەوە ڕویکردە کامبیزو گوتی: ئێستا شتێك ڕوینەداوە و دنیاش وێران نەبووە، تۆ هێشتا گەنجی و هەلی زۆرت لەپێش ماوە، شیرین کچێك نییە کە هەر ڕۆژەو بڕیارێك بدات، ئەو بێچارەیەش تائێستا گەلێك زەحمەتی کێشاوەو مافی خۆیەتی بۆ ژیانی داهاتوی بڕیاری درووست بدات، خۆت ئاگات لێیە کەدایکم هەرگیز بەم پێگەشتنەی ئێوە ڕازی نابێت و ئەگەر گریمان ڕازیش بوو دەبێت ئەو کچە بێچارەیە بەردەوام وەك من سەرکوت بکرێت، بەچاك گەڕا ئەم مەسەلەیە بەئەنجام نەگەشت، بەجۆرە هەم بۆتۆ باشە و هەم بۆشیرینیش، تۆ ئەگەر بەڕاستی ئەوت خۆش دەوێت، دەبێت حەزبکەیت کامەرانبێت، هەولبدەیت کارێکی وانەکەیت دڵی برەنجێت.

کامبیز بەلۆمە کردنەوە ڕوی تێکردوگوتی: تۆش تەنها قسەی خۆت دەکەیت و هەرگیز هەست بەئازاری من ناکەیت، تۆ خۆت باش دەزانیت من چەندە شیرینم خۆشویستووە، ڕاستە کە تائێستا وشەیەکم بەخۆی نەگوتووە، بەڵام تەواوی جوڵەو هەڵس و کەوتێکی من نیشانەی عەشق و خۆشەویستیم بووە بۆی، ئەو خۆیشی ئاگای لەم عەشقە هەبوو، ئیتر چۆن بەمشێوەیە لەگەڵ من و عەشقەکەمدا وەفادار نەبوو، ئاخر بۆچی...... بۆچی......؟!!



Scanned with CamScanner

گریان بینی گرتبوو، هەستی پیاوەتی بریندار ببوو، لەبیریدا ئەندێشە گەلێکی جۆراوجۆر تێدەپەڕین، نەیدەتوانی بەئاسانی ئەم مەسەلەیە لەبیر بکات، لەلایەکەوە جیهانی بۆخۆی بەوێرانە دەزانی و لەلایەکی تریشەوە بیری تۆڵە سەندنەوە لەناحەزەکەی هەموو بیرو خەیالّیان گەمارۆ دابوو، ئەو ڕقێکی هێندە گەورەی هەبوو تاکو ژەهرەکەی بە بەرامبەرەکەی نەڕشتایە ئارام نەدەبویەوە. مریەم کەئەوی زۆرباش دەناسی هەوڵی دا ئارامی بکاتەوە، نەبادا کارێکی نەشیاوی لەدەست بقەومێت. کامبیز تورەو بێئارام لەجێگاکەی هەستا، جلەکانی گۆڕی و بەسەروو ڕوخساری شێواوە لەماڵ چووە دەرەوە.

شیرین چەند تکای لێکرد سودی نەبوو ئەو بەرەو کۆمپانیاکە کەوتەڕێ، لە ڕێگای کۆمپانیاکەوەو بەهۆی دۆستایەتی لەگەڵ بێژەندا توانی ناونیشانی ماڵی فەرزاد وەربگرێت. بەخێرایی خۆی گەیاندە ئەوێ، لەوکاتەدا کەمێك ئارام ببوویەوە، لەدڵی خۆیدا بڕیاریدا سەرەتا بەزمانی خۆش لەگەڵیدا بدوێ و لەمەسەلەکە ئاگاداری بکات، ئەگەر فەرزاد ملی نەدا، ئەوا سوود لە توانا و هێزی وەر بگرێت.

گەشتە بەردەرگای ماڵەکەیان، پەنجەی لەسەر زەنگی دەرگاکە توندکرد، پاش ساتێکی کەم دایکی فەرزاد دەرگای حەوشەکەی بەڕودا کردەوە، کامبیز خۆی وەك یەکێك لە دۆستەکانی فەرزاد ناساندو هەواڵی ئەوی پرسی، دایکی گوتی: فەرزاد چەند کاتژمێرێك دەبێت لەماڵ چۆتە دەرەوەو لەوانەیە تاکو چەند کاتژمێرێکی تر نەگەڕێتەوە. پاشان فەرمووی ژورەوەی لێکرد، بەلاّم کامبیز سوپاسی کردوگوتی: چاوەڕوانی دەکەم و پاشان دێمە خزمەتتان.

بەڵام پاش ئەوەی دایکی فەرزاد چووە ماڵەوە ئەو هەر لەوێدا لەتەنیشت دەرگاکەوە دانیشت و بەخۆی گوت هەرلێرەدا چاوەڕێی دەکەم تا دەگەڕێتەوە.

سەروڕوخسارە شێواوەکەی بەتەواوی دایکی فەرزادی خستبوە گومانەوە، ڕواڵەتی کامبیزی بەلاوە نامۆ نەبوو، بەڵام چەندی کردوکۆشا نەیتوانی بیناسێتەوە.

لەئەنجامدا کاتی چاوەڕوانی کۆتایی هات و ئوتومبیلەکەی فەرزاد لەسەروی شەقامەکەوە بەدەرکەوت، فەرزاد یەکسەر کامبیزی ناسییەوە. واقی وڕمابوو، دەیزانی بوونی کامبیز لەبەر ماڵی ئەواندا جگە لەکێشەی شیرین شتێکی تر نییە.

بێ باکانە لە ئوتومبیلەکەی دابەزی و بەرەو لای کامبیز ڕۆشت و دەستی بۆ تەوقەکردن درێژکرد، بەڵام کامبیز بێئەوەی سڵاو بکات و وەڵامی تەوقەکەشی بداتەوە بێ پێشەکی یەکسەر چووە سەر ئەسڵی مەبەست و گوتی:

ــ خۆت زۆرباش دەزانیت کەمن چەند شیرینم خۆشدەوێت، من بێئەو ناتوانکم بژیم، داوات لێدەکەم دەست لەشیرین هەڵبگری و نەبیتە ڕێگر لە بەردەم زەماوەندەکەماندا.

فەرزاد بەباشی هەستی بەحاڵی کامبیز دەکرد، بەڵام نەیدەتوانی بەرپەرچی قسەکانی نەداتەوە، ئەو ڕازی بوونی شیرینی بەو ئاسانیە بەدەست نەهێنابوو کە بەهەمان ئاسانیش لەدەستی بدات، ئەو دەمارولوت بەرزی خۆی لەبەرامبەر شیریندا نابوە ژێر پێیەوەو لێی پاڕابویەوە. هەر لەبەر ئەوە ڕویکردە کامبیزوگوتی: منیش خۆشم دەوێ، من عاشق و دێوانەی ئەووم، ساڵەهایە

چاوەڕوانی ڕۆژێکی وام دەکرد ئێستا بەئاواتم گەشتووم و ئامادەشم بەگیانم پارێزگاری لێبکەم.

قسەکانی ئەوان سنوری بەزاند، کامبیز لەبەر ئەوەی لەژێر فشارێکی دەروونی گەورەدابوو، توانای بەسەر خۆیدا نەماو بە فەرزاددا هەڵشاخا. فەرزاد لەبەر ڕێزی بێژەن و شیرین بەرپەرچی نەدایەوە و تەنها لەهەوڵی ئەوەدابوو هێوری بکاتەوە. لەئەنجامدا بەهەوڵی دەروودراوسێ کە ئاگاداری دەنگە دەنگی ئەوان بوون، کێشەکەیان کۆتایی پێهێنا.

کامبیز ترسی شکا، ئیتر هیچ شتێکیش وەك بەربەست لەبەر دەمیدا نەمابوو، کینەو تۆڵە لەجێگای عەشق، لەناخی ئەودا ڕیشەی داکوتابوو، بە ڕادەیەك گەشتبوە ئاستی شێتی. بە حاڵێکی تووڕەو نیگەرانەوە بەرەو ماڵ گەڕایەوە، مریەم کە ئاگاداری هەڵس و کەوتی ئەو بوو بەخێرایی چوو بەلایەوەوگوتی: کامبیزگیان والەخۆت مەکە، دڵنیابە ئەمە چارەنوسە. ئەگەر لەبەر دڵی شیرینیش بووە دەست لەم ڕکابەرییە هەڵبگرە.

کامبیز کەهەستی بە تەنهایی دەکرد و دەیبینی کە ئەم ڕێگایە نایگەیەنێتە مەبەست، لەڕوکەشدا خۆی لەگەڵ ئەو هەلومەرجەدا گونجاند، تاکو لەکاتێکی لەباردا بتوانێت فەرزاد لەسەر ڕێگاکەی لابدات.

فەرزاد بەدڵێکی خۆش و ئارامەوە لەبیری ئامادەکردنی کەل و پەلی بوکدا بوو، دەیزانی بووکەکەی دوورە لەهەموو نەنگی و کەمیەك و لەهیچ لایەنێکەوە عەیبی تیانیە ئەو حەزی دەکرد باشترین شت و مەك بۆ شیرین بکڕێت و پێی نیشان بدات کەچەندە لەلای خۆشەویستە. چەند ڕۆژ دوای ئەوە کامبیز بەڕوویەکی خۆشەوە بەڵام بەدڵێکی پڕلەکینەوە چووە لای فەرزاد، لەئامێزی گرت



Scanned with CamScanner

و وەك برایەكی دڵسۆز ڕەفتاری لەگەڵدا كردوو پێی گـوت: كەهەسـتی بـەحاڵی ئەو كردووەو بەڵام بەهەر حاڵ قەدەر وابووەو دەبێت ڕازی بێت بەم چارەنووسە.

پاش تێپەڕ بوونی دوو هەفتە ئیتر شتێك نەمابویەوە، فەرزاد پڕ بەدڵ حـەزی دەكرد مـاڵێكی نوێ بكڕێ و لەگەڵ شیریندا پێكەوە لەو ماڵە نوێیەدا ژیـانێكی تازە دەست پێ بكەن، بەڵام باوك و دایكی ڕازی نەبوون و پێیـان گـوت: فـەرزاد گیان. ئێمەدوكەسین لەم ماڵەگەورەیەدا و بەتەنهاین و بەبێ تۆ كەسێكی ترمـان نیە. ئەگەربەلای شیرین گیانەوە نابێتە گرفت بابێتە ئێرە بۆلای ئێمە تـاكو هـەر چوارمان پێكەوە بژین، ئەم مـاڵە بەگوێرەی پێویست جێگای هەیە، پڕبەدڵ حـەز دەكەین بەم ئاخری تەمەنەوە بەتـەنها جێمـان نـەهێڵی و نەبیتـە هـۆی ئـازارو پەشێویمان.

ــ ئەمە چ قسەیەكە. من دەمەوێ نەبمـە هـۆی بێـزاری ئێـوە وەگـەرنا لـەم جیهانەدا دایك و باوكێكی میهرەبانی وەك ئێوە دەستی كێ دەكەوێت؟ حەزدەكەم شیرین وەك كچێكی خۆتان سەیر بكەن و ئومێدەواریشم بەهاتنی ئەو بۆنێو ئـەم ماڵە وەك هەمیشە شادو دڵخۆش بن. شیرینیش كەسێك نیـە كەبیـەوێت ببێتـە هۆی لێككردنی من و ئێوە، خۆتان ئەو باشتردەناسن ئـەو كـچێكی میهرەبـان و دڵپاكە،

لەگەڵ ئەوەشدا كەفەرزاد گورتبووی هیچ شتێكیان لەنێو مـاڵـدا كـەم نیـە. هێشتا بێژەن لەهەوڵی ئەوەدا بوو تاكو جیازیەكی شایستە بۆشیرین ئامادە بكات و بەسەری بڵندەوە بینێرێتە ماڵی خۆی.

لەئەنجامدا ڕۆژی پێنج شەممە، سێیەم ڕۆژی مـانگی گـوڵانی سـاڵی پـەنجاو پێنجی هەتاوی لەگەڵ ڕۆژی زەماوەندا هاوكات بوون، كارەكـان بەباشـی بـەڕێوە

دەچوو. بۆمەراسیمی زەماوند هۆڵی جوان و گرانبەها لەبەر چـاو گیرابـوو تـاکو مەراسیمی بوکێنی چەندە دەکرێت بەشکۆتر بەڕێوە بچێت.

بۆ ئەو ڕۆژە فـەرزاد میـوانگـەلێکی زۆری لـەدەوری خـۆی گـرد کردبـووەوەو بانگهێشتی کردبوون، بەڵام لەلایەن بنەماڵەی بوکەوە جگە لەبێـژەن و مریـەم و کامبیز کەسێکی ترنەبوو، چونکە لەدەورانی منداڵیـدا ئاغـا ناسـری باوکیـان پێی خزمەکانی خۆی لەماڵەکەیدا بڕیبوو، لەپاش ئەو هەموو ساڵەش ئیتر کەس پەیوەندی پێیانەوە نەمابوو. ئـەو ڕۆژەی شـیرینیان بـردە ئارایـشتگا ئـەویان زۆر بەجوانی ئارایشت کردو ڕازانیانەوە. فەرزاد ئامادەو خۆشحاڵ بەرەو ئارایـشتگاکە ڕۆیشت و لەگەڵ بوکە جوانەکەیدا بەرەو هۆڵی زەماوند بـەڕێ کـەوتن، فـەرزاد لەئوتومبیلەکەی دابەزی. ڕوخساری شیرین گەلێك جوانو لەبەر چاو بوو بەجلی بوکێنیەوە ڕەونەقێکی تایبەتی پەیدا کردبوو.

کـامبیز یـەکێك بـوو لـەو میـوانانـەی کەلەبـەردەم هـۆڵی زەماوەندەکـەدا ئامادەبوو. سەرنجی لەو کارەساتەدەدا و پڕبەدڵ حەزی دەکرد زەوی شـەق بـەرێ و قوتی بدات بۆ ئەوەی کەسێك جگە لەخۆی وەکو زاوا لەتەنیشت شیرینەوە نەبێ. ڕوخساری گەشوجوانی شیرین لەجلی سپی بوکێنیدا گڕی تۆڵەی لەدڵی ئەودا پڕ بڵێسەترکرد. ئەو لە ڕووکەشـدا بـە ئـارامی وەسـتابوو تەماشـای بـوك و زاوای دەکرد، بەڵام تۆفانێك لەکینەو تۆڵە لەدڵیدا بە رپا بوو بوو.

فەرزاد و شیرین دەست لەناو دەست بەرەو لای هۆڵەکە چوون. شیرین نوقم بوو لەبیر کردنەوەدا. دەیزانی کەکامبیزیش لەناو کۆمەڵی میوانەکاندایەو هەوڵی دا خۆی لەتیری نیگاکانی بەدوور بگرێ. لەو کاتەدا چاوەکانی شیرین لەسەر کامبیز نەبڵەق بوون. شیرین لەجێگای خۆی ووشك بوو، هەتا تواناشی نـەبوو چـاوەکانی



Scanned with CamScanner

لەسەر كامبیز بگوێزێتەوە. حاڵی چاوەكانی گۆڕابوو. شتێكی لەچاوەكانی ئەوەوە دەدی لەگەڵ تەواوی ئەوڕۆژانەدا كـە بینـی بـووی جیـاوازی هـەبوو. چـاوەكانی هەواڵی تۆڵەسەندنەوەیەكی خوێنینی دەدا كە دڵوگیانی شیرینی هێنابووە لەرزە. ئەو یەكسەر لەو وەڵامەی كەبەفەرزادی دابو پەشـیمان بوویـەوە. لـەدڵی خۆیـدا بیری دەكردەوە بریا هەردووكیانم ڕەت بكردایەتەوەو ئێـستا بـەم شـێوەیە گـیرۆدە نەدەبووم.

فەرزاد هەستی بەحاڵی شیرین كردبوو، ئەو ئاگای لەدڵی شیرین بـوو. لەبـەر ئەوە دەستی ئەوی بەتوندی گووشی، بـەو كـردارەی تـێی گەیانـد پەناگایـەكی پڕئارام و دڵنیایە بۆی، بـەو جـۆرە ئـەوی لەدەریایـەكی پڕلەگێـژاوی خەیاڵاتـدا هێنایەدەرەوە. پێكەوە لەسـەر خـۆ بـەرەو لای میوانـەكان كەوتنـەڕێ و لەسـەر كورسیە تایبەتیەكەیان دانیشتن. میوانەكانیش لەگەڵ هاتنـە ژوورەوەی ئەوانـدا دەستیان كرد بەچەپڵەلێدانو شادو ڕوخۆش لەگەڵ بوك و زاوادا چونە هۆڵەكەوە. شادی و خۆشیەكی فراوان بـەرپاكرابوو، وتـاری مـارەبڕین خوێنرایـەوە پاشـان هەریەك لەمیوانەكان دیاریەك كە رسووم بوو پێشكەش بەبووك و زاوایان كرد.

بێـژەن فرمێـسكی شـادی لەچـاوەكانیدا دەبریـسكانەوە. ئـارەزووی دەكـرد خێزانەكەیان زیندوو بوونایـە و لـەم شـادی و خۆشـیەدا ئـەوانیش هاوبەشـیان بكردایە، بەڵام ئەو ئێستا دەبوو جێگای هەموویان بگرێتەوە. ئەو نەك تەنها برای شیرین بـوو بـەڵكو هـەموو كەسـێكی بـوو، دەبـوو نـەهێڵێت شـیرین هەسـت بەبێكەسی خۆی بكات.

دایكـی فـەرزاد ژنێكـی میهرەبـان بـوو، بەڕوویـەكی خۆشـەوە ڕوخـساری بووكەكەی ماچ كردوو پێ ی گووت:



Scanned with CamScanner

ــ شیرین گیان، پیرۆزت بێت. لەمڕۆوە من بەدایکی خۆت بزانە، پاشان داوای بەختێکی باشی بۆکردوو وەك شتێکی باو مستیلەیەکی گرانبەهای پێشکەش کرد. لەئەنجامدا ئەو شەوەش بەهەموو کەیفو خۆشیەکیەوە کۆتایی هات، بووك و زاوا چونە پەردەوەو شەوی پێك گەیشتنیان کۆتایی پێ هێنا.

هەمان شەو بەڵێنیان بەیەکتردا کەهەتا ماون یارو یاوەری یەکتربن و هیچ کاتێك دەست لەیەکتری بەرنەدەن، چەند ڕۆژێك دوای ئەوە شیرین و فەرزاد خۆیان ئامادەکرد تاکو بۆ بەسەربردنی مانگی هەنگوینی بەرەو باکور بڕۆن. بەیانی زوو خواحافیزیان لەدایك و باوکی فەرزاد کردوو بەرەوماڵی بێژەن کەئێستا ژیان لەتەنهاییدا دەگوزەرێنێ ڕۆیشتن، تاکو خواحافیزیش لەو بکەن. پاش ساتێك گفتوگۆ بێژەن هەردووکیانی ماچ کردو لەژێرقورئاندا بەڕێی کردنو هیوای ژیانی خۆش و کامەرانی بۆخواستن. شیرین لەبراکەی جیابوویەوە، تا لەسایەی هاوسەرەکەیدا بژی. چاوە تینووەکانی بێژەن تاکو کۆتایی شەقامەکە بەدوایانەوە بوو. هەستی بەغەریبی دەکرد، تاقەتی هیچ کارێکی نەبوو، دووری لەشیرین بەلایەوە سەخت و خەم هاوەر بوو. بەڵام ئەو دەبوو پەچێتە پەی کاری خۆیەوەو ماڵ پێکەوە بنێ، ئەو لەسەر خواستی دایکی چاکی مەردانەی لێ کردبوو بەلادا تاکو شیرینی گەیاندە جێگای ئارامی و بەختەوەری. لەئێستاوە دەبێت بیر لەئارەزوویەکی تری دایکی بکاتەوە کەئەویش ماڵ پێکەوەنانی خۆی بوو.

فرمێسك لەچاوەکانیەوە دەبارین. ئەو بەڕۆیشتنی شیرین هەستی بە بێ دایکی دەکرد. حەزی دەکرد ئێستا زیندووبوایەو شیرینی بەجلی بوکێنیەوە بدیبا، بەڵام ئاخ... کە مەرگ ڕێگەی لێ بڕیەوەو مۆڵەتی نەدا بەو ئاواتەی بگات.



Scanned with CamScanner

کاتێك ئەودو هاوسەرە لاوە. دوور لەهەمو کێشەیەك لەرێگای سەوز و دڵڕفێنی باکوردا بوون. فەرزاد هەستی بەمەغروری دەکرد، ڕویکردە شیرین و گووتی:

ــ لەئەنجامدا تۆم بەدەست هێنا. تۆئیترماڵی منی و ئیتر هیچ کەسێك ناتوانێت تۆم لێ زەوت بکات. من و تۆ بەختیارترین هاوسەرەکانی دنیاین. ئەو بەردەوام لەگەڵ شیریندا دەدوا، بەڵام شیرین هێشتا دڵگوشراوو خەمگین بوو. دوورکەوتنەوەی لەبێژەن بەلاوە گەلێك سەخت بوو. بەڵام دەیتوانی چی بکات؟ ئەوە دەستووری ژیانە ئەویش دەبوو خۆی لەگەڵیدا ڕابهێنێ و بەو ژیانە نوێیەی کەفەرزاد بۆی فەراهەم کردبوو بەهیواوە لێی بڕوانێت.

فەرزاد لەمیوانخایەکی گرانبەهاو رازاوەدا شوێنی گرتبوو. ئوتومبیلەکەی لەگەراجی میوانخانەکەدا ڕاگرت و چوونە ژوورەوە. بەڕێنمایی میواندار بەرەو ژوورەکەیا چوون تاکو کەمێك ناڕەحەتی ڕێگایان لەلاشە دەربچێت. پاش ئەوە مواندارەکە کەل و پەلەکانیانی بۆ بردنە ژورەوەو ڕۆیشت، ئەوانیش جلەکانی سەفەریان داکەندوجلی ئارامییان پۆشی. لەپێش نانی نیوەڕۆدا کەمێك حەوانەوە، ئەوان لەسەردۆشەکی نەرم خەوتبوون و هەستیان بەئاسوودەیی و ئارامی دەکرد.

فەرزاد لەبارەی ڕۆژەخۆشەکانی ئایندەوە لەگەڵیدا دەدواو شیرینیش چاوە پڕ لەئومێدەکانی لەئاینده بڕی بوو. ئەوان لەگەڵ هەموو خۆشی و کامەرانییەکدا بەڕۆژ سەرقاڵی گەڕانبوون و شەوانیشیان بەئاسوودەییەوە بەسەردەبرد. بەهیچ شێوەیەك تێپەڕبوونی ڕۆژگاریان لەو ماوەیەدا هەست پێ نەدەکر. سەرئەنجام



Scanned with CamScanner

ڕۆژی گەڕانەوە هاتە پێشەوەو ئەوان لەو هەموو جوانی سروشتە تێربوون و ڕێگای تارانیان گرتەبەر.

شیرین لەخەیاڵی بێژەندا بوو. پڕ بەدڵ حەزی دەکرد چەند زووترە ئەویش خۆری خۆشبەختی هەڵبێت و بتوانێت لەدوای ئەوهەموو تەنهایی و ئازارو ئەشکەنجانە شەرابی خۆشبەختی بنۆشێت.

کاتێك گەیشتنەوە تاران لەڕێگاوە چوون بۆ هەواڵپرسینی بێژەن، فەرزاد کاتێك بێژەنی بینینی باوەشی پێدا کرد. پاشان ئەو خۆشك و برایە وەك ئەوەی چەند ساڵێك یەکترینیان نەبینیبێت. خۆیان فڕێدایە باوەشی یەکترەوە بە بینینەوەی یەکتر فرمێسکی شادیان هەڵوەراند، ئەوان پاش ئەحواڵپرسین دیاری سەفەرەکەیان پێشکەشی بێژەن کردو پاشان هەرسێکیان بەرەو ماڵی فەرزاد کەوتنەڕێ. باوك و دایکی فەرزاد لەپاش چەند ڕۆژێك دووری ئەوانیان بینیەوەو بەگەرمیەوە بەخێرهاتنەوەیان کردن. شیرین دیاری بەوانیش داو پاشان لەگەڵ خەسوویدا چوونە چێشتخانەوە تاکو نانی نیوەڕۆ ئامادەبکەن.

مریەم و کامبیزیش کەبەهۆی بێژەنەوە لەگەڕانەوەی ئەوان ئاگاداربوون، هاتن بۆ سەردانیان تاکو دیاری بوك و زاواییان پێشکەش بکەن. فەرزاد و کامبیز کاتێك یەکیان بینینی یەکترینیان لەباوەش گرت، بەیەکگەیشتنی ئەوان گەرم و گوڕی جارانی نەبوو. شیرین هەروا شەرمەزار تیلەی چاوی بەدزیەوە دەدایە کامبیز، ساردیش لەڕوخساریاندا دیاربوو.

شیرین لەلای بێژەنەوە چوارچێوەیەکی زۆر جوانی بۆ مریەم هێنابوو کە ئەم دردێڕە هۆنراوە جوانەی لە نێودا نوسرابوو:

***پرسیارناکەی لە ژیانم تێناگەم چیت لەسەردایە***

## تێناکۆشی بۆدەواکەم کە دەردم لات ئاشکرایە؟

وەك باوبوو دیاریەکیشیان دایە کامبیز. مریەم و بیژەن لەدوای ماوەیەك چونە قوژبنێکی چۆڵەوەو لەبارەی چارەنووسی ئایندەوە لەگەڵ یەکتردا گفتوگۆیان دەکرد. بڵێسەی عەشق لەدڵ و گیانیاندا زمانی دەکێشا. حەزیان دەکرد چەند زووترە ئەو کۆسپەی سەر ڕێگای زەماوەندەکەیان تەخت بێت و ئەو دوخۆشەویستەش بتوانن سواری ئەسپی مرادیان بن و پێکەوە بەکامەرانی بگەن. بیژەن کەلەو ماوەیەدا بەتەواوی توانای خۆی لەدەست دابوو ماچێکی ڕوومەت و ناودەمی مریەمی کردو بەو کردارە تینی خۆشەویستی خۆی وەك دیاریەك پێشکەش بەدڵە ناسکەکەی مریەم کرد. بەهەر حاڵ کاتی لێك دابڕان نزیك بویەوەو ئەوان بەدڵگرانیەکی زۆرەوە لێك جودا بونەوە. بیژەن چوەوە کوخە تەنهاییەکەی و مریەم و کامبیزیش بەرەو ئەو دۆزەخەی کەمهین خان بۆی دروستکردبوون بەڕێ کەوتن.

چەند ڕۆژێك پاش ئەوە. بەیانی ڕۆژی جومعە بیژەن لەماڵەوە بوو، چەند کەسانێك لەخزمانی لەیلاخانم هەواڵیان بەبیژەندا کەبەداخەوە لەیلاخانم چەند ڕۆژێك پێش ئێستا لەکاتێکدا کە بۆسەردانی کەس و کاری دەچوو، دڵی وەستاو ماڵئاوایی لەدنیا کرد. ئەوان ڕووداوەکەیان بۆ باس کردوو گوتیان:

ــ ئەوان پێش مردنیان وەکالەت نامەیەکیان بە ئێمەداوە کە لەدوای مردنیان هەرچییەکیان لە دووا بەجێ دەمێنێ بیکەین بەپارەو بیخەینە حیسابی بانکی "مەرجان" تاکو بۆداهاتوو پاشەکەوتێکی باشی هەبێت.

بیژەن لەو هەواڵە گەلێك دڵگران بوو سەرخۆشی لێ کردن و پێی گوتن:



Scanned with CamScanner

ــ ئەگەر دەسەڵاتی من هێندەبێت کەئێوە بۆنرخی خانووەکە داتان ناوە، من خۆم ماڵەکەتان لێ دەکڕم تاکو ئێوە لەدەردی سەری موشتەری و فرۆشتن رزگاربن.

لەئەنجامدا ئەوان ڕێککەوتن و بێژەن هەموو پارەو پولێکی پاشەکەوتکراوی خۆی پێدان و باقیاتەکەی کەمابوو لەفەرزادی قەرز کردو پاش تەواوکردنی کاری یاسایی خانوەکەی لەوەکیلی لەیلا خانم کڕی.

بۆبەیانی بێژەن و شیرین لەگەڵ فەرززاددا چونە سەر مەزاری دایك و باوكو خوشك و براکەیان. شیرین ماوەیەکی زۆربوو نەهاتبووە سەر مەزاریان، دڵی تەنگ بوو هەرلەوێدا خەمی دڵی ڕەواندەوە. بێژەن لەتەنیشت گۆڕی دایکییەوەدانیشتبور لەگەڵ دایکیدا دەردە دڵی دەکردو دەیگوت:

ــ دایکە دەبینی. من وەسیەتەکانتم بەجێ هێناو بە شێوەیەکی شایستە شیرینم دابەشوو، چووە ماڵی خۆی. هیوام وایە لێم ڕازی بیت. پاش ماوەیەك کەلەوێدا مانەوە فاتیحایان بۆ ڕۆحی مردووانیان خوێندو خوا حافیزیان لێ کردن و بەرەو ماڵ بونەوە.

شیرین و فەرزاد پێکەوە ئاسودەو بەختیاربون و هەستیان بەتێپەڕبوونی ڕۆژگار نەدەکرد. ئەگەر عەشقی ڕاستەقینە لەژیاندا بوونی هەبێت، ژیان بۆمرۆڤ گەلێك جوان ودڵگیر دەبێت، لەورڕووەوە هەمووسەختی وناخۆشیەکان بۆمرۆڤ شیرین دەبێت و ژیان دەگۆڕێت بە بەهەشتێکی خنجیلانە.

چەند مانگێك بەسەر ڕووداوی زەماوەندی فەرزادو شیریندا تێپەڕی و ژیانی هەریەك لەوخوشك و برایە هێوری وئارامی بەخۆوەدەبینی.



Scanned with CamScanner

مهین خانم تادرەنگێك بـەمیوانی لای خوشـکەکەی بـوو. بـەیانی هـیلاك و ماندوولەخەو بیێداربوویەوەو پاش خواردنی نان وچای بـەیانی بـە ئاغـا زۆرابـی گوت کەدەبێت بۆئەنجامدانی کارێك بچنە دەرەوەی شار. ئاغازۆراب داوای لێ کرد کـەخۆی تومبێلەکـە لێبخورێـت. بـەلام ئـەورازی نـەبوو هەربۆیـە خـۆی ئۆتۆمبێلەکـەی لێ خـوری. ماندوویـەتی شـەو هێـشتالەگیانی دەرنەچـووبوو ویستیان لەلۆفـەی شـەقامەکەوە پێـشی ئوتومبیلەکـەی بـەر دەمیـان بکـەون لەوکاتەدا لەگەڵ ئوتومبیلێکی باریدا بەیەکیاندادا. بارودۆخی هـەرد ولایـان بـاش نـەبوو، پۆلیـسی رێگاوبـان خێـرا لەوشـوێنەئامادەبون و زۆربەپەلـە بریندارەکانیان بە ئوتـومبیلی فریاکـەوتن بـۆنزیکترین نەخۆشخانەگواسـتەوە، بەلام برینەکانیان گەلێك کاریگەربوو، پزیشکەکان دەستیان لێ داشۆردبوون.

مریـەم وکـامبیز پـاش ئاگـادار بوونیـان لـەو رووداوە بـەخێرایی خۆیـان گەیاندەنەخۆشخانە، بەلام کارلەکارترازابوو ئـەوان لەدواسـاتەکانی ژیانـدابوون. دووسێ رۆژێك تێ پەری و ئەوان ژیانیان لـەبێ هۆشـیدا بەسـەردەبرد، پزیـشکە پسپۆرەکانی نەخۆشخانە زۆرهەوڵیاندا تاکوئەوان لەوحاڵەرزگاربکەن.

بیـژەن هـەموورۆژێك دوای تـەواوبوونی کارەکـەی، پارووەنـانێکی دەخـواردو بەخێرایی خۆی دەگەیاندە نەخۆشخانە بۆلای مریەم تاکولەو تەنهاییەدا هاوبەشی دەردوخەمی بێت. هەرچۆنێك بێت ئەوان دایكو باوکی بوون و لەگەڵ ئەو ئـازارو ئەشکەنجانەی کەموهین خانم بۆمنالەکانی سـاز کردبـوو هێـشتائەوان زۆریـان خۆشدەویست و پەرۆشی ساغ وسەلامەتی ئـەوو بـاوکیـان بـوون. ئامـادەبوونی بیژەن لەوێدا ئازارشکێنی دەردو نارەحەتیەکانی مریەم بـوو. شـیرینیش هـەموو



Scanned with CamScanner

ڕۆژێـك لەگـەڵ فـەرزاددا سـەردانی نەخۆشـخانەیان دەکـرد بـەڵکو بتـوانن هاوکارییەکیان بکەن.

ئەوڕۆژە پاش گەڕانەوەیان لەنەخۆشخانە فەرزاد ڕووی کردەشیرین و وتی:

ـ ئەوڕۆژەت لەیادە کەبێژەن سەفەری فەرەنسای کرد ؟!!

ـ بەڵێ.. چاکم لەیادە.

ـ زۆرباشە.. لەبیرت دێـت ئـەوڕۆژە دایـك وبـاوکی مریـەم هـاتن بۆفڕگـەو ئەوکارەساتەڕووی دا. من دەمزانی کەکامبیێز دڵی بە تۆوەیـەر ئەوەیـشم دەزانـی کەکامبێز ناتوانێت تۆ بەختەوەربکات، چونکی تۆم زۆرخـۆش دەویـست حـەزم نـەکرد خـوا نـەکردە گرفتێـك بۆتـۆ بێتـەپێش، هەرلەبەرئـەوەبوو کـامبێزم لەتۆدوورخستەوەو تەلەفۆنم بۆمهین خانم کرد ، ئیتر خۆت بۆباقیەکەی شـاهێدی، دەترسام لەئەنجام دا عەشقی کامبێز لەدڵی تۆدا شوێنی خۆی بکاتەوەو لەدەستت بدەم، وەئیتر نەتوانم زەماوەندت لەگەڵدابکەم. من بۆگەیشتن بەتۆ هەمووکارێکم کرد ، ئەڵبەت بۆئەوەی ئەوڕۆژە بوومبەهۆی ئەوکارەساتە داوای لێبـوردن دەکـەم. تۆدەبـێ هەلومـەرجم لەوحاڵەتـەدا لەبەرچـاو بگریـت، هـەموو ئـەو کارانـە تەنهاوتەنها لەبەرخاتری تۆبووە.

شیرین کاتێك زانی فەرزاد بەوشێوەیە ئەوی خۆش ویستووە پڕبـەدڵ سوپاسـی خـوای کـرد کـەبڕیارێکی دروسـتی لــە ژیانیــدا داوە، ئـەوبڕوای بـەوەکرد کەهەنگاوەکانی فەرزاد تەنها بۆگەیشتن بەو بووەو جگەلەوە هـیچ مەبەسـتێکی تری نەبووە. هەرلەبەرئەوە بەڵێنی پێـدا لەمبارەیـەوە لەگـەڵ هـیچ کەسـێکدا نەدوێ و ئەم مەسەلەیە تەنها لەنێوانی خۆی وفەرزاددا بمێنێتەوە.

فەرزاد ئەو قسانەی بۆ ئەوە دەکرد تاکو بەهاوسەرەکەی بسەلمێنێ کەچەندە ئەوی خۆش دەوێ، شیرینیش بەڵێنی دا کەدەبێت هەمووعەشق و خۆشەویستییەکی تەنها بۆئەوبێت.

هەوڵی پزیشکەکان بێ ئاکام بوون و لەڕۆژی چوارەم دا ئاغا زۆراب لەدنیا دەرچوو. چەندرۆژێك دوا تریش مهین خانم ماڵئاوایی لەژیان کرد. مهین خانم هەتا نەیشی توانی ماڵئاوایی لەدەوربەرەکەی بکات و هیوای پێگەیشتنیان بۆبخوازێت یان وەسیەتێکیان بۆبکات. ئەو زۆر چاك دەیزانی کەلەپاش مەرگی خۆی مریەم ئیتر گرفتێکی بۆ زەماوەندکردن لەگەڵ بێژەندا نایەتە پێش و کەس نییە بەری پێبگرێت.

بۆپرسەی ئەوان مەراسیمێکی بەشکۆ ڕێکخرا. بێژەن لەنێوان کۆمەڵی خزمانی ئەواندا غەریب و لەبەر چاوبوو هەموویان ئەویان وەك داخوازی کەری مریەم دەناسی. هەموو خزم و ناسیاوەکان دڵیان بەحاڵی مریەم و کامبیز دەسوتاو دڵیان دەدانەوە.

بێژەن دڵێکی هەبوو وەك دەریا، ڕەحم و سۆزو بەزەیی هەر لەمنداڵییەوە فێر ببوو. هەرچەندە کە مهین خانم بەربەست بوو لە بەیەکگەیشتنی ئەوو مریەمدا، بەڵام ئەو بەمردنی خۆشحاڵ نەبوو بەڵکو بۆمەرگی ئەودوانە زۆر بەکوڵ دەگریا. ئەوان دایك و باوکی مریەم بوون و بونی هەرکامیان وەك بونی مریەم بەلای ئەوەوە ئەزیزو خۆشەویست بوو.

لەپاش مەرگی ئەوان پوری مریەم بەردەوام سەردانی دەکردن، بەڵکو بتوانێت لەتەنهایی مریەم سوود وەربگرێ و لەتەنهاییدا ڕازی بکات مێرد بەفرشید بکات و لەو ڕێگایەوە سەروەت و سامانەکەیان بۆخێزانەکەی مسۆگەر بکات.



Scanned with CamScanner

مریەم لەم هاتو چۆ ناوەختانەی پوری بێزار بوو. ئەو دەیزانی پوری چ خەیاڵێکی لەمێشکدایەو دڵنیابور کەدایکی باسی داخوازیەکەی بێژەنی بۆئەو کردوە، چونکە لەشەوی داخوازیەکەدا ئەویش لەوێ بوو، هیچ شتێکی لا شاراوە نەبور. لەوانەیە مهین خانم پێی ڕاگەیاندبێت کەهەوڵ بدات تاکوو مریەم ڕازی بکات مێرد بەفەرشید بکات.

یەك ساڵ بە سەر ئەوکارەساتە دڵتەزێنەدا تێپەڕیبوو. لەو ماوەیەدا بێژەن بەهاوکاری فەرزاد هەموو هەوڵ و کۆششێکی کردبوو تاکو بتوانێت ژیانێکی ئاسودە بۆخۆی و مریەم دەستەبەر بکات.

مریەم خاوەنی سامانێکی زۆر بوو، بەڵام بێژەن هەرگیز چاوی تەماعی لەماڵی ئەو نەبوو بەهەوڵ و توانای خۆی ژیانێکی سەربەخۆ و ئارامی بۆخۆی دروست کردبوو.

پێداگری و هەڕەشەکانی پوری مریەم جێگایەکیان نەگرت و مریەم سوربوو لەسەر ئەوەی لەگەڵ بێژەندا زەماوەند بکات.

*** *** ***

شیرین ماوەی دووگیانی خۆی بەسەربرد. فەرزاد کاتێك هەستی کرد بەم زووانە دەبێتەباوك، گەلێك خۆشحاڵ بوو زۆر بە وریاییەوە چاودێری شیرینی دەکرد بۆئەوەی دەست بۆهیچ کارێك نەبات. ئەو بەردەوام شیرینی دەبردە لای پزیشکی منداڵبون تاکو لەژێر چاودێری ئەودا بێت و نەبادا گرفتێك بۆشیرین و کۆرپەکەی بێتە پێش. لەئەنجامدا چاوەڕوانیەکانی فەرزاد دوایی هات و کاتی منداڵبوون هاتە پێش. فەرزاد چەند ڕۆژێك دەبوو لەماڵەوە مابوویەوە، تاکو هەرکاتێك پێویست بکات شیرین بگەیەنێتە نەخۆشخانە. شیرین ئەو شەوە پاش



Scanned with CamScanner

خۆڕاگری ژانی منداڵبوون. منداڵەکەی لەهەشتەمی خاکەلێوی ساڵی پەنجاوشەشی هەتاوی هاتە دنیاوە. منداڵەکەی کوڕبوو ئەمەش بووە هۆی شادی فەرزادو دایك و باوکیشی.

فەرزاد بەخێرایی پاکەتێ شیرینی کەپێشتر ئامادەی کربوو هەڵپچڕی و بەسەر یەکەیەکەی کارمەندانی نەخۆشخانەدا بەخشیەوە. ئەوکاتێك دەیبینی دایك و منداڵ هەردووکیان ساغ و سەلامەتن گەلێك دڵخۆش بوو. ڕۆژێك دواتر شیرین لەنەخۆشخانە دەرکرا. فەرزاد منداڵەکەی لەباوەش گرت و دایکیشی هاوکاری شیرینی کرد تاکوو گەیشتنە ماڵەوە. بێژەن لەخۆشیاندا جێی بە خۆی نەدەگرت. ئەو ئیتر بووە بەخاڵۆو بەبینینی خوشکەزاکەی گەلێك شادمان بوو.

پاش پرس وڕای خێزانەکەیان منداڵەکەیان ناونا "شاهین" و لەڕاستیشدا ناوەکە پڕ بەپێستی بوو. شاهین لەژێر چاودێریە باشەکانی شیرین و فەرزاددا وورد وورد گەشەی دەکردو گەورەدەبوو. بێژەن ئەوی زۆر خۆش دەویست و هەموو کاتە بێکاریەکانی بەیاری کردن لەگەڵ ئەودا بەسەر دەبردو ڕۆژ بەڕۆژ زیاتر مۆتی یەکتر دەبورن. هەرکات دەهاتە سەردانی شاهین، شتێکی بۆدەهێناو شاهین ڕاهاتبوو کەهەمیشە ئەو بەدەستی پڕەوە ببینێت. ئەو وەك باوکێك پێی ڕادەگەشتو بۆگەشەو بەهێزی ئەو هەمووکارێکی دەکرد.

پاش مەراسیمی ساڵیادی مردنی دایکی مریەم. سەرەتای پێکگەیشتنی ئەوانیش دەستەبەر بوو. مریەم خۆشحاڵ بوو کەسەرەنجام لەپاش ئەو ماوە دووورودرێژە بەئارەزووی خۆی گەیشتو بەربەست لەسەر ڕێگای زەماوەندەکەیدا نەما.



Scanned with CamScanner

نزیکەی دووساڵ بەسەر یەکتر ناسینی ئەواندا تێ دەپەڕی و ئەو دووریـە ڕۆژ بەڕۆژ لەترازوی عەشق‌و پەیوەندییاندا لەزیاد بووندا بوو.

لەئەنجامدا کارە سەرە تایبەکانی زەماوەند دەستەبەرکرا، شیرینیش هـەوڵی تەواوی دەدا تاکو مەراسیمی زەماوەندی براکەی بەباشترین شێوە بـەڕێوە بـچێت. زەماوەندی بێژەن و مریەم زۆر بەڕێزو حورمەتەوە بەڕێوە چوو، لەئەنجامدا ئەو دوو باڵندە عاشقە لەڕۆژی چوارەمی جۆزەردانی ساڵی پەنجاو شەشی هەتاویدا لەگـەڵ یەکتردا گرێبەستی ژن و مێردایەتیان ئیمزاکرد.

خەڵکانێکی زۆریان بانگهێشت کردبوو. هۆڵ پڕبوو لەکەیف و شادی و چەپڵە ڕێزان. چەند کەسانێك لەکەس و کاری فـەرزاد و هـاوەڵانی مریـەمیش لەوێـدا ئامادەبوون، ئوتومبیلی تایبەت بەبوك و زاوا گەیشت و ئەوان بەچـەپڵە ڕێزانـی میوانەکان چوونە ناو هۆڵەکـەوە، کـۆڕێکی پڕشـکۆبوو، شـیرین و فـەرزاد وەك خاوەنی کۆڕەکە زۆر هەوڵیان دەدا تاکو مەراسیمەکە لەهیچ شتێکی کەم نـەبێت و هەموو شتێك بەگوێرەی بەرنامـە بەڕێوە بچێ.

مریەم بەجلی بوکێنییەوە گـەلێك جـوان بـوو. پـاش مەراسـیمی مـارەبڕین میوانەکان دیارییەکانی خۆیان پێشکەش بەبوك و زاوا کـرد، شـیرین‌وفەرزادیش ئوتومبیلێکی سوارییان وەك دیاری پێشکەش کردن، بەڵام لەونێوانەدا کـامبیز هێشتا لە خەیاڵی ئەوەدابوو کەبەشیرین بگات، دەسـتی لـە بـیری مەتریـسیدار وەردەدا، ئەو بەوردی چاوەکانی لە شیرین‌وفەرزاد بڕی بـوو، لـەباتی ئـەوەی وەك تەنها برایـەکی بـوك لەوێـدا ئامادەبێـت‌و ببێتـەهۆی گـەرم‌وگوڕی کۆڕەکـە، لەگۆشـەیەکدا بێـدەنگ‌وئارام دانیـشتبوو لەگێـژاوی ئەندێـشەکانیدا خـۆی ونکردبوو.



Scanned with CamScanner

سەرەنجام شەو درەنگی کردومیوانەکان یەکە یەکە ئەو دوو هاوسەرە عاشقە تازە بەیەك گەیشتوەیان بە تەنها بەجێهێشت، تاکو لەخەڵوەتی عەشقیاندا لە تەنیشت یەکترەوە هەست بەئارامی بکەن.

بیژەن ئیتر بڕوای کردبوو کە بەئارەزووی خۆی گەیشتووە، بیژەن‌و مریەم بە دۆعای خێری شیرین لەژێر قورئاندا تێپەڕین‌و چونە پەردەوە.

جۆش‌و خرۆشێکی تەواو ئەوانی داگرتبوو، ئێستا ئەوان لەپاش تێپەڕبونی دووساڵ‌و پاش ئارام گرتنیان لەسەر ئازارە سەختەکان، لەتەنیشت یەکەوە بوون‌و بەگوێرەی پێویست کاتیان هەبور تاکو لە ڕۆحی یەکتر شیلەی ژیان بمژن.

بۆبەیانی شادودەم بەخەندە لەپەردە هاتنە دەرەوە، شیرین‌و فەرزاد یەکەمین کەس بوون بۆپیرۆزبایی لێکردنیان خۆیان گەیاندە ئەوێ.

ئێستا ڕۆژە خۆشەکانی ئەوان دەستی پێکردبوو کەبۆ چرکەیەکیش لە یەکتری دوور نەدەکەوتنەوە، لەکۆتایی ڕۆژی دووەمدا سەرقاڵی خۆئامادەکردنبوون بۆ گەشتی مانگی هەنگوینی تاکو ئەوانیش لە قەرەباڵغی شاری پڕلەغەوغای تاران چەند ڕۆژێك بە ئارامی بەسەرببەن‌و ماندوێتی ئەو دوو ساڵە پڕلەئازارو دوورییەیان لە ڕۆح‌و جەستەیاندا بسڕنەوە.

بۆ بەیانی هەموو کەل‌و پەلێکی پێویستیان نایە ناو ئوتومبیلەکەوە. بیژەن شاهینی لەباوەش گرت کەلەگەڵ باوك‌و دایکیدا بۆ بەڕێکردنی ئەوان هاتبوون و تێر بۆنی پێوەکرد. دوور کەوتنەوەی لەشاهین گەلێك بەلاوە سەخت بوو، بەقەدەر ئەو ڕۆژانەی کەدەبور لێی دوور کەوێتەوە ماچی کرد.

ئەوان پاش خواحافیزی گەرم و گوڕی شیرین و فەرزاد ڕێگای ناوچەی سەرسەوزی باکووریان گرتە بەر، سەروبەندی عەسر گەیشتنە ئەو میوانخانەیەی



Scanned with CamScanner

کە پێشتر بڕیاریان لەسەر دابوو. جێگایەکی گەلێك خۆش و دڵگیر بوو. میوانخانەیەکی بەناوبانگ لەدارستانە جوان و سەرسەوزەکەی (بابلسەر)دا بوو، سرووشتی سەوزی ئەوێ دڵی هەموو گەشتیارێکی بۆ خۆی کەمەندکێش دەکرد.

ئەوان پاش بەتاڵکردنی شت ومەکەکانیان چوونە ژوورەکەیانەوە و دوای خۆشتن بە ئاوی سارد چونە سەر جێگای خەوەکەیان تاکوو کەمێك پشوو بدەن. لەتەنیشت یەکەوەبوون و بەلایانەوە گەلێك خۆش بوو. گەرمی عەشق لەناخیاندا ڕیشەی داکوتا بوو، دڵەکانیشیان لێوان لێو بوو لە خۆشەویستی و وەفا. بێژەن دەستی لەناو قژە زەردەکەیدا دەجوڵاندو قسەی بۆدەکرد، پاشان ماچێکی سەر گۆنا جوانەکەی مریەمی کردو گوتی: ئێمە ئیتر بە یەك گەیشتین و هیچ کەسێك ناتوانێت لێکمان بکات، بەڵێنم پێ بدە کە هەمیشە و لەهەموو کاتێکدا چ خۆشی و چ ناخۆشی لەگەڵ مندا بیت، مریەم وەڵامی ماچەکەی دایەوە و گوتی: من هەر لەیەکەم ڕۆژەوە بەڵێنم پێتداوە کە هاوبەشی ژیانت و هاوبەشی تەواوی خۆشی و ناخۆشیەکانت بم. بەڵام تۆش بەڵێنم پێ بدە کەبەردەوام لەگەڵ عەشقی مندا بەوەفابیت.

ئێستا کە بە یەك گەشتووین، هیچ کات بەتەنها جێم مەهێڵە، چونکە من هەستم زۆر ناسکە، من زۆر زوو دەشکێم و تەکیەگاکەم لەدەست دەچێت.

شەو درەنگی کرد و ئەو دوو خۆشەویست و هاوسەرە لاوە بەخۆشی و ئارامی و خەیاڵی ئاسوودەوە لەباوەشی یەکتریدا چونە خەوی نازەوە. بەیانی زوو لەخەو بەئاگا هاتن و پاش خواردنی نان و چای بەیانی کە لە میوانخانەکەدا بۆ گەشتیاران ساز کرابوو. دەچوون بۆ بینینی جێگا خۆشەکانی بابلسەر. هەموو ڕۆژێك سەر لەبەیانی دەچوونە کەنار دەریا. سروشتی ئەوێ چەندە جوان و دڵگیر



Scanned with CamScanner

بوو. دەریایەکی شین بە شەپۆلی هێور و ئارامی خۆی، ئەمانی بۆ باوەشی خۆی ڕادەکێشاو عەشقی لای ئەوان جوانتر دەکرد. ڕۆژ بە ڕۆژ دڵخۆش و دەم بە پێکەنینتر دەبوون و بەچێژ وەرگرتن لەو ژیانەی ئێستا، تاڵو سوێری ژیانی ڕابوردوویان لەبیر دەکرد، هەستیان بە تێپەڕبوونی ڕۆژەکان نەدەکرد.

سەرەنجام ماوەی مۆڵەتی بێژەن کۆتایی هات و کاتی ئەوەهات کە دووبارە بەرەو تاران بگەڕێنەوەو ژیانی نوێیان دەست پێ بکەن. کەلو پەلی گەشتەکەیان کۆکردەوەو ماڵئاواییان لە سروشتە سەرسەوزو جوانەکەی باکوور کرد و بەرەو تاران بەڕێ کەوتن.

بێژەن ئیتر توانای دووری شاهینی نەبوو. لە شیرین زیاتر بیری ئەوی دەکرد، پاش گەیشتنیان بە تاران لە ڕێوە بۆ سەردانی شیرین و فەرزادو شاهینی خۆشەویستی چوو. شاهین بە بینینی ئەو، لەباوەشی دایکیدا خۆی ڕادەپسکاند بۆ ئەوەی بچێتە باوەشی پڕ لەسۆزی خاڵە میهرەبانەکەیەوە. ئەو ڕۆژە بۆ ئەوان بە خۆشی تێپەڕی و لەبارەی گەشتەکەیان و ئەو جێگایانەی کە بینیبویان قسەیان دەکرد.

* * *

مانگی پوشپەڕی ساڵی پەنجاو حەوتی هەتاوی بوو. خۆپیشاندانی خەڵکی ئێران لەدژی ڕژێمی شاهنشاهی گەشتبووە لوتکە. لەو ماوەیەدا کامبیز زۆر گۆڕابوو، شیرین لە تۆڵەسەندنەوەی ئەو دەترسا، هەربۆیە بەوردی ئەوی خستبوە ژێر چاودێرییەوە. ئەو ئەم ئاپۆرایەی خەڵك و حکومەتی بە باشترین هەل دەزانی بۆ کامبیز. لەو ڕۆژانەدا هەر کارێکت بویستایە دەتتوانی لەو قەرەباڵغییەدا ئەنجامی بدەیت.



Scanned with CamScanner

شەوێك شیرین ڕووی کردە فەرزادو گوتی:

ـ فەرزاد گیان من زۆر دەترسم. کامبیز لە ئێستادا زۆر گۆڕاوە، من لە سەیرکردنەکانی ئەو دەترسێم. هەستێکی خراپم بەرامبەری هەیە. لەو ڕۆژەوەی وەڵامی نەرێم داوەتەوە هەستدەکەم ڕۆژ بەڕۆژ ڕق لە دڵتر دەبێت. وا هەست دەکەم ئەو بەدوای هەلێکدا بگەڕێ تاکو ژەهری خۆی بەمن و تۆ بڕێژێت، تۆ بی و خودا ئاگاداری خۆتبە.

کامبیز بەپێشهاتی ئەو ڕووداوە گەلێك خۆشحاڵ بوو لە قەرەباڵغی و غەڵبەغەڵیی شۆڕش سودی وەرگرت و دەمانچەیەکی بۆ خۆی پەیدا کرد تاکو بتوانێت لەکاتێکی گونجاودا ئەو نەخشەیەی کە لەو ماوەیەدا لەمێشکیدا بوو جێبەجێی بکات و فەرزاد لەسەر ڕێگاکەی لا ببات. ئەو وای هەست دەکرد کە شیرین لەناچاریدا مێردی بەفەرزاد کردووە، ئەگەر فەرزاد بەربەست نەبێت بە باوەشی کراوەوە پێشوازی لەم دەکات.

سەرەنجام ئەو شەوە شوومە هات، خەڵکی بە کۆمەڵ بەسەر شەقامەکاندا بڵاو ببوونەوە. کامبیز لەو هەلە سودی وەرگرت و خۆرئاوابوون لە نزیك ماڵی شیریندا خۆی حەشاردا، چاوەڕوانی کرد تاکوو ئەو کاتەی کە فەرزاد بەسواری ئۆتۆمبێلەکەیەوە لە پێچی کۆڵانەکەدا سوڕایەوەو بەرەو لای ماڵ جوڵا. فەرزاد تەنیا بوو، کامبیز فیشەکی لەپێشەوە بوو، فەرزاد لەبەر دەرگاکە ڕاوەستاو لەئۆتۆمبێلەکەی دابەزی تاکو دەرگاکە بکاتەوەو ئۆتۆمبیلەکە بباتە گەراجی کۆشکەوە، هەر لەو کاتەدا کامبیز کە وەك شێتی لێ هاتبوو بەرەو لای هات و بانگی کرد، کاتێك فەرزاد ئاوڕی لەدەنگەکە دایەوە کامبیز پەنجەی بە پەلەپیتکەی دەمانچەکەدا ناو چەند فیشەکێکی ئاراستەکرد. لەگەڵ دەرچوونی



Scanned with CamScanner

هـەر فیـشەکێکدا دڵـی میهرەبـانی فـەرزاد دەسـووتاو خـوێن لـەباڵا بـەرزو پیاوانەکەیەوە جاری بوو.

پاشان کامبیز لە قەرەباڵغی شەقامەکە سوودی وەرگرت و لەناو ئاپۆرەی خەڵکی سەر شەقامەکەدا خۆی ونکرد، شیرین گوێی لەدەنگی تەقەکانی بەر دەرگا بوو، دڵی هەواڵی پێ دەدا کە ڕووداوێکی دڵتەزێن خەریکە ڕوو دەدات، چاوەڕوانی هاتنەوەی فەرزاد بوو، شاهینی لەباوەش دابوو، لایە لایەی بۆ دەکرد، سەراسیمە بۆ لای دەرگای حەوشەکە چوو، دەرگاکە کراوە بوو، لاشەی نیوەگیانی فەرزاد لەسەر زەوییەکە کەوتبوو، ئەو دوایین هەناسەی دەدا، بەزەحمەت شیرینی تێگەیاند کە کامبیز هۆکاری ئەم ڕووداوە بووە و پێی گوت: هیچ شتێك بەکەس مەڵێ و مەشهێڵە بێژەن و مریەم بۆنی ئەم ڕووداوە بکەن، چەند چرکەیەك دواتر چاوەکانی فەرزاد لەسەر روخساری شیرین ئەبڵەق بوون و لە دواساتەکانی ژیانیدا هێشتا فیداکاری دەکرد. چاوەکانی بۆ هەمیشە لەڕووی ئەم جیهانەدا لێك نا.

شیرین بەر چاوی ڕەش بوو. هاوسێکان شاهینیان لەدەست سەند، بەبێ هۆشی بەسەر تەرمەکەی فەرزاددا کـەوتبوو، ئامادەنـەبوو بـەهیچ نرخێـك لێـی جیـا ببێتەوە، پۆلیس دەستبەجێ لەشوێنی ڕوداوەکە ئامـادە بـوون تـاکو گەیـشتنی پزیشکی دادوەری کەس مافی دەست لێدانی تەرمەکەی نـەبوو. بـاوك‌و دایکـی فەرزاد کـە لەدەنگـەدەنگی هاوسـێکان و گریـەو زریکـەکانی شـیرین‌و شـاهین هاتبونە کۆڵانەکەوە لەگەڵ تەرمی کـوڕە تاقانەکەیانـدا ڕوبـەڕو بونـەوە، بـاڵای بەرزی باوکی فەرزاد بەمردنی کوڕەکەی چەمیەوە، دایکیشی شین و زاری دەکردو هەر لەوێدا بـێ هـۆش بـوو کەوتـە سـەر زەوی. مـەئمورانی پزیـشکی دادوەری گەشتنە شوێنی ڕووداوەکەو دەستوریاندا تەرمەکە بنێرنـە مەیتخانـە، شـیرین و

دایکی فەرزاد جار جارە دەهاتنەوە هۆش خۆیان و بەڵام هەر خێرا لەهۆش خۆیان دەچونەوە. حاڵی شیرین زۆر خراپ بوو. ئـەویان لەبەشـی چـاودێری نەخۆشـخانە خەواند.

پزیشکانی دادوەری بۆبەیانی هەواڵی خۆیـان نـارد بۆجێگـای پەیوەندیـدارو ڕونیان کردەوە کەکوژراو بەچەکی مەدەنی کوژراوەو هیچ پەیوەندیەکی بەڕێپێوانو خۆ پیشاندەرانی دوێنێ شەوەوە نییە، هەروەها ڕوونیشیان کردەوە کەلەوانەیە ئەو بەهۆی کێشەیەکی تایبەتییەوە کوژرابێت.

بێژەن و مریەم پاش ئاگادار بوونیان لەو کارەساتە بەخێرایی خۆیان گەیانـدە نەخۆشخانە، بێژەن توانای ڕێکردنی نـەبوو، فـەرزاد جگـە لـەوەی کەهاوسـەری خۆشکەکەی بوو، یەکەم هـاوەڵی گیـانی بـەگیانی سـەردەمی لاوێتیـشی بـوو. فەرزادبوو کەلە هـەموو نارەحەتیەکانـدا فریـای دەکـەوتو لەهـەمو کاتێکـدا دۆستی بەوەفای ئەو بوو، ئێستا فەرزادی خۆشەویستی لەدەست چـوبوو. شـیرین، ئەو خوشکە ڕەنجکێشەی، دووبارە گیرۆدەی کارەسات ببوویەوە. ئەو هێـشتا گـەنج بوو تازە دەیویست خۆراکی شیرینی ژیان بچێژێت، بەڵام قەدەر بۆئەو شتێکی تری دەویستو هەرگیز خواوەند بەشی ئەوی جگە لە بەدبەختیو دەربـەدەری شـتێکی تری لە چارە نەنوسیبوو.

کـامبیز بـۆ ئـەوەی ڕوداوەکـە بـشارێتەوە چـوو بـۆ نەخۆشـخانە، بـەڵام لەڕوانینەکانیدا دەردەکەوت کەهـەموو شـتێك دەزانێـت، مریـەم کـەئاگای لـە ڕوانینە نائاساییەکانی ئەوبوو بەرەولای چـوو پێـی گـوت: کـامبیز !! سـەرەنجام ژەهری خزتت ڕشت ؟ بەڵام کامبیز کەهەرگیز شتێك بەناوی دڵەوە لـە سینەیدا



Scanned with CamScanner

بونی نەبوو، سوێندی بۆخوارد کە ڕۆحی لەو کارەساتە ئاگـادار نییـەو مریـەمی دڵسافیش باوەڕی بەقسەکانی کرد.

بێژەن بەدوای شاهیندا ڕۆشتو ئەوی لەهاوسێکان وەرگرتەوە، منداڵی بێچارە چرکەیەك هێور نەدەبویەوە، بەبینینی بێژەن خۆی لەباوەشی خزانـدو وەك ئـەوەی کەلەوێدا هەست بەئارامی بکات، بێ ئاگا لەیارییەکانی ڕۆژگار چووە خـەوێکی قوڵەوە. بێژەن لەگەڵ شاهیندا بەرەو نەخۆشخانەچوو تاکو ئاگای لەحاڵی شـیرین بێت.

ئەو تازە هاتبووەوە هۆش خۆی، بەبینینی لاشەی خوێناوی فـەرزاد وەك شـێتی لێهاتبوو، هەمیشە ئەوی لەپێش چاوی خۆی دەبینی، هاوسەنگی دەروونی خـۆی لەدەست دابوو، ئەو هیچ کەس هەتا بێژەنو شاهینیشی نەدەناسییەوەو بـەردەوام ناوی فەرزادی دووبارە دەکردەوە.

بێژەن و مریەم و کامبیز چاویان لەو بڕیبوو فرمێسك لەچاوانی هەرسێکیاندا داباری، بێژەن لەگۆشەیەکدا دانیشت و شاهینی بەتوندی نوساند بەخۆیەوە، ئـەو بۆهەتیوی شاهین و بۆ بەختی ڕەشی خوشکە بێچارەکەی دەگریا، شاهین بەبینینی بێژەن دەگریا وەك ئەوەی ئەویش ئاگای لەخەمی دایکی بێت.

بێژەن نیگەرانی شیرین بوو، دەترسا بۆ هەمیشە بەو حاڵەوە بمێنێتەوە. هەربۆیە نەفرەتی لەبەختی نالەباری خوشکەکەی دەکرد، ئەو نەفرەتی بۆمـەرگ دەنارد کە خوشکەکەی لەم سەرەتای تەمـەنەدا ڕەشپۆش دەبوو بەهەموو شـتێك و هـەموو کەسێك نەفرەتی دەگوت، شیرین ئەمانەتی دایکی بـوو ئێـستا ئـەو ئەمانەتـە لەپێش چاوانیدا بەرەو لەناو چوون دەچوو.



Scanned with CamScanner

کامبیز بەهەمانشێوە گەلێك نیگەران و مشەوەش بوو، ئەو وای بیر کردبووەوە کە بەمکارەی بەشیرین دەگات، بەڵام ئێستا شیرین خۆی نزیکە لەدەست بچێت، کامبیز لەوکاتەدا پەشیمان ببوویەوە و لەدڵی خۆیدا سوێندی دەخوارد ئەگەر شیرین بەوحاڵەوە بمێنێتەوە، کۆتایی بەژیانی خۆی بهێنێت.

بێژەن بەهاوکاری باوکی فەرزاد مەراسیمێکی بەشکۆی بۆ بەئەنجام گەیاندنی بەخاکسپاردنی فەرزاد ڕێکخست و بەئامادەبونی خزم و دۆستان تەرمی فەرزادیان بەگۆڕی ساردی گۆڕستان سپارد، بێژەن بۆچەند کاتژمێرێك شیرینی لەنەخۆشخانە هێنایە دەرەوە تاکو بۆدواجار ماڵئاوایی لە هاوسەرە میهرەبانەکەی بکات.

پاش کۆتایی هاتنی مەراسیمەکە، دووبارە شیرین گەڕایەوە نەخۆشخانە، لەپاش چەند ڕۆژێك بەهاوکاری کارمەندانی نەخۆشخانە شیرین توانی تارادەیەك تەندروستی خۆی بەدەست بێنێتەوە. ئەو دوای دەرچونی لەنەخۆشخانە یەکسەر چووە گۆڕستان و خۆی خست بەسەر گۆڕەکەی فەرزاددا و گریەو زاری دەکردو بەڵێنی بەهاوسەرەکەی دەدا کەتۆڵەی بکاتەوە. ئاگری تۆڵە لەدڵی شیریندا بڵێسەی دەدا. بێژەن بۆئەوەی شیرین زیاتر ئازار نەکێشێت و خوانەکردە نەبادا دوبارە بەلایەکی بەسەر بێت لەسەر گۆڕەکە هەڵی ساندەوەو بەزۆر بردیەوە بۆماڵی خۆی.

شیرین هەموو ڕۆژێك شاهینی لەباوەش دەگرت و بەسەریدا دەگریا. ئەو دەیزانی کەجگەرگۆشەکەی ئیتر باوکی خۆی نابینێتەوە. بەپێی تووانا نازی دەکێشا. چونکە ئەو بۆنی فەرزادی لێ دەهات. شەوورۆژ کاری شیوەن و زاری بوو، بەو هۆیەوە ڕۆژ بەڕۆژ لاوازترو وشکتر دەبویەوە.



Scanned with CamScanner

شـیرین پـێش شـوکردنی عاشـق و دێوانـەی کـامبیز بـوو، بـەڵام لـەپاش زەماوەندەکەی بەدڵو بەگیان بۆفەرزاد وەفادار بوو، لـەو کاتـەدا هەسـتی کـرد کەعەشقەکەی بۆکامبیز چەند گێلانەو منداڵانە بووە.

عەشقەکەی بۆکامبیز ئێستا گۆڕابوو بۆ ڕقو بێزارییـەکی قـووڵ. بـەڵام بـۆ بەئـەنجام گەیانـدنی نەخـشەی تۆڵـە سـەندنەوەکەی ناچـاربوو ڕێگایـەکی تـر بگرێتەبەر، ئەو لەڕوکەشدا خـۆی بـەبێ ئاگـا لەهـەموو شـتێك نیـشان دەدا و وایدەردەبڕی کە لەکارەساتی کوشتنی فـەرزاد بـێ ئاگایـە. ئـەو بـەکردەوەکانی کامبیزی بەتەواوی گێل کردبوو.

ڕۆژەکان بەردەوام تێ دەپەڕین و شیرین لەهەوڵی ئەوەدا بوو کە لـە هـەلێکی گونجاودا تۆڵەی وێرانکردنی ژیانی لەکامبیز بسێنێتەوە. لەوماوەیـەدا بێـژەن و مریەمیش بەژیانی ئاسایی خۆیانەوە سەرقاڵ بوون، هـەوڵ و تێکۆشـانی ئـەوان بۆبەڕێوەبردنی ژیانی هاوبەشـیان بـەردەوامی هـەبوو. شـیرین زۆربـەی ڕۆژەکـان لەماڵی براکەیداو لەتەنیـشت مریەمـدا دەمایـەوە، بێـژەنیش هەمیـشە دڵـی دەدایەوە، تاکو لەوهەسـتە پـوچ و بـێ هودەیـە دەربـازی بکـات. بێـژەن زیـاتر کاتەکانی لەگەڵ شاهیندا بەسەر دەبرد و لەوماوەیەدا کەشاهین لەدیداری باوکی بێ بەش بوو زیاتر بەبێژەنەوە وابەستەببوو.

شیرین بۆ ئەوەی کامبیز بخاتە داوەوە و تۆڵـەی هاوسـەرە کـەی لێ بـسەنێت، هەرکاتێك کە دەیبینی بەڕوخسارێکی زەردەخەناویەوە ڕوبەڕوی دەبویەوە. کامبیز ئیتر دڵنیاببوو کە هیچ کەسێك لەو بەگومان نییەو لەو خەیاڵانەدابوو تاکو دڵی شیرین بۆخۆی ڕابکێشێتو بە ئارەزووی چەند ساڵەی بگات.

*!!عەشق ماڵت وێران بێت، تۆچی بەمرۆڤ ناکەی؟*



Scanned with CamScanner

## نەدەربەستی ناوبانگ و، نەگوێ ڕایەڵی چاکەی!))

شیرین هێواش هێواش کامبیزی بەرەو لای خۆی کێش دەکردوو هەمووکات بە ڕستەی خۆشەویستانەوە ئەوی زیاتر وابەستەی خۆی دەکرد.

ــ دەزانیت کامبیز گیان... ئێستا کەبیر دەکەمەوە هەست دەکەم بەمردنی فەرزاد زۆردڵگران نیم، هەمیشە حەزدەکەم لەتەنیشتی تۆدابم و لەگەڵ تۆدا بژیم، بەڵام چیبکەم کەلەکاتی مێردکردندا لەسەر دوو ڕیانێك گیرم خواردبوو بەناچاری خۆم دایە دەست ئەو زەماوەندە شوم و ناپیرۆزەوە، ئەگەرچی لەتەواوی ئەو ماوەیەدا دڵم هەر لەلای تۆبوو، وەك بارمتەی عەشقەکەم لای تۆم دانابوو.

سەرەنجام کامبیز لەتوانایدا نەما بۆ ئەوەی بە شیرینی بسەلمێنێت کە چەندە ئەوی خۆش دەوێ و ئامادەش بووە دەست بۆ هەموو کارێك ببات، دانی بەوەدانا کە هەر ئەوبووە فەرزادی کوشتووە.

ئیتر لەلای شیرین تۆماربوو کە کامبیز وێرانکەری ساباتی ئارەزووەکانی بووە و هەر ئەوبووە کە جگەر گۆشەکەی هەتیو خستووە.

❊❊❊ ❊❊❊ ❊❊❊

بێژەن بۆئەوەی شیرین لەو حاڵە نالەبارە دەرباز بکات و لەو خەم و خەفەتانە دووری بخاتەوە، بەردەوام ئەوی بۆ سەفەر دەبرد بۆ باکوری ئێران سابەڵکو هەوای پاك و دڵگیری ئەوێ ئەو ئازارو ناڕەحەتیانەی لەبیر بەرێتەوە.

بێژەن بۆ ڕزگاری و کامەرانی خوشکەکەی هەوڵی دەداو خۆی لەهیچ ناڕەحەتیەك نەدەبوارد، ئێستاش وای هەستدەکرد کە لەوانەیە پشتیوانێکی



Scanned with CamScanner

دڵنیاکـەر بێـت بـۆ خوشـکەکەی. لەتـەواوی ئـەو ماوەیەشـدا کـامبیز یـان لەگەڵدابوو.

ساڵێك بەسەر ئەو کارەساتەدا تێپەڕی، باوكو دایکـی فـەرزاد لەوماوەیـەدا لەخەمی لەدەستدانی کوڕە تاقانەکەیاندا زیاتر پیرو پەککەوتە ببوون، ڕاست بوو کە ئەوان کوڕەکەیان لەدەست چوبوو، بەڵام هـیچ خۆشەویـستییەکیان بەرامبـەر بەشیرینو کوڕەکەی کەمی نەکردبوو، ئەوان لەهەموو کاتێکدا چاودێری ئـەویان دەکرد نەکو هەست بەکەمی خۆی بکات.

ڕۆژێك کە شیرین چوبوو بـۆ سـەردانیان دایکـی فـەرزاد ڕوی کـردە شـیرینو گوتی:

ــ شیرین گیان لەوانەیە ئەم قسەیەم ئازارت بدات، دڵنیابە من دەزانم کە تۆ هاوسـەرێکی وەفاداریـت، بـەڵام خەسـارە بـەم تەمەنـە کەمەتـەوە بـەبێوەژنی بمێنیتەوە، تۆ هێشتا گەنجیو دەتوانیت دووبـارە ژیـانێکی نـوێ بۆخـۆت بنیـات بنێیتەوە، داوات لێدەکەم کەهەرکاتێك کەسێکی گونجاوت دۆزیەوە زەماوەنـدی لەگەڵ بکە، بەم شێوەیە ڕۆحی فەرزادیش شاد دەبێت.

ئەو تۆی زۆر خۆش دەویستو بەردەوام لەهەوڵی ئەوەدابوو تۆ بەختیار بکات، دڵگرانی شاهینیش مەبە، ئەگەر وابیر دەکەیتەوە کە بۆی هەیە کێـشەیەکت بـۆ دروست بکات، تاکو ئێمە لەژیانداین ئەو لەسەر چاوەکانمان گەورەدەکەین ئاخر ئەو یادگاری فەرزادی خۆشەویستمانە، ئەو پاش ئەم قسانە بێـدەنگ بـوو ئـارام ئارام فرمێسکی هەڵدەڕشت.

شیرین لەسەرەتادا ڕازی نەبوو، بەڵام بەهۆی پێداگری بـاوكو دایکـی فـەرزاد بەڵێنیدا کەلەم بارەیەوە بیری لێبکاتەوە.



Scanned with CamScanner

ماوەیەك تێپەڕی شیرین کەمێك ئەو کارەساتەی لەبیر کردبوو لە ئارامی تەواودا ژیانی بەسەر دەبردو تەنها لەبیری ئایندەی شاهینی جگەر گۆشەیدابوو.

ڕۆژێك کامبیز هاتەماڵی مریەمی خوشکیو پێی گوت: مریەم، تۆخۆت باش دەزانیت کە شیرین هێشتا جوانەو بۆئەوگرفتە کە تاکۆتایی تەمەنی زەماوەند نەکاتو بەتەنهایی بمێنێتەوە، لەوبارەوە خۆت ئاگاداری کەمن چەندە ئەوم خۆش دەویست، بەڵام ئەو دەستی بەعەشقەکەی منەوەنار بووە خێزانی فەرزاد، باشە، لەوانەیە چارەنوس ئەمەی ویستبێت کە فەرزاد بمرێتو ئێمە بۆجارێکی تر لەسەر ڕێگای یەکتریدا بوەستینەوە، لەوانەیە منو شیرین بتوانین دووبارە ببینەوە بەدڵخوازو عەشقەکەمان زیندووبکەینەوەو پێکەوەبین، داوات لێدەکەم لەم بارەیەوە لەگەڵ شیریندا بدوێی، من دڵنیام کەئەو ڕازی دەبێتو ئێستا ئیتر هیچ بەربەستێك بۆ پێککەیشتنی منو ئەو نەماوە. مریەم سەرەتا ڕازی نەبوو، بەڵام بەپێداگرییە لەڕادە بەدەریەکانی کامبیز ڕازی بوو کەلەکاتێکی لەباردا لەگەڵ شیریندا گفتوگۆ بکات.

مریەم لەپێشدا باسەکەی لەگەڵ بێژەندا کردەوەو داوای لێکرد تاکو لەم بارەوە لەگەڵ شیریندا بدوێ و بۆچونی ئەو وەربگرێت. بەڵام بێژەن باش دەیزانی کە شیرین تا چ ئاستێك بۆ فەرزاد وەفادارەو دەیشی زانی کە شیرین ناتوانێت کەسێکی تر لەجێگای فەرزاد لە ئامێز بگرێت، بەڵام ئەو زۆرگەنج بوو دەبوو هانی بدات تاکو لەم گۆشەگیرییە دەرباز ببێت و بۆشایی نەبوونی فەرزاد بەمشێوە پڕ بکاتەوە.



Scanned with CamScanner

بۆ بەیانی چوو بۆ سەردانی شیرین، سـەرەتا شـاهینی لـەئامێز گـرت و وەك هەمیشە خۆشەویستی و سۆزی پێشکەش کرد ، هەر لـەو کاتـەدا کـە شـاهینی لەباوەشدا بوو ماچی دەکرد ، ڕووی کردە شیرین و گووتی:

ــ شیرین گیان، ئەگەر شتێکت پێ بڵێم دڵگران نابیت؟!!

ــ نەخێر... بڵێ، تۆ تاکوو ئێستا وشەیەکت نەگوتووە کە من بێزار بکات.

ــ دەزانم بە لای تۆوە گەلێك ئەستەمە کە بتەوێت کەسێکی تر لـە جێگـای فەرزاددا ببینی، بەڵام تۆ هێشتا گەنجی و بەتـەنها ژیـان بـۆ کەسـێکی وەك تـۆ گەلێك دژوارە، تۆ ئەگەر مێرد بکەیت بۆ شاهینیش باشترە و ئیتر هەست بە بـێ باوکی ناکـات، ئـەو هێـشتا منداڵـە و ئەگـەر لـەم کـاتی منداڵییـەدا خـوو بەکەسێکەوە بگرێت باشترە و بەجۆرە ئاگـاداری ئـەوە نابێـت کـە ئـەوە بـاوکی ڕاستەقینەی ئەو نییەو لەداهاتووشدا گرفتی کەمتر دەبێت، ئەگەر ڕاسـتت دەوێ کامبیز هێشتا تۆی خۆش دەوێ و بەمریەمی گوتووە کە ئەگەر شیرین ڕازی بێت ئامادەیە دووبارە بۆ داخوازیت بێتەوە، ئەو ئێسـتاش بەعـەشقی تۆوە پابەندە و وەك سەردەمی پێش شووکردنت ئامادەیە هاوبەشی ژیانت بێت، تا ئێستاش لەعەشق و خۆشەویستی ئەو بۆ تۆ هیچ کەمی نەکردووە، دوێنـێ هـاتبوو بـۆ ماڵمـان و داوای زۆری لە مریەم کردبوو کە تۆ ڕازی بکات.

شیرین کە چاوەڕوانی هەلێکی وای دەکرد ڕووی کردە بێژەن و پێی گووت:

ــ لەڕاستیدا بەلای منەوە گەلێك ئەستەمە کە جێگای فـەرزاد بـەپیاوێکی تر پڕ بکەمەوە، هەر چەند کە من پێش شـووکردنم بەفـەرزاد، کـامبیزم خـۆش دەویست، بەڵام ئێستا لەبەرامبەر کامبیزدا خۆم بەشـەرمەزار دەزانم، ئـاخر مـن پێش شووکردنم دڵی ئەوم شکاند.



Scanned with CamScanner

بێژەن گووتی: بەڵام کامبیز هیچ لەدەستی تۆ نەڕەنجاوەو زۆریش تامەزرۆیە کە تۆ وەڵامی ڕەزایەتی بدەیتەوە.

سەرەنجام شیرین کە لەپێشدا مۆڵەتی لەدایك و باوکی فەرزاد وەرگرتبوو ڕازی بوو زەماوەند لەگەڵ کامبیزدا بکات. بێژەن شاد و خۆشحاڵ شاهینی ماچ کردو خواحافیزی لەشیرین کرد.

بێژەن نەیدەزانی ئەو چارەنووسە چ خەونگەلێکی شومی بۆ ئەو خێزانە بەدبەختە بینیوەتەوەو بێ ئاگا لەوەی بەزەماوەندی شیرین و کامبیز چ ڕووداوێکی نالەبار ڕوودەداو ئەوەشی بەخەیاڵدا نەدەهات کە ئەو زەماوەندە ڕێگا بۆ ڕووداوێکی دڵتەزێن خۆش دەکات، بێژەن تەنها بیری لەوە دەکردەوە کە خوشکەکەی بەو کارە لەتەنهایی و دوورەپەرێزی ڕزگاری بێت.

شیرین هێواش هێواش خەریك بوو لە پیلانەکەی نزیك دەبویەوە، ئەو لەسەر تەرمەکەی فەرزاد سوێندی خواردبوو کە تۆڵەی بکاتەوە. بێژەن بەخۆشحاڵی بەرەو ماڵ کەوتە ڕێ تاکوو لەئەنجامی گفتوگۆکانی لەگەڵ شیریندا، مریەم و کامبیز ئاگادار بکاتەوە. مریەم بە بیستنی هەواڵی ڕەزایەتی شیرین جێی بەخۆی نەدەگرت، کامبیز کە لەدڵەڕاوکێی بیستنی هەواڵی ڕەزایەتی یان نارەزایەتی شیرین دابوو بەبیستنی ئەم هەواڵە شاگەشکە ببوو، ئەو هەستی کرد کە ئیتر بە ئارەزووی خۆی گەیشتووە و خۆی بە بەختەوەرترین پیاوی ئەم جیهانە دەزانی، بێ ئاگا لەوەی عەشق و پەیوەندی شیرین بەرامبەر بەئەو بەقینێکی سەخت گۆڕاوە و تەنها ئاگری تۆڵە پێکیان دەبەستێتەوە.

پاش چەند ڕۆژێك شیرین و کامبیز لێکتر مارە کران، شیرین جارێکی تر چاری بەبیرکردنەوەکانیدا خشاندەوە. ئەو بڕیاری دابوو لەهەمان شەوی یەکەمی



Scanned with CamScanner

پێککگەیشتندا تۆڵەی فەرزاد لەکامبیز بکاتەوەو خۆی لەتیری زمان و توانجەکانی دەوروبەریشی بپارێزێت. هەر بەو هۆیەوە کاغەز و قەڵەمی هێناو بەم شێوەیە نووسی:

ژیان لەگەڵ فەرزاددا بۆ من گەلێك خۆش و نموونەیی بوو، هەر چەند کە تەمەنی ئەو ژیانە شیرینە زۆر کورت بوو، ئێمە عەشق و خۆشەویستیمان بۆ یەك هەبوو تێپەڕبوونی ژیانمان هەست پێ نەئەکرد، من هەر لەسەرەتادا دەمزانی کە کامبیز لەهەوڵی ئەوەدایە تاکوو تۆڵەی شکستی خۆی لەفەرزاد بکاتەوە. ئەو لەنەگەیشتن بەئاواتی، فەرزادی بەتاوانبار دەزانی و وای بیر دەکردەوە کە ئەو نەیهێشتووە من لەگەڵیدا زەماوەند بکەم، لەکاتێکدا کە ئەوە بڕیاری خۆم بووە و ئەوە من بووم کە دەبوو لەسەر ئایندەم بڕیار بدەم، بەهەر حاڵ کامبیز سەرەنجام ژەهری خۆی ڕشت و لەوشەوەدا بەفیشەك فەرزادی خۆشەویستی کوشت، فەرزاد لەپێش گیان دەرچوونیدا بەمنی گووت کە کامبیز تەقەی لێ کردووە، بەڵام ئەو پیاوەتی خۆی نواندو داوای لێ کردم ئەم ڕووداوە بەکەس نەڵێم و نەبمە هۆی کێشە و دەردی سەری. بەڵام من لەسەر تەرمەکەی سوێندم خوارد کە تۆڵەی خوێنی لەبکوژەکەی بکەمەوە، من لەم ماوەیەدا توانیم کارێك بکەم کە کامبیز دان بە کوشتنی فەرزاددا بنێت، بۆ گەیشتن بەمەرامم خۆم لەو نزیك کردەوە، ئەویش بۆ دەرخستنی عەشق و خۆشەویستی بەرامبەر بەمن دانی پێدا نا کە فەرزادی کوشتووە تاکوو ئیتر بەربەست لەبەردەم زەماوەندی من و ئەودا نەمێنێت، ئاگری تۆڵەسەندنەوە لەناخی مندا بڵێسە دەداو بۆ چرکەیەکیش ئارامم نییە. بکوژی هاوسەرەکەم دەبینم و ناشتوانم وشەیەك بڵێم، تاکوو ئەو کاتەی ئەم هەلەم



Scanned with CamScanner

دەستگیر بوو کە بتوانم تۆڵەی هاوسەری جوان و وەفادارم لە بکوژی دڵ ڕەق وەرگرمەوە کە تەنانەت بەزەیی بە شاهینی منداڵیشدا نەهاتەوە، هەر لەبەر ئەوە باشترین ڕێگا چارەم دۆزیەوە کە کامبیز لەخۆم نزیك بکەمەوە و لەو کاتەدا بە تەواوی بەئامانجەکانم بگەم، ئێستاش لەم شەوە تاریك و ترسناکەدا هەندێك دەرمانی خەوم خستۆتە پەرداخە ئاوەکەی کامبیزەوە، تاکوو ئەو بچێتە خەوێکی قووڵەوەو ئەو کات بتوانم پیلانەکەی خۆم دەست پێ بکەم، سەرەتا لەم کارە پەشیمان بووم و دڵم بەحاڵی جوانی ئەو دەسووتا، لەبەر ئەوەی دەمبینی بە ناکامی ئەم جیهانە بەجێ دەهێڵێت، دڵگران بووم، بەڵام ئایا دڵی ئەو بەحاڵی من نەسووتا کە من و منداڵە شیرەخۆرەکەمی سەرگەردان کردو ئێمەی لەو ژیانە ئارامە بێبەش کرد؟!!

دڵم هەڕەشەم لێدەکات کە ئەو بکوژێکی بێ بەزەییەو سزای ئەو تۆڵەیەکی سەختە، ڕێگای سۆزم نەدا بێتە دڵمەوە، یەکەمین خاڵی پیلانەکەم دەست پێکرد، بڕیارم داوە کاتێك کامبیز خەوی لێ کەوت بە چەقۆ پارچە پارچەی بکەم. بۆ ئەوەی لەداهاتوو دا لەگەڵ یادکردنەوەی مەرگی کامبیزدا دوچاری ئازاری ویژدان نەبمەوە پاش جێبەجێکردنی کوشتنی کامبیز خۆیشم دەخنکێنم.

بێژەن و مریەم، خۆشەویستانی من، داوای لێبوردن لەهەر دووکتان دەکەم لەکاتێکدا کە دەست بۆ ئەم کارە دەبەم، بەڵام هیچ چارەیەکی ترم نییە، من پاش مردنی فەرزاد هیچ ئومێدێکم بەداهاتوو و بەژیانیش نەماوە، لەبەر ئەوە داواتان لێ دەکەم کە شاهینی من بەخێو بکەن و ئەو بەجۆرێك پەروەردە بکەن کە مرۆڤێکی تەواو و چاکی لێ دەربچێت.



Scanned with CamScanner

مریەم گیان هەر چەندە کەمەرگی برا تاقانەکەت بەلای تۆوە گەلێك سەخت و دژوارە، بەڵام باوەڕ بکە چارەیەکی تر شك نابەم و دەبێت تۆڵەی فەرزاد لەبکوژەکەی بکەمەوە، تاکوو لەگەڵ پەیمانی خۆمدا وەفادار بم، تۆو بێژەنی براو خۆشەویستم، دەزانم کە بەخۆکوشتنی من دوچاری ئازاری ویژدان دەبن، بەڵام داواتان لێ دەکەم کە هەرگیز بیر لەمن نەکەنەوە، چونکە من کەسێکی ڕق لەدڵ و خراپم و پاش تۆڵەکردنەوەکەم ناتوانم بەزیندوویی بمێنمەوە، لەبەر ئەوە باشترین کار لەخۆکوژیدا دەبینمەوە، دڵنیابن ئەم نوسراوە پاش مەرگی من بەدەستی ئێوە دەگات.

"خوشکی شکست خواردووی ئێوە"

شیرین

پاشان شیرین نامەکەی لەجێگایەك دانا کە زوو ببینرێتەوە، شەو لەکاتێکدا دەرمانی خەوەکەی کە پێش تر ئامادەی کردبوو کردیە ناو پەرداخێك ئاوەوە و دایە دەست کامبیز، کامبیز بەخێرایی ئاوەکەی خواردەوە، دەرمانەکە زۆر بەهێز بوو یەکسەر کاریگەری خۆی دەرخست، کامبیز تامەزرۆی پێگەیشتنی شیرین بوو، هەستی کرد زۆر خەوی دێ و بەر لەوەی قسەیەك بکات خەوێکی قووڵ بردیەوە، شیرین کە چاوەڕوانی ئەم کاتەی دەکرد چووە چێشتخانەو پەتی خنکانی بۆ خۆی هەڵخست تاکوو لەپاش مردنی کامبیز خۆشی هەڵبواسێ. پاشان کاردێکی گەورەی لەچێشتخانەکەدا هەڵگرت و بەرەو لای کامبیز چوو کامبیز بێ ئاگا لەهەموو شتێك لەخەوێکی خۆش دابوو، دەست و پێی شیرین هاتبووە لەرزین، توانای نەبوو چەقۆکە لە لاشەی کامبیز بدات، ئەو هەرکات دەیویست



Scanned with CamScanner

لەکوشتنی ئەو دەست هەڵبگرێت شەیتانی تۆڵە هەموو کات هانی دەداو وشەی تۆڵەی دەخستە دڵیەوە.

کامبیز هێشتا زۆر گەنج بوو ئەم بابەتە زیاتر دەبووە هۆی ئازاری شیرین، سەرەنجام شیرین لەجێگاکەی هەستا و خۆی گەیاندە سەر لاشەی خەوتووی کامبیز، چاوەکانی بەست تاکو مەرگی یەکەمین عاشقی نەبینێت، ئەو تا چەند ساتێکی تر لەگەڵ تەرمی کەسێکدا ڕووبەڕوو دەبووەوە کە پێشتر عاشقانە ئەوی خۆش دەویست و ئەوی بە ئومێد و ئارەزووی خۆی دەزانی، بەڵام ئەو ئێستا ژیانی ئارامی ئەومی تێکداوە، شیرین ئیتر توانای زیاتری نەبوو، کاردەکەی بەتوندی لەلاشەی ئەو وەردا، ئەو لەحاڵی شێتی دا زیاتر لە ٢٠ چەقۆی لە لاشەی کامبیزدا، کامبیز هەر لەوێ دا گیانی سپارد. خوێن بەری چاوی گرتبوو، ئەو ئێستا لەگەڵ تەرمی دوو عاشق ڕووبەڕوو ببوویەوە کە لەناخی دڵیانەوە ئەویان خۆشدەویست.

شیرین هێشتا مردنی فەرزادی لەلا کاڵ نەببوویەوە کە دووبارە لەگەڵ تەرمی خوێنینی کامبیزدا ڕووبەڕوو ببوو، توانای جوڵەی نەمابوو، ئیتر هێزی نەبوو تاکوو بەرەو لای پەتی سێدارەکە بڕوات، وەکو شێت هاواری دەکرد، ئەو گیرۆدەی شێتی و دێوانەیی ببوو.

هاوسێکان بەدەنگی زریکەی یەک لەدوای یەکی شیرین هاتنە دەرەوە، شاهینیش لەو ناوەدا گریانی خۆی دەست پێکردبوو، دراوسێکان بەخێرایی هاتنە ژوورەوە و چاریان بە تەرمی خوێناوی کامبیزکەوت، بەخێریی بەرپرسانی بنکەی پۆلیسیان ئاگادار کرد، بەرپرسان بەبێ وەستان لەوێدا ئامادە بوون.



Scanned with CamScanner

شیرین بەتەواوی هاوسەنگی دەروونــی خــۆی لەدەســت دابــوو و یــەك چــرکە لەهاوارەکانی بیّ دەنگ نەدەبوو، ئوتومبیلی فریاکەوتن بەخیّرایی گەیــشتە ئــەو جیّگایەو شیرینیان بە قژی ئالّۆزکــاوو جلــی دڕاوو خویّناوییــەوە بــەزۆر ســواری ئوتومبیلەکە کردو ئەویان لەبەشی ئەعــساب و دەروونــی نەخۆشــخانە خەوانــد. تەرمی کامبیزیشیان خستە مەیتخانەوە.

بەیانی هەینی بور، بیّژەن و مریەم بیّ ئاگا لەهەموو شتیّك هاتن بــۆ مــالّی شیرین، تاکوو ببنە میــوانی بــووك و زاوای تــازەو پیرۆزباییــان لیّ بکــەن، تــازە گەیشتبوونە ئەویّ لەرِیّگای دراوسیّکانەوە لەو کارەساتە ئاگــادار کــران، مریــەم بەبیستنی ئەو هەوالّە لەروخساری خۆی دەداو شیّت ئاسا پەلی دەکوتــار دەگریــا، بیّــژەنیش حــالّی لــەو باشــتر نــەبور، ئــەو چــووە ژوورەوە و بــەبینینی راخــەرە خویّناوییەکان و ئەو خویّنانەی کە لەسەر زەوی رژابورن، لەجیّگەی خــۆی وشــك بور، پاش چەند ساتیّك بەدەنگی هاواری یەکیّك لە هاوسیّکان هاتەوە سەر خۆی، ئەو نوسراوەکەی شیرینی دایە دەست بیّژەن و شاهینی لەباوەشدا بەخەوتوویی بە بیّژەندا و لەگەلّ مخابنیّکدا سەری لەقانــد، بیّــژەن بــیّ ئــەوەی نامەکــە بکاتــەوە لەگەلّ مریەم دا بەپەلــە ســواری ئۆتۆمبیلەکــەیان بــوون و بــەرەو نەخۆشــخانە کەوتنەرِیّ تاکوو لەنزیکەوە پەیوەندی بەشیرینەوە بکەن و لەراســتی ئــەو رووداوە ئاگادار بن، لە رِیّگەدا بیّژەن نامەکەی شیرینی هاتەوە یاد، نامەکــەی کــردەوە و لەوکاتــەدا کــە لەکوشــتنی فــەرزاد و رووداوی شــەوی بــەروتر ئاگــادار بــوون هەردووکیان واقیان ورِما، مریەم و بیّژەن تەنها بــەجیّماوی خیّزانەکــەیان بــوون، شــاهین لەســەر کوشــنی دواوەی ئوتۆمبیّلەکــەدا نوســتبوو، کاتیّــك گەیــشتنە نەخۆشخانە بیّژەن شیرینی بەو حالّەوە بینی، دنیای لەپیّش چاو تــەنگ و تاریــك

بوو، ئەو هەر لەوێدا بێحاڵ کەوتە سەر زەوییەکە، مریەمیش کە بەمەرگی کامبیز پەشۆکابوو لەگەڵ بینینی شیریندا خراپتربوو، لەهۆش خۆی چوو، لەئەنجامدا بۆ بەیانی تەرمی کامبیز لەنێوان خەم و پەژارەی زۆرێك لەخزم و ئاشنایان و دۆستان بەخاك سپێردرا، ئەو لەتەمەنی بیست و یەك ساڵیدا دوچاری وەها کارەساتێکی گەورە و کاریگەر هاتبوو. مریەمیش پاش مەرگی کامبیز گۆشەگیر ببوو، ئەو لەبەر هاوسەرەکەی نەیدەزانی چ کارێك بکات، لەلایەکەوە شیرین برا تاقانەکەی کوشتبوو، لەلایەکی دیکەشەوە کامبیز خوشکە تاقانەکەی بێژەنی بێوەژن و شێت کردبوو، ئەو دەیزانی کە شیرین بێ گوناه بووە و تەنها تۆڵەی هاوسەرەکەی لەکامبیز کردۆتەوە کە بێ بەزەییانە کوشتبووی.

ئارامی لەژیانی ئەواندا نەمابوو، بێژەن کە لەو ماوەیەدا گیرۆدەی ئازارو گرفتاری گەلێکی زۆر ببوو ئیتر سەبر و ئارامی لەدەست دابوو و بۆ رزگار بوون لەم هەموو کێشە دەروونیانە کە بەرۆکیان پێ گرتبوو، خووی بە جگەرەوە گرت و هەر لەو رێگەیەشەوە لەگەڵ مادەی بێ هۆشکەردا دۆستایەتی پەیدا کرد، بەڵام بەپەنهانی و دوور لە چاوی مریەم، بۆ ڕزگار بوون لەو گرفتەدەرونیانەی کە هەیبوو خۆی بەو بەڵا ماڵوێرانکەرە ئارام دەکردەوە، هەر کاتێك سەری لەشیرین دەدا لەژیانی مەئیوس و نائومێد دەبوو، تەنها بونی مریەم و شاهین و ئەو منداڵەی خۆی کە لەسکی دایکی دابوو تروسکایی هیوایەکیان بۆ ژیان بۆ دەگەڕاندەوە، ئەو بۆ چاکبوونەوەی شیرین درێغی لەهیچ هەوڵ و کۆششێك نەدەکرد، بۆ لای هەر پزیشکێك کە دەیناسی یان پێیان دەناساند سەردانی دەکرد، بەڵام هەموو ئەوانە لەسەلامەتی و گەڕانەوەی ئەو بۆ ژیانی ئاسایی نائومێد بوون.



Scanned with CamScanner

شیرین لەگۆشەی تەنهاییدا دادەنیشت و لەگەڵ خۆیدا دەدوا و لەپڕدا وەك کەسانێك کە لەشتێك بێزار بن بەردەوام لەحاڵی ڕاکردن دابن، دادو هاواری دەکرد و لەدکتۆرەکان هەڵدەهات، پشتی بێژەن لەژێر ئەم هەموو بەڵایەدا چەمابوویەوە، لەکاتێکدا کە هێندەی تەمەن نەبوو، بەڵام وەك پیرەپیاوی شەست ساڵە دەینواند، زۆرترینی شەو درەنگانێك بۆ ماڵ دەگەڕایەوەو کاتێك دەگەیشتەوە ماڵەوە هیلاك و ماندوو لە قوژبنێکدا دادەنیشت و ورتەی لێوە نەدەهات، بەیانیان درەنگ لەخەو هەڵدەستا، ڕووگرژ و تووڕە بوو، زۆرترینی کات بەسەر مریەمدا دەینەڕاند.

مریەم ئاگاداری گۆڕانی لەناکاوی ڕەوشت و ڕەفتاری بێژەن ببوو، شەوێك لەکاتێکدا کە خەریك بوو گیرفانی جلەکانی ئەوی بەتاڵ دەکردەوە تاکوو جلە چەورەکانی بۆ بشوات، پارچەیەکی ڕەنگ ڕەشی لەگیرفاندا بینی، بینینی بەستە تلیاکەکە دنیای لەپێش چاوی مریەم وێران کرد، ئەو بەوەی کە بەچاوی خۆی بینی باوەڕی نەکرد، بەپەلە بەدوای بێژەندا چوو، تلیاکەکانی ناو دەستی لەبەردەمیدا هەڵڕشت، بێژەن ڕووی نەبوو سەیری مریەم بکات، مریەم دەستەکانی بەڕووی خۆیەوە گرت، پاشان بەگریانەوە ڕووی تێکرد و وتی:

— بێژەن تۆ بی و خوا پێم بڵێ ئەمە چییە؟ ڕاستیم پێ بڵێ، ئاااااای... خودایە، ئەو شتانەی کە دەیبینم ڕاستن؟ پاشان بۆ حاڵی خۆی دەستی بەگریان کرد.

بێژەن هیچ وەڵامێکی لا نەبوو کە بەوی بڵێ، ئەو ئیتر موعتاد ببوو، ڕزگاربوون لەو ژەهرە نەفرەتییەش هەروا ئاسان نەبوو.



Scanned with CamScanner

مریەم ئەوی خستبوە ژێر چاودێرییەوە تابەڵکو ناچاری بکات واز لەو شتە پیسە بهێنێ، بەڵام ئیتر زۆر درەنگ بوو ئەو لەهەر هەلێکدا کەبۆی ڕێکدەکەوت، بۆ هەڵاتن لەوگرفتانەی، پەنای بۆ ئەو بەڵاڕەشە ماڵوێرانکەرە دەبرد، هەرچەند مریەم لێی دەپاڕایەوە دەستی لێ هەڵبگرێت سودی نەبوو، ئەو بەهۆی بەکار هێنانی مادەی بێهۆشکەرو کێشەی دەروونیەوە سات بۆسات لاشەی دەتوایەوە، ڕۆژ بەڕۆژ زەردوو لاوازتر دەبوو، مریەمیش هەڕەشەی لێ دەکرد کەئەگەر دەست لەو کارە ناپەسەندانە هەڵنەگرێت ئەوا بەجێی دەهێڵێت.

هەر ڕۆژێك کە تێدەپەڕی بۆ لەدایکبونی ئەو منداڵەی ناوسکی مریەم نزیکتر دەبوەوە و سەرەنجام لە مانگی(پوشپەڕ)ی ساڵی (پەنجاو حەوتی هەتاو)یدا کچێکی خنجیلانەوجوان هاتە دنیاوە، مریەم زۆر خۆشحاڵبوو هیوای خواست کە بەلەدایك بونی (شەقایق) بێژەن ئومێدبەژیان بەدەست بهێنێتەوەو دەست لەو شتە نەفرەتیە هەڵبگرێت، بەڵام ئەو لەسەر کارەکەی بەردەوام بوو، ئەو بۆ تەسکینی ئازارەکانی پەنای بە هێرۆینیش بردوو سەرەنجام ڕۆژێك لەکاتی هێرۆین گەیاندن بەگیانی(بەشێوەی دەرزی لێدان)تەمەنی کورتی لێوان لێو لە ئازارو دەردی سەری دوایی هات و ئەم دنیایەی کە بۆئەو جگە لە بەڵاو ئەشکەنجە شتێکی تر نەبوو بەجێهێشتو ماڵئاوایی لێ کرد.

ئەورۆژەی کە هەواڵی مردنی بێژەنیان بەمریەم دا، ئەوگوتی: بێژەن هەر لەورۆژەوەی کە فێری مادەی بێهۆشکەربووە لە پێش چاوی مندا مردبوو، ئەو لەکاتێکدا کە بێژەنی بەمەعشوق و خۆشەویستترین کەسی دەزانی، بەمردنی ئەو تەنها ئاهێکی لەدەرون هەڵکێشاو خەمی بۆ چارەنوسی خۆی دەخوارد.



Scanned with CamScanner

مریەم تەنها لەبەر ڕێزی ئەوەی کە سەردەمانێك بێژەنی بە قوتابخانەی عەشقی خۆی دەزانی لەبەر ڕێزی ئەو منداڵەش کە تەنها یادگاری عەشقەکەی بوو، مەراسیمێکی پڕشکۆی بۆ ڕێکخستو ئەوی لەنزیك گۆڕی باوكو دایكو خوشكو براکەیدا بەخاك سپارد، هیچ کەسێك نەیدەتوانی پێش بینی ئەوە بکات. ئەو خۆی بەبەختەوەر ترین ئافرەتی سەرزەوی دەزانی، بەڵام بەداخەوە کە بێژەن بەزەیی بە عەشقەکەیاندا نەهاتەوە و هەموو ئارەزوو هیواکانی ئەوی وەك بلقی سەرئاو لێکرد.

تاکە دڵخۆشی مریەم شەقایقو شاهین بوون، ئەو زۆربەی ڕۆژانی پێنج شەممان سەردانی گۆڕی کامبیزو فەرزادو بێژەنی دەکرد، هەرکاتێك دەچوە سەرمەزاری ئەوان ڕۆژانی پێشوی بیر دەهاتەوە و فرمێسك لەچاوە کانیەوە بەردەبوونەوە.

دایكوباوکی فەرزاد لە ژیاندا مابون و مریەم شاهینی لەزۆربەی کاتەکاندا دەبردەلای ئەوان، تاکوئەوان یادگاری ڕۆڵە تاقانەکەیان ببینن، شاهین خوی بەمریەمەوە گرتبوو ئەوی بەدایکی خۆی دەزانی و هەرکاتێك مریەم دەیویست لەلای دایەگەورەو باوە گەورەی جێی بهێڵێت گریەو زاری بەرپادەکرد، شاهین منداڵبور دایكو باوکی فەرزادیش کاتێك هەستیان بەحاڵی کرد ڕازی بوون کە مریەم گەورەی بکات تاکو ئەگەر گەورەتربوو ڕازی بێت لەگەڵ ئەواندا بژی.

پاش تێپەڕبونی چەند مانگێك بەسەر مردنی بێژەندا، فەرشید کە هێشتا ژنی نەهێنابوو داخوازی مریەمی کردو پووریشی پێداگری دەکرد کە مریەم وەڵامی ڕەزایەتی بەفەرشید بداتەوەو خۆیشی لەو نیوانەدا ڕزگار بکات، بەڵام مریەم گوێی بەقسەی پووری نەدا، ئەو بڕیاری دابوو کە لەپاش مەرگی بێژەن

لەگەڵ هیچ کەسێکی دیکەدا زەماوەند نەکات و هەموو تەمەنی خۆی بۆ پەروەردەو چاودێری منداڵەکەی خۆی و شیرین تەرخان بکات، لەو نێوەندەدا باوکی فەرزادیش هەموو سامانەکەی خۆی کرد بەناوی کوڕەزاکەیەوە، تاکوو لەداهاتوودا ببێتە پشتیوانێك بۆ تەنها نەوەی کوڕە ناکامەکەی.

چەند ساڵێك تێپەڕی و شاهین و شەقایق گەورە ببوون، هەواڵی باوکیان لەمریەم دەپرسی، ئەوان وایان بیر دەکردەوە کە هەردوکیان لەدایك و باوکێك بەجێماون.

ئێستا دەبوو شاهین خۆی بۆ قوتابخانە ئامادە بکات، مریەم شاهینی لەیەکێك لەو قوتابخانانەی کە نزیك بوو لێیانەوە، ناوی تۆمار کردبووو چاوەڕوان بوو تاکوو شەقایق گەورەتر بێت و ساڵێکی تر ناوی ئەویش تۆمار بکات.

ساڵی خوێندن کۆتایی هات و لەژێر چاودێرییە چاکەکانی مریەمدا ساڵی یەکەم لەهەموو وانەکان تێکڕا نمرەکانی دە بوون.

مریەم هێشتا جوان بوو لەو ماوەیەدا داخوازیگەلێکی زۆری هەبوو، بەڵام ئەو بەهەموویان وەڵامی نەرێی دەدایەوە، ئەو ڕووبەڕووی کێشەیەکی تازە ببوویەوە و شاهین و شەقایق کە گەورەتر ببوون زۆرتر هەواڵی باوکیان لەمریەم دەپرسی، مریەمیش وای بەباش زانی کە ڕاستییەکەی بەوان بڵێت تاکوو هەرکات گەورە بوون بتوانن پێکەوە زەماوەند بکەن و ڕووداوە خۆشەکانی ڕابردوو جارێکی تر دووبارە ببێتەوە.

بەهەر شێوەیەك بوو بەسەرهاتەکەی بۆ ڕوون کردنەوە، گەرچی ئاگاداری لەو ڕاستیانە بۆ ئەوان سەخت بوو، بەڵام بەتێپەڕبوونی ڕۆژگار ئەوان ڕاستییەکەیان بۆ دەرکەوت. بەتێکۆشان و خۆشەویستیە بەردەوامەکانی مریەم سەردەمی

سەرەتاییان تێپەڕاندو مریەمیش لە سەرکەوتنەکانی ئەوان گەلێك خۆشحاڵ بوو، هەر ڕۆژە شادومان تر لە ڕۆژی پێشوو ئەوانی بۆ وانە خوێندن هاندەدا. بەڵام ئەم ڕۆژگارە گەلێك دڵ ڕەق و بێ بەزەییە و لێ نەگەڕا ئەو ژیانە خۆشەی ئەوان بەردەوام بێت و مۆڵەتی نەدا کە مریەم بە ئاواتەکانی لەبارەی شاهین و شەقایقەوە بگات.

لەڕۆژێکی ساردی زستاندا لەساڵی ١٣٧٤ی هەتاوی کاتێك کە مریەم بۆ کۆبوونەوەی دایکان و باوکان بۆلای مامۆستاکانی شەقایق رۆشتبوو لە ڕێگای گەڕانەوەیدا بۆ ماڵ، کاتێك ویستی لەسەر شەقامەکە بپەڕێتەوە، لە خەیاڵات و ئارەزووەکانیدا نوقم ببوو، لەناکاو ئوتۆمبێلێك بەتوندی خۆی پێدا کێشاو بەتوندی فڕێی دایە ناوەڕاستی شەقامەکە.

شەقایق ئەو ڕۆژە دڵی بەجۆرێ خورپەی دەکردو هەواڵی ڕووداوێکی ناخۆشی دەدا، لەگەڵ دەنگی ستاپی ئوتۆمبێلەکەدا ئەو و قوتابییەکانی تر کە لە حەوشەی قوتابخانەکەدا بوون بەرەو شەقامەکە ڕایان کردو لەناکاو لەگەڵ لاشەی نیوەگیان و خوێناوی دایکیدا ڕووبەڕوو بوویەوە، بەتوندی زریکاندی و خۆی خست بە سەر لاشەی دایکیدا. بەهاوکاری خەڵکی و کاربەدەستانی قوتابخانە مریەمیان سواری ئوتۆمبێل کرد و ئەویان بەخێرایی گەیاندە نزیکترین نەخۆشخانە.

دەنگی گریان و هاواری شەقایق دڵی هەموو ئامادەبووانی دەهێنایە ژان، ئەو بەردەوام دەپاڕایەوە کە خواوەند بەزەیی پێیاندا بێتەوە و دایکی ڕزگار بکات.



Scanned with CamScanner

کاتێك گەیاندیانە نەخۆشخانەو زۆر بەخێرایی خستیانە بەشی چاودێری تایبەتەوە، شەقایق دەستی بەکەمەری پزیشکەکانەوە گرتبوو لەگەڵ پاڕانەوەو گریاندا داوای لێ دەکردن دایکی رزگار بکەن.

پزیشکەکان هەر رۆژەی شاهیدی مەرگی چەندەها کەس بوون لەو نەخۆشخانەیەدا، بەڵام بە بینینی شەقایق و تکا و لاڵانەوەکانی لەگەڵ هەموو ئەو ڕووداوانەی کە ئەوان بینیبوویان جیاوازی هەبوو.

شەقایق بەخێرایی تەلەفۆنی لەگەڵ ماڵەوەدا کرد و شاهینی پورزای لەو کارەساتە ئاگادار کرد، شاهین بەشپرزەیی خۆی گەیاندە نەخۆشخانە، بەبینینی چاوە سووروو پڕ لەفرمێسکەکانی شەقایق ئارامی لێ هەڵگیرابوو ئەویش دەنگی گریانی هەڵبڕی، بێ ئارامییەکانی ئەو دوو لاوە سەرنجی هەموانی بۆ لای خۆی ڕاکێشابوو، باوەگەورەو دایەگەورەی شاهین کاتێك لەو ڕوداوە ئاگادار بوون بەخێرایی خۆیان گەیاندە نەخۆشخانەو کاری پێویستیان ئەنجامدا.

مریەم بێ هۆش بور ئەو حاڵە تاکوو دوو هەفتە درێژەی کێشا، شاهین و شەقایق هەموو شەوێك دەست بەنزابوون و لەخوداوەند داوای سەلامەتی دایکیانیان دەکرد، لەپاش دوو هەفتە هەوڵی پزیشکەکان بێ ئاکام بوو، مریەم لەمانگی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٧٤ی هەتاوی لەپاش دوو هەفتە بێ هۆشی ماڵئاوایی لەم جیهانە کرد.

ئێستا شاهین و شەقایق پەناگەی ئاسوودەییان لەدەست چووەو دەبوو بەپێشوازی ئەو گرفتانەوەبچن کە لەدوای مەرگی مریەم بەرۆکیانی گرتبوو لەگەڵیدا ڕووبەڕوو ببنەوە، ئەوان هێشتا لەدوو لاو زیاتر نەبوون و خەو و



Scanned with CamScanner

پشوودانیان نەبوو. بەردەوام دەچوونە سەر جێگاکەی ئەو، بەڵام ئێستا بە مەرگی مریەم شەکەت و حەپەساوتر لە پێشوو چاویان لەئاییندە بڕیبوو.

بەمردنی مریەم، تاکە بەجێماوی ئەو پێنج کەسە شیرین بوو کە بەو شێوەیە بەهەمان حاڵەتی دەروونییەوە لە نەخۆشخانە کەوتبوو، باوە گەورەی شاهین لەبەر ڕێزی مریەم کە بەهەوڵ و کۆششە زۆرەکانی نەوەتاقانەکەی بەو جۆرە پەروەردە کردبوو، چاکەیەکی زۆری بەسەر ئەوان و شاهینەوە هەبوو، مەراسیمێکی پڕشکۆی بۆ بەخاك سپاردنی سازکرد.

شاهین و شەقایقیش بۆ دوایین جار خواحافیزیان لەتەرمی خالۆژن و دایکی خۆیان کرد و ئەویان بەخاك سپارد، خەمی لەدەستدانی خۆشەویست و میهرەبان و ئازیزیان بەشیوەن نیشاندا، ئەوان بۆ ماوەیەکی زۆر دڵتەنگ و خەمبار بوون و یادەوەرییەکی زۆریان لەگەڵ ئەودا هەبوو کە بیرکردنەوە لەو یادەوەرییانە زیاتر ئازار ی دەدان، ونبوون و لەدەستدانی کەسێك کە بۆ ئەوان وەك دایك و باوك وابوو گەلێك سەخت و دڵتەزێن بوو، ئەو خالۆزا و پوورزایە بڕیاریاندا کە بەهەوڵ و تێکۆشانی خۆیان لەخوێندن بەردەوام بن.

شاهین و شەقایق بەتەواوی لەساڵەکانی.... و...... لەو بەشەی وا ئارەزوویان دەکرد کە پزیشکی و دەروونناسی بوو وەرگیران و ئێستا لەو کۆلیژەدا سەرقاڵی خوێندنن.

ئێستا ئەوان دەیانەوێت بەهەوڵی خۆیان و زانیاری پزیشکی و دەرونناسی، شیرین بگەڕێننەوە بۆ دۆخی ئاسایی پێشووی و تاکو لەتەنیشت ئەودا ئومێد بەژیان بەدەست بهێننەوە.



Scanned with CamScanner


شاهین و شەقایق زۆربەی ڕۆژەکانیان لەلای شیرین بەسەر دەبرد ، بەڵکو بتوانن ئەو بگێڕنەوە بۆ ژیانێکی ئارام و ئاسایی.

تەنها کەسێك کە لەو پێنج کەسە مابێتەوە زیاتر لە بیست ساڵ دەبێت تەمەنی خۆی لەنەخۆشخانە بەسەر دەبات، شاهین و شەقایق کە لەلایەنی سەروەت و سامانەوە گرفتێکیان نییە و ڕۆڵەکانی بێژەن و شیرین ئەو دوو براو خوشکە زەحمەتکێشە چەند مانگێك دەبێت بوونەتە دەستگیرانی یەکتری و ئەوان بە ورەیەکی بەهێز و دڵێکی خۆشەوە دڵنیییان کە سەرەنجام حاڵی شیرین چاك دەبێت و بڕیاریشیانداوە کە مەراسیمی زەماوەندی خۆیان دوای چاك بوونەوەی شیرین و لەتەنیشت ئەودا بە ئەنجام بگەیەنن، ئێستاش ئومێدەوارین کە هەر چی زووتر بە هەوڵی شاهین و شەقایق و زانیاری دەروونناسی شیرین بگێڕنەوە بۆ ژیانی خۆی و بیرەوەرییە زیندووەکانی.

*لەگەڵ هیوای سەرکەوتندا*

*کۆتایی*

# Tonight love bring to end



Writer: roh...hadadipoor
Translated by:fovad kevlosi

لەبڵاوکراوەکانی خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما

Scanned with CamScanner